
# لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە

## ١٨ هەژدە پێشمەرگەی قارەمان

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

چاپی یەکەم بەرگی یەکەم ٢٠١٧





## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: له شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە (١٨ هەژدە پێشمەرگەی قارەمان)

توێژینەوەی: توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەت: توێژینەوە

تایپ: ڕێزان سالح بارزانی

هەڵەچنین: ڕێزان سالح بارزانی و توێژەر

نەخشەسازی ناوەوە و دیزان و بەرگ: توێژەر

چاپخانەی: سەنگەر

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵ: ٢٠١٧

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان ژمار سپاردنی (١٥٥) بۆ ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

شوێنی نووسین: دەڤەری بارزان - گوندی بازێ


ژمارە موبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ Email:Rebwar.ramazan@.yahoo.com

هەموو مافێکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێرست

ناسنامەی کتێب ____ ٢
سەرە قەلەمێك ____ ٥
وتاری مەیان کچی شەهیدی فەرماندە عثمان پیرانی ____ ٩
پەیڤێك لە لایەن عمر یابە ____ ١١

## تەوەری یەکەم

ژیان و خەبات و تێکۆشانی شەهیدان ____ ١٢

شەهید ( محمدطاهر سعید ابابكر ) ____ ١٣
شەهید ( نیهاد خدر علی حسێن ) ____ ٢٤
شەهید ( زێرو حسن کاکەمیر مستەفا ) ____ ٤٠
شەهید ( شێخ عمر حسن فقی احمد ) ____ ٥٦
شەهید ( فرهاد احمد حمد جوجك ) ____ ٦٤
شەهید (عثمان علی حمد خالند) ____ ٦٩
شەهید (نعمان عبدالرحمن حسێن عبدالرحمن) ____ ٨٤
شەهید (صبری عبدالله احمد هادی) ____ ٩١
شەهید ( عبدالوهاب مصطفی فقی حمد ) ____ ١٠٢
شەهید ( عثمان عبدالرحمن مسیح ابراهیم ) ____ ١١٠
شەهید ( رەشید ابراهیم چیچۆ ) ____ ١٢٤
شەهید ( زێرەڤان اکرم عبدالجبار ) ____ ١٢٩
شەهید ( صبری حسن میرزا حسو ) ____ ١٤٦
شەهید ( هیاس حاجی رشو رشو ) ____ ١٥٥
شەهید ( محمد یوسف قادر محمد ) ____ ١٦٥
شەهید ( علی شهاب علی علی ) ____ ١٨٣

شەهید ( سلام معروف حسن محمد ) ____ ١٩١
شەهید ( عزیز سمایل عبدالله محمد ) ____ ١٩٩

**تەوەری دووەم**
**لایەنی پڕاکتیکی ____ ٢١٣**

باسی یەکەم: پرس و ئامانجی توێژینەوە ____ ٢١٤
باسی دووەم: گرنگی توێژینەوە ____ ٢١٤
باسی سێیەم: میتۆدی توێژینەوە ____ ٢١٤
باسی چوارەم: نموونەی هەڵبژێردراو ____ ٢١٥
باسی پێنجەم: سنووری توێژینەوە ____ ٢١٦
باسی شەشەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە ____ ٢١٧
باسی حەوتەم: کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ____ ٢١٧
خستەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی -
زانیاری کەسوکاری بەجێماوانی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش ____ ٢٢٠

**تەوەری سێیەم**
**پێشانگای جیگیر و هەمیشە ____ ٢٣٠**

نموونەی یەکەم:
خۆشەویستی نێوان پێشمەرگەیەکی شەهید و هاوسەرەکەی ____ ٢٣٢
نموونەی دووەم:
زەنگی مۆبایلەکە ____ ٢٣٥
نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بەدیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی کورد و کوردستان ____ ٢٤٠

## سەرە قەڵەمێك

لە شەهیدانی ڕێگای نیشتیمانەوە - چوار ئەفسەری قارەمان، یەكێك لەو كتێبانەم بوو كە لە ساڵی ٢٠١١ چاپ و بڵاوكرایەوە، ئەوكات زۆر خۆشحاڵبووم كە توانیم لە سەر خەبات و تێكوشانی چوار پێشمەرگە و ئەفسەری كورد تۆێژینەوەیەك ئەنجام بدەم، باس لە خۆڕاگری و بەرخودان و بوێری كورد و كوردستانیان بكەین لە ساڵەكانی ( ١٩٤٥ و ١٩٤٦ و ١٩٤٧ ).

ئەمجارەشیان لە سەرهەمان پرۆژە دووەم کتێبی لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە - ١٨ پێشمەرگەی قارەمان چاپ و بلاّودەکەینەوە، ئەمە (١٢) دەوازدەهەمین کتێب و توێژینەوەی چاپکراوەمە.

لەم توێژینەوەیەدا باس لە خەبات و بوێری و ئازایەتی و قارەمانیەتی و خوڕاگری ئەو پێشمەرگانەکراوە کە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆ پاراستی سنوورەکانی کوردستان و دەستکەوت و سەروەری و شەرەف و کەرامەت و پیرۆزیەکانی کورد و کورستان شەهیدبوونیان هەڵبژارد، ئەوان گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆرستان و پاراستنی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان.

دوا سات؟!

دوا دیدار؟!

دوا قسە؟!

دوا خوان و خواردن؟!

دوا پەیوەندی؟!

دوا جار؟!

دوا هەواڵ؟!

دوا یادگاری؟!

دەیان دوای تر، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەمان بوون، هاوسەرێك دواجار چی بەخۆشەویستە پێشمەرگە و شەهیدەکەی وتووە، بە پێچەوانەوەشەوە، چەند چرکە پێش شەهیدبوونی پەیوەندی تەلەفونی بۆ کردووە چیان بەیەکتری وتووە، دایك چی بە ڕۆڵەکە وتووە و باوکیش

بەهەمان شێوە، ئەمانە و دەیان یادگاری تری پڕ لە میهرەبانی و پڕ لە تراژیدیا لەم توێژینەوەدا خراونەتە ڕوو، ئەمە سەرەرای ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پێشمەرگەی شەهید.

لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگویی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.

کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەلگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.

ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خوێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

توێژینەوەکەمان لە سەر سێ تەوەر دابەشکراوە تەوەری یەکەم پێناسی شەهید و وێنەی شەهید و ژیان و خەبات و خۆڕاگری شەهید لەخۆ دەگرێت، لە تەوەری دووەم بەشێوەیەکی پراکتیکی لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی مەیدانیدا کار لەسەر بەجێماوانی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش کراوە. ئەوانەی بەر لە شەهیدبوونیان دانیشتووی گوندەکانی دەڤەری بارزان بوون، بەو واتایە قەزای مێرگەسۆر بە هەر پێنج

ناحیەوە. ئەوانەی گیانی خۆیان فیدای کورد و کوردستان کرد لە ساڵی (٢٠١٤ تاکۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٦).
تەوەری سێیەم پێشانگایەکی هەمیشەیی و جێگیر کە کەل و پەلی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعشی تیدا نمایش کراوە لە خۆ دەگرێت.

گەر بپرسن بۆچی بارزان بۆ تەنیا ئەم دەڤەرە؟
چونکە ئەو ناوچەیە هەزاران داستان و چیرۆکی پڕ لە سەروەرییە لە مێژووی ڕزگاریخوازی کوردستاندا تۆمار کردووە، پۆل پۆل ڕۆلەکانی بەم خاکە بەخشیووە.

لەم کۆی (١٨) پێشمەرگەی شەهیدی قارەمان تەنیا:
(٣) سێ شەهید سەڵت بوون و خێزاندار نەبوون.
(٣) سێ شەهیدیش دوو خێزانیان هەبووە.
(٣) سێ لەم شەهیدانە نەوەی دوای ڕاپەرینن دونیایەك حەز و ئاوات و خۆزگەیان هەبووە.
هەر (١٨) هەژدە شەهیدەکان (١٣٣) کەسیان لە دوای خۆیان بۆ کوردستان بەجێهیشتووە.

توێژەری کۆمەڵایەتی

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

گوندی بازێ - دەڤەری بارزان

٢٠١٧/٢/٢٨

## بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

لەگەل هاتنی شەمشەمە کوێرەکانی تاریکی، ئەوانەی چاویان بە ژیان و خۆشی مرۆڤایەتی هەڵنایەت، یەکەم پەلاماریان بۆ سەر کوردستان و میللەتە ئاشتیخوازەکەمان بوو.

بەلام ئەوەی بە خوێن سەنگەری بەرگری قایم کرد و شکستی بە تیرۆرستانی داعش هێنا، ئەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بوون.

لەم شەڕەنەگریسەدا بەدەیان و سەدان فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان و بە ئەزموون و قاڵبووی خەبات و سەنگەرەکانی کوردایەتی، گیانی خۆیان کردە قوربانی خاکی کوردستان.

بۆیە هیچ شار و گوند و دۆڵ و لوتکەشاخ و ئەوشکەوت و دار و بەرد و پێدەشت و بستە خاکێکی ئەم کوردستانە نەماوە، کە خوێنی ڕۆڵەیەکی شەهیدی بارزانی پێدا نەرژابێ.

ئێمە بۆ شەهیدبوون خۆلقاوین و ئێمە دڵسۆزترین و خۆشەویستترین و نزیکترین ئازیزانی خۆمان پێشکەش بە گەل و نەتەوەو خاکەکەمان کردووە، بۆیە مافی خۆمانە شانازی بە باوکم و گشت شەهیدە نەمرەکانمانەوە بکەین، شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردستان، شەهیدانی دژ بە تیرۆر.

له ساڵی ٢٠١٤ەوە گەلەکەمان بە خوێنی نزیکەی ١٨٠٠ هەزار و هەشت سەد شەهید تۆمارێکی مێژووی لە ڕۆپەری مێژووی دژە تیرۆر تۆمارکرد و پێشمەرگە بووە سۆمبۆلی ئازایەتی و تێکوشان لەشەڕی دژی تاریکی و تیرۆر.

کاروانی خەباتمان هێشتا بەردەوامە، لە مێژوودا بە دەیان هەزار شەهیدمان بەخشیە کوردستان، هیواداریین هیچی تر قوربانی نەدەین، هیچ ڕۆڵەیەکی کوردستان بێ باوك نەبێ، هیچ دایك و باوکێك جەرگ سوتاو نەبن. هیچ خوشك و برایەکیش ڕەش پۆش نەبن، هیچ خاتوون و جوامێرێکیش هاوژینەکەی لە دەست نەدات.

نەمری بۆ شەهیدانی بەرگری و شەهیدانی دژ بە تیرۆر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

سڵاو لەپێشمەرگە کە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی بەرگری لەگەل و خاکی کوردستان.

مەیان

کچی شەهیدی فەرماندە لیوا عثمان پیرانی

## پەیڤێك

ئەم کتێبەم لە سەر ئەستووی خۆم چاپکردووە لە بەر سێ هۆکار:

یەکەمیان: خزمەتێکی بچوك بۆ پۆلێك لە شەهیدانی کوردستان، لە سایەی ئەم شەهیدانە ئەمرۆ ئێمە ئارام و ئازادین و وڵات ئاوەدانە.

دووەم: وەفایەك بۆ شەهیدی فەرماندە لیوا عثمان پیرانی و هاوسەنگەرانی و هەر ١٧ شەهیدی تری قارەمان کە لەم کتێبەدا ناویان هاتووە.

سێیەم: وەك ڕێز و وەفایەك بۆ هەڤال و کورە شەهیدی باوك جینۆسایدکراو (ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی) مرۆڤێکی ماندوونەناس کە خزمەتێکی گەورەی دەڤەری بارزانی کردووە، سەرەرای ئەو نووسین و توێژینەوانەی ئەنجامی داون و ئەنجامی دەدات، ڕۆژانە لەبەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکات، کە مرۆڤ کە دەچیتە بەرێوەبەرایەتی وا هەست دەکات لەماڵی خویەتی، چونکە ئەو خزمەتانەی ئەو بەرێوەبەرە پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدان دەکات لە ڕادەبەدەرن و مرۆڤێکی خاکی و کۆمەڵایەتی و بەرێوەبەرێکی خزمەتکار و سەرکەوتوو، بەڕاستی ئەم کورە شەهیدە شایەنی هەموو ڕێزلێنانێکە، بە ئومێدی سەرکەوتن و بەردەوامبوون لەم خزمەتە جوان و پڕ لە میهرەبانیەی ئەنجامی دەدات.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، سەرووەریان بارزانی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە لە یاد.

عمر یابە

٢٠١٧/٢/٢٨

# تەوەری یەکەم

# ژیان و خەبات و تێکۆشانی شەهیدان

# شەهید ( محمدطاهر سعید ابابکر )



## پێناسی شەهید ( محمدطاهر سعید ابابکر )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٥١ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٢٨ / ٨ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | نەخوێندەوار |
| دوا پلەی شەهید | مقدم |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٦٣ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٨ - وڵاتی ئێران |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | هێزی ٣٢ تایبەت |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | زوومار |
| هۆی شەهیدبوون | تی ئێن تی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | تێل - کۆمەڵگای وڵات ژێری (دازان) |

# شەهیدی کوری شەهید
# محمدطاهر سعید ابابکر

لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی تێل ناحیەی بارزان قەزای مێرگەسۆر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو چاونەترس لە دایکبووە و پەروەردەکراوە.
لە ساڵی ١٩٦٧ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، لەتەمەنی (١٨) ساڵی دا واتە ساڵی ١٩٦٣ بیر لە خەباتی کوردایەتی دەکاتەوە پەیوەندی بە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەرین و هتد.. دەکات.
بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردن تاکۆ خانەنشین دەکرێت لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەڤاڵەکانی باس لە کەسایەتی شەهید دەکەن بە کەسێکی چالاك و قارەمان و ڕاستگۆ هەڵی دەسەنگێنن لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و بەشداری چەندین داستانی کردووە.
لە ساڵی ١٩٧٥ بە زۆرەملێی ڕادەگوێزرێن بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق گوندەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکرێن و ناوچەی بارزانیش بە ناوچەیەکی قەدەغەکراو لە قەلەم دەدرێت، لە ئۆردووگایە بیابانیەکانی باشووری عێراق لە دیوانیە و دەوروبەری لە چەند ئۆردووگایەکی تایبەتدا نیشتەجێ دەکرێن، بیابانێك کە بەهیچ شێوەیەك جێگای ژیان نەبوو، بەتەواوی پێچەوانەی سروشت و ژینگەی دەڤەری بارزان بوو، خێزانە بارزانیەکان لە کەسانی بەرهەمهێنەر و جۆتیار و ئاژەڵدارەوە، گۆڕان بۆ کەسانی بەکاربەرو بێکار لەم بیابانە ڕۆژانە زیاد لە (١٠) کەس بەهۆی پیسی ئاو و گۆڕینی کەش و هەواو ژینگەکەی دەمردن، بەتایبەتی منداڵ و ئافرەتی بە تەمەن، تا ئەو ڕادەیە هەندێك جار پیاوەکان فریای

ناشتنی مردووکانیان نەدەکەوتن، ئەمە جگە لە گۆڕینی زمان داب و نەریت و کلتۆر لەو ناوچە عەرەبنشینانە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جینۆسایدێکی زەقی ئابووری و کلتۆری فەرهەنگی و رۆشنبیریە.

دوای پێنج ساڵ بەسەر بردنی ژیانێکی کۆڵەمەرگی لەم ئۆردووگایە، جارێکی تر شەهید و خانەوادەی شەهید و گشت خانەوادە بارزانیەکانی تر لە ساڵی ١٩٨٠ دووبارە ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردووگایە زۆرەملێیەکانی دەشتی قوشتەپە لە ئۆردووگای قودس و قادسیە نیشتەجێکران، نەك شوێنی ڕەسەنی خۆیان کە دەڤەری بارزان بوو.

لەبەربەیانێکی زوودا لە کۆتایی تەمووزی ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق و گاردی کۆماری و پیاوانی سەدام حوسێن و دار و دەستەکەی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە چواردەوری ئەم ئۆردووگایانەیان گرت و تەنانەت لە ئۆردووگای قادسیە سودیان لە تانك و هەلیکۆپتەری سەربازی وەرگرت بۆ ترساندن و دەستگیرکردنی ڕەگەزی نێری بارزانیەکان، کە بەچەند قوناغێك (٨٠٠٠) هەشت هەزار پیاوی بارزانی دەستگیرکران و دواتر لە بیابانەکانی باشووری عێراق کومەڵکۆژکران، شەهید زۆر ئازایانە توانی خۆی لەم پرۆسەیە ڕزگاری بکات و بەرەو ناوچە قەدەغەکراوەکانی بارزان بچێت، بەڵام بەداخەوە لە پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان دا باوك و دوو برای شەهید محمد طاهر و بەهەمان شێوە باوك و دوو برای هەیبەتی هاوسەری شەهید محمد طاهر جینۆساید و کۆمەڵکوژکران، ئەمە جگە لە سەدان پیاو لە خزم و کەسەکانیان.

بە نهێنی ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی لە گوندی تێلی سەر بە دەڤەری بارزان بەسەر دەبات و دەست دەکاتەوە بە خەباتی کوردایەتی بۆ ڕزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستان لە ژێردەستی دۆژمنانی کورد و کوردستان، شەهید و خانەوادەکەی لە ئەشکەوت و چیای نزیك گوندەکەیان و جارجاریش لە گوندەکەیان مانەوە تا ساڵی ١٩٨٨ و شاڵاوی ئەنفالی کورد و کوردستان، شەهید ئەمجارەشیان بەر ئەم شالاوە دەکەوێت و خۆی و خانەوادەکەی لە ئەنفالی هەشتی بادینان بەرەو سەر سنووری تورکیا ئاوارەدەبن و دوای مانەوەیان بۆ ماوەیەکی کەم لە وڵاتی تورکیا، ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن بەڵام شەهید هەر بەردەوام دەبێت لە چالاکی حزبی و پارتیزانی و بەبەردەوامی لە وڵاتی ئێران بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەهات و شەڕ و بەرگرییەکی بێ وێنەی لەم دەڤەرە دەکرد و لە چەند شەڕدا بەشداری کردووە، هەر ئەم زیرەکی و لیهاتوویەی شەهید وای کرد لەو ماوەیەدا چەندین پلە و پوست وەربگرێت، لە ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی بەشدار لەم ڕاپەرینە دەکات.

لە ساڵی ١٩٩٥ خۆی خێزانەکەی لە ئاوارەیی وڵاتی ئێران بەیەکجاری دەگەرێنەوە خاکی کوردستان و زێدی باب و بابیرانی و بە گوندەکەی، گوندی تێل شاد دەبێتەوە،

بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و دەردە سەری و ئاوارەبوون و ڕاگواستن و سوتاندن و وێرانکردن و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردنیان لە لایەن دۆژمنانی کورد و کوردستانەوە، جارێکی تر و لە هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن هێزی چەکدارن و گەریلایەکانی

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هێرش دەکرێتە سەر بەشێکی ناوچەی کوردستان بەتایبەتی وڵات ژێری و گوندی تێل دەکەوێتە بەر سوتاندن و وێرانکردن لە ئەنجام دا (٥) پێنج هاوڵاتی گوندی تێل کە کەسوکاری شەهید محمد طاهر بوون شەهیدکران لە لایەن چەکدارنی (پەکەکە) وە، جارێکی تر شەهید و خانەوادەکەی و سەرجەم دانیشتوانانی ئەم گوندانەی وڵات ژێری ئاوارەی ئەوبەری چیای شیرین دەبن و لە گوندەکانی بەڕۆژی و هەندێکیانیش لە ناحیەی شیلادزێ سەر بە پارێزگای دهوك نیشتەجێدەبن، شەهید و خانەوادەکەی لە ناحیەی شێلادزی دەگیرسێنەوە.

شەهید محمدطاهر هەر بەردەوام دەبێت لەسەر خەباتی پێشمەرگایەتی و لە دامەزراندنی هێزی (٣٢)ی تایبەت لە دەڤەری بارزان بە فەرماندەی شێخ صباح بارزانی پلەی ئامر بەتالیونی پێ دەبەخشرێت، شەهید لەم دەڤەری چەندین چالاکی لەشکری ئەنجامدەدات ئەمەش وای کرد پلەی (نقیب)ی پێ بەخشرا، بە (حرکات)ی هێزی (٣٢) دادەمەزرێت.

شەهید هەموو کات لەناو پێشمەرگەدا بووە هیچ کات خوی لەوان جیاوازتر نەدەبینی، خۆی وەك فەرماندە پێشان نەدەدا بەڵکو وەك خزمەتکاری پێشمەرگە ڕەفتاری دەکرد.

شەهید کەسێکی قسەخۆش و دڵپاك و خۆشەویست بوو لە لای هەموو پێشمەرگەکان کاتێك شەهید لە جێگایەك دانیشتبوایە پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی لە چوار دەوری کۆ دەبونەوە.

ئەندامی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٦ بەسترا، دوای ئەو هەموو ماندووبون و خزمەت و قارەمانیە،

**پاش ئەوەی کوردستان ئارامی و سەقامگیری بە خویەوە بینی، شەهید محمد طاهر بە پلەی (مقدم) لە ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین دەکرێت.**

**بەڵام پاش چوار ساڵ لە خانەنشینکردنی، دوژمنانی گەل و خاکی کوردستان کە چاویان بە سەروەری ئارامی کوردستانی خوشەویست هەڵنەدەهات، جارێکی تر دوژمنان بە ناوی داعش و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، هێرشیان بو سەرخاکی کوردستان هێنا.**

**شەهید محمدطاهر بەم کردەوانە زۆر نارحەت دەبێت هەرلەم کاتەشدا بانگەوازی جەنابی سەرۆك بارزانی بو خانەنشینان ماموستایانی ئاینی... کە داوای لە خەڵکی کوردستان کرد یارمەتی پێشمەرگەبن بو بەرگریکردن لە خاکی کوردستانی پیرۆز، شەهید محمدطاهر تێلی خوی پێ ڕانەگیراو هەر ئەوە ڕۆژەی واتە ٢٠١٤/٨/٣ کە شنگال کەوتە دەستی چەکدارانی داعش بە سەدان کوردی ئێزیدی زیندەبەچاڵکران و هەزارانیشیان ڕفێنران و ئاوارەبوون. شەهید محمد طاهر لەگەل هێزی (٣٢)ی تایبەت بە ڕێکەوت بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوە، چەندین هێرشی یەك لە دوای یەکی تیرۆرستانی داعش بو سەر چەپەرەکانی هێزی (٣٢) لە گوندی عمر خالد سەر بە ناحیەی زوممار شەهید محمدطاهر دەستێکی کارای هەبوو لە تێکشکاندنی ئەو هێرشانە، بەڵام لە ڕۆژی دەستنیشانکردنی ئوپەڕاسیونی پێشمەرگە بو سەر تیرۆرستان لەلایەن فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٢٨ کە یەکەم ئوپەڕاسیونی پێشمەرگەبوو بو رزگارکردنی خاکی کوردستان لە دەستی تیرۆرستانی داعش، بەڵام بەداخەوە لەم ڕۆژەدا لە پاش**

ئازادکردنی گوندی (عین عوێس)ی سەر بە ناحیەی زوممار بە تەوقیتی توقاندنی بۆمبێکی چێنراو شەهید دەبێت و دەچێتە ڕێزی شەهیدانی بەرگری لە خاکی کوردستان، کە ئەوەش هیوایەتی شەهید محمدطاهر بووە. لەپاش خۆی (خێزان و چوار کور و چوار کچ بەجێدێڵێت).

## باوك هەموو شتێکە

کاتێك لە کور و کچی شەهیدمان پرسی باوك و ڕامانی باوك لەلای ئێوە چیە؟ پێناسەتان چیە بۆ باوك؟

جوتیاری کوری شەهید لە وەڵامدا وتی:"باوك وشەیەکە وەسف ناکرێت دایك و باوك پێناسەیان نیە، چونکە ئەوان هەموو شتن".

هودای کچی شەهیدیش وتی:"کاتێك گوێ بیستی وشەی باوك دەبم شوك دامدەگرێت و هەموو گیانم دەلەرزێ و هیچ وشەیەك نیە لە ئاست گەورەیی و میهرەبانی باوك دابێت، باوك هەموو شتێکە".

## بەقاچەکانی ڕوویشت، بەڵام لەناو دارەبەستێك گەڕایەوە

لە درێژەی قسەکانیدا هودا وتی:"ناخۆشترین شت تا ئێستا لە ژیانم دا بینیبێتم شەهیدبوونی باوکمە، کاتێك باوکم چوە سەر ئەرکەکەی خودا حافیزی لێ کردم وتی:(کچەکەم ئەمە شەڕی مان و نەمانە). لە پێش چاوم باوکم جانتاو چەکەکەی کردە شان و بە قاچەکانی ڕوویشت، بەڵام کە گەڕایەوە ماڵ لەناو دارەبەستێك ئاڵای کوردستانی لەسەر بوو، لەسەر شانی چوار پیاو، بڕوام نەکرد کە ئەمە باوکم بێت تەنانەت نەچومە سەر لاشەکەشی".

## دایکت پێویستی پێتە

جوتیاری کوری شەهید وتی:"دوای پەیوەندی تەلەفونی نێوان من باوکم دوو ڕۆژ پێش شەهیدبوونی بوو، وتی:(کورەکەم تۆ لە ماڵەوە بە دایکت پێویستی پێتە، من وا زوو ناگەرێمەوە تا ئەم دۆژمن و تیرۆرستانە لە کوردستان وەدەردەنێین".

## پێشڤەچون بەردەوامە

بەیاری کوری شەهید دەڵێت:"منیش لەگەڵ باوکم پێشمەرگەبووم نەك من دوو برای تریشم لە هەمان هێزی (٣٢)ین و برایەکی تریشم پێشمەرگەیە، واتە جگە لە باوکی شەهیدم ئێمە چوار برا پێشمەرگەین.

ئەو بەیانیەی کە باوکم شەهیدبوو چەند چرکەك پێش باوکم لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی قسەی خوشیان دەکرد و پلان و بەرنامەی هێرشکردنیان دادەنا منیش لەوێ بووم، ئەوکات زۆر دڵخۆش و دەم بەخەندە بوو باوکم، دواتر ئەوان هێرشیان کرد ئێمەش لە سەنگەری دواترماینەوە لە ماوەی ئەم هێرشکردنە من و باوکم دوو سێ جار پەیوەندیمان بەیەکەوە کرد، باوکم زۆر دڵخوش بوو دەیگوت:(بەرەو پێشڤەچوون بەردەوامە کورەکەم).

کە دوو کیلومەتر لێمان دوورکەوتنەوە، هەر ئەوەندەمان زانی دەنگێکی گەورە هات و لەم ناوە تۆز و غوبار و پارچە ئاسن ئاسمانەکەی تەنی، ئیتر باوکم شەهید بوو".

لە كاتی شەهیدبوونی محمدطاهر تێلی، مقدم احمد محمد علی لەگەڵی دابوو لە یەك ئۆتۆمبێلدا بوون و پێكەوە هێرشیان بۆ سەر دوژمن برد، مقدم احمد دەڵێت:" من و شەهید محمدطاهر و دوو پێشمەرگەی تر لە ئۆتۆمبێلی سەربازی باجەر دابووین، لە ناوچەی عەوێنات بە سەرپەرشتی ڕاستەوخوی سەرۆك مسعود بارزانی، لەلایەن سەرپەرشتانی میحوەرەوە پلان و بەرنامە و كاتی هێرشكردنەكە و دابەشكردنی هێزەكان دیاری كران، ئێمە لە هێزی (٣٢)ی تایبەت هێلی (نەفت)مان پێ ڕاسپێردرا، جادەیەك بە درێژای بۆریە نەوتەكان هەبوو، لە هەر مەودایەك كە لە هەندێك شوێن یەك كیلومەتر لە هەندێك شوێن كەمتر لەم مەودایە بنكەیەكی پاسەوانانی نەوت هەبوو، ئەم شوێنانەش لەلایەن چەكدارانی تیرۆرستی داعشەوە داگیركرابوون. ئێمە لە هێرشكردن بەردەوام بووین بەم ڕێگایە دەرۆیشتین، چەند بنكەیەكمان كۆنترۆڵكرد، لە هەندێك شوێنی جادەكە و بنكەكە و دەوروبەری بە (تی ئین تی) داپوشرابوون، لەم ماوەیەدا نزیكەی (١٨) شوێنی مین ڕێژكراومان دەستیشانكرد، تیمی ئەندازیاری هەڵدانەوە و پۆچەڵكردنی مین، بەدوای ئێمەدا دەهاتن و (تی ئین تی) و مینەكانیان پۆچەڵدەكردەوە، لە هەندێك شوێن وای پێویست دەكرد لە ئۆتۆمبێلەكە دابەزین و بنكەكان بپشكنین دەوروبەری ناوچەكەش كۆنترۆل بكەین، ئۆتۆمبێلی جوری(بەهبەهان)و (هەمەر)ی چەكدارانی داعش لە ڕۆخ شەقامەكە بە جێهێلرابوون، چەكدارەكانیشیان كوژرابون و یان رایان كردبوو، لە نزیك عەوێنات لە ئۆتۆمبێلەكە دابەزین، من چەند مەترێك لە شەهید دوركەوتمەوە ناوچەكەمان دەپشكنی، هەر ئەوەندەم گویێ لێ بوو، دەنگی تەقینەوەیەكی گەورە هات

کە سەیرم کرد محمدطاهر بەشێکی لاشەی سەری لێ ببووە و شەهید ببوو، بە ساچمەی (تی ئێن تی) یەکان، لەگەڵ تەقینەوەی (تی ئێن تی) یەکەش بەهاون و قازیفە و بی کەی سی و چەکەکانی تر گوللە بەرەو رووومان دەهات، هەندێك لە هاوسەنگەرانمان هاتن و لاشەی شەهیدیان برد، ئێمەش لە هێرشکردن بەردەوام بووین تا گەیشتینە عەوێنات".

تاکتیکی (تی ئێن تی)ەکان بەم شێوەیە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دروست کرابوون، سێ (تی ئێن تی) یان بەیەکەوە گرێدابوو موبایلێکیان خستبویە سەری کە زەنگ بۆ موبایلەکە دەهات یەکسەر (تی ئێن تی) یەکە دەتەقێتەوە.

## شەهید ( نیهاد خدر علی حسێن )



## پێناسی شەهید ( نیهاد خدر علی حسێن )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ٢٧ / ٢ / ١٩٩٠ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٢٧ / ٩ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | نایف عریف |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ٢٠٠٨ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندابووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی ١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | زوممار |
| هۆی شەهیدبوون | گوللەی هاون |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی کەونە گوند |

# شەهید نیهاد خدر علی حسین

لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەو وڵاتانەی مەرجبێت گەنجەکان لە ڕەگەزی نێر لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا سەربازی بکەن، هەر زوو گەنجەکان بە دوای بیانۆیەك دەگەڕێن بۆ ئەوەی خویان لەم ئەرکە سەربازییە بەدور بگرن و نەچنە سەربازی، تەنانەت لە هەندێك وڵات کرین و فروشتن بەم کارە دەکرێت و تا ئەو ڕادەیەی هەندێك لە گەنجەکان قاچ و دەست و شوێنی خویان بریندار دەکەن بۆ ئەوەی لەم ئەرکە سەربازیە ڕزگاریان بێت، یاخۆد ڕاپۆرتی ساختە و ناسنامەی ساختەو کۆمەڵێك بیانووی تر، ئەمانە هەمووی ڕۆژانە لە هەواڵەکانی جیهانی دەبینین و دەبیستین، بەڵام لە کوردستانی مندا ڕێك ئەم کارە پێچەوانەیە، گەنجەکانمان ساڵنامەیەکیان بەدەستەوەیە، ڕۆژەکان دەژمێرن بۆ ئەوەی تەمەنیان ببێتە هەژدە ساڵ و بچن خویان وەك پێشمەرگە ناو نووس بکەن، لە وڵاتی ئێمەدا ئەم کارەش ئارەزوومەندانەیە نەك سەپێنراو، تەنانەت هەندێك لە قوتابیان بڕوانامەی هەرە بەرزیش بەدەست دەهێنن، بەڵام پێشمەرگایەتیان پێ پیرۆزترە و خویان دەکەن بە پێشمەرگە.

پێشمەرگایەتی لە فەرهەنگی نیشتیمانی ئێمەدا پڕ سەرووەریترین ئەرکە، گەنجانمان بە شانازییەوە دەڵێن:"من پێشمەرگەم".

ئەمڕۆ لە جیهانا و لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێشمەرگە بووتە سمبولی ئاشتی و تەبایی و ئارامی نەك تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو بۆ سەرانسەری جیهان.

شەهید نیهادیش یەكێك لەو گەنجانەی هەر زوو ڕۆژمێری بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی تەمەنی بگاتە ١٨ هەژدە ساڵ و پێشمەرگایەتی بكات، خوشترین ساتەكانی ژیانی تا تەمەنی ١٨ هەژدە ساڵی ئەوكاتە بوو كە بوو بە پێشمەرگە.

پێشمەرگەیەكی قارەمان و ڕوشنبیر و هوزانڤان و دڵدار و خوشەویست و ڕاستگو و جوان و میهرەبان.

## بابزانین ئەم پێشمەرگە شەهیدە كێە؟

نیهاد خدر علی حسین؛ لە ڕێكەوتی (١٩٩٠/٢/٢٧) لە دایكبووە لە ساڵی ٢٠٠٨ بووەتە پێشمەرگە لە فەرماندەی هێزەكانی پشتوانی یەك، دواجار لە گوندە خنجیلانەكەیان (كەونە گوند)ی سەربە(ناحیەی مەزنێ لە قەزای مێرگەسۆر) ژیانێكی سادە و پڕ لە خۆشەویستی بە سەر بردووە، دایك و باوكی شەهید نیهاد لە ژیاندا ماون و شەهید (٩) براو (١) یەك خوشكی هەیە.

تەنیا توانی بۆ ماوەی (٤) ساڵ لە گەڵ خۆشەویستەكەی ژیان بەسەربەرێت، تەنیا (٧) مانگ توانی بڵێت من كورێكم هەیە و ناوی (بیرهات)ە، لەم حەوت مانگەش زیاتر لە نیوەی ئەم ڕۆژانە لە ئەركی پێشمەرگەیەتدا بوو، بەو واتای تەنیا سێ مانگ و نیو توانی بە دیدار و زەردەخەنەكانی بیرهات شاد بێت و لە باوەشی بگرێت.

بەداخەوە لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٩/٢٧ بەدەستی چەپەڵی تیرۆرستانی داعش لە میحوەری زوومار لە ئەنجامی ساچمەی گوللە هاوەنێك كە لە پشتی

سه‌ری که‌وتبوو نیهاد و هاوڕێ و هاوسه‌نگه‌ره‌که‌ی (سه‌ربه‌ست مزوری) شه‌هیدبوون و چوونه ڕیزی نه‌مرانه‌وه.

خه‌رمانی خۆشه‌ویستی ئه‌م گه‌نجه شه‌هیده که‌متر نیه له داستانی عه‌شقی مه‌م و زین و شیرین و فه‌رهاد و سه‌دان داستانی تری خۆشه‌ویستی، من هه‌میشه کوردستانم به نیشتیمانی خۆشه‌ویستی و قاره‌مانیه‌تی ناسیووه، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئه‌م نیشتیمانه کراوه‌ته چوار پارچه و عه‌شق و قاره‌مانیه‌تیه‌کان یان بوون به‌موڵکی ده‌وڵه‌تی داگیرکه‌ر یانیش له بیر بران و یانیش ناشرین کران.
((ئیلاهی چ مه‌خلوقێکی گوناحین))
به‌فرینی خێزانی شه‌هید زۆر به پاکی و میهره‌بانی باسی له خۆشه‌ویستی نێوان خوی و هاوسه‌ره شه‌هیده‌که‌ی ده‌کرد هه‌ندێك جاریش به هه‌نسکی گریان و هه‌ندێك جار بۆ ماوه‌یه‌ك ده‌وه‌ستا و دواتر ده‌ستی ده‌کرده‌وه به قسه‌کردن.

## دوو ساڵ خۆشه‌ویستیمان کرد

به‌فرینی خێزانی شه‌هید ده‌ڵێت:" دوو ساڵ خۆشه‌ویستیمان کردو دواتر شه‌هید نیهاد هاته خوازبێنیم و منیان پێشکه‌ش کرد، من ئه‌وکات قوتابی بووم، له ساڵی ٢٠١٠ به خۆشه‌ویستی شووم به نیهاد کرد و ژیانی هاوسه‌رگیریمان پێکهێنا، تا شه‌هیدیش بوو من هه‌ر قوتابی بووم".

## خوزگە من و تۆ ئێستا شایی و زەماوەندی خومان دەگێرا

لە بەردەوامی قسەکانیدا بەفرین دەڵێت:" دوا شەو من و نیهاد لە پێش تەلەفزیون دانیشتبوین وتم ئەچم چایەت بۆ دەهێنم، چونکە زۆر حەزی لە چایە بوو، دەستی گرتم وتی:(نا مەڕۆ وەرە لەلام دانیشە)، دەستیکرد بە گێرانەوەی یادگاریەکانی سەردەمی خۆشەویستیمان و کۆمەڵێك یادگاری تر، دواتر وتی: (خوزگە من و تۆ ئێستا شایی و زەماوەندی خومان دەگێرا، زۆر بەختەوەرم کە تۆ خێزانی منی لە ناو هاورێیانم شانازی بە تووە دەکەم، سەربڵندم بە تۆ زۆر بە بەختم کە خێزانێکی وەك تۆم هەیە). سەرم سورما! لە قسەکانی وەك ئەوە وابوو کەیەکەمجارە دەمبینێ، تازە دەیەوێ داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیریم لێ بکات، ئێستاش شوك دام دەگرێت کە بیرلە قسەکانی ئەو شەوی دەکەمەوە".

## ئەگەر مردم
## زوو زوو وەرە سەر قەبرم

"لاپەرەکانی ئەلبومی هەڵدەدایەوە سەیری وێنەکانی دەکرد، لەناکاو وێنەی ئاموزایەکەمی بینی کە کۆچی دوای کردبوو، زۆر بوی دڵگران بوو، وتی: (بەفرین ئەگەر مردم زوو زوو وەرە سەر قەبرم چونکە دڵنیابە لەناو گۆڕیشدا بیرت دەکەم)".

## کە منداڵەکەمان لە دایکبوو نیهاد لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دابوو

"قوتابی زانکۆ بووم لە قۆناغی سێیەم بووم کە خودا منداڵێکی پێ داین، کە منداڵەکەمان لە دایکبوو نیهادی هاوسەرم لە ئەرکی پێشمەرگایەتی

دابوو، تەلەفونی بۆ دایکم کردبوو من ئەو کات ئاگاداری نەبووم، بەڵام کە نیهاد لە ئەرك گەڕایەوە ئەمەی بۆ گێرامەوە و وتی:(ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بوی تەلەفونم بۆ کردی دایکت وەڵامی دایەوە، بەڵام گوێم لە دەنگی ناڵە و ئازارەکانت بوو زۆر دڵگران و دڵتەنگ بووم، زۆر هەوڵمدا لە ئەرکدا بگەڕێمەوە و بێمە لات، بەڵام دایکت ڕێگەی نەداو وتی:(درەنگە شەوە نابێت بگەڕێیتەوە توش ئەرکێکی گەورەت لەسەر شانە خەمی بەفرینت نەبێت ئێمە لەلای بەفرینین)".

## کە بوو یەکە مجار بیرهاتی بینی

بەفرین بەردەوام بوو وتی:" کە ئەرکی پێشمەرگایەتی نیهادی هاوسەرم تەواو بوو، گەڕایەوە ماڵەوە من لە ماڵی دایکم بوم، هاتە ژورەوە هەر بە پەلە پەل ئەحول پرسی لە ئێمە کرد بە دڵخوشی و دەم بە خەندەیەکی زوروە بەرەو لای بێشکەکەی چوو پەردەی لەسەر سەری کورەکەمان بیرهات لادا، دەیویست ماچی بکا و دڵیشی نەدەهات و زۆریش حەزی دەکرد.

ناوی کورەکەمان بە ڕەزامەندی هەردوکمان بوو، نیهادی هاوسەرم لە ڕادەبەدەر بیرهاتی خۆشدەویست، هەمیشە دەیگوت:(بەفرین زۆر ئاگاداری بیرهات بە با هیچ کەم و کۆرتی نەبێ با برسی نەبێ با سەرمای نەبێ زیاتر گرنگی بە بیرهات بدەن نەك من)".

## ئەو كات تێر تێر ماچی دەكەم

"دواجار كە چووە ئەركی پێشمەرگایەتی و كە نەگەڕایەوە، چوە لای كورەكەمان بیرهات بۆ ئەوەی ماچی بكات، بەڵام كە بینی بیرهات خەوتووە دڵی نەهات لە خەوی هەڵبستێنێت، وتی: (ئەم جارەیان بە نیازم چەند ڕۆژێك موڵەت وەرگرم و بگەڕێمەوە ئەو كات تێر تێر ماچی دەكەم)".

## جار جار نیهاد ئاوڕی دەدایەوە

"نیهادم بەڕێكرد لەگەڵی چووم هەتا بەر دەگای حەوشە و ڕەختە و جانتاو شتەكانی ترم خستە دەستی ئیتر ئەوان ڕوویشتن من لە بەر دەرگا بووم تا ئۆتۆمبێلەكەیان ئاوا بوو، بینیم جار جار نیهاد ئاوڕی دەدایەوە جارجاریش لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەوە سەیری دەكردم، ئەو بەیانیە زۆر زۆر دڵتەنگ و دلگران بووم".

## هەمیشە خۆم دەرازێنمەوە پاشان دەچمە سەر گۆڕەكەی

بەفرین بەهەنسكی گریانەوە وتی:"ئێستاش بە شتێك دلگران ببم و عاجز و غەمبار ببم پەنا بۆ گۆڕی هاوسەری شەهیدم نیهاد دەبەم، بەڕاستی لەوێ هەست بە ئاسودەیی و دڵفراوانیەكی زۆر دەكەم، هەرگیز نەم ویستووە لەسەر گۆڕەكەی بگرییێم هەمیشە لە ڕێگا كاتێك دەروم یاخود كاتێك دەگەڕێمەوە ئەو كات دەگریێم، بەراستی زۆر ئەستەمە بتوانم خۆم ڕاگرم، بەڵام خوم ڕادەگرم لەسەر گۆڕەكەی فرمێسك نابارێنم هەمیشە خۆم دەرازێنمەوە پاشان دەچمە سەر گۆڕەكەی، هەوڵ دەدەم

ڕۆخسارم عاجزیی و خەمباریی و شەکەتی پێوە دیار نەبێت، چونکە ئەو وشانەم دێتەوە یاد کە دوا شەو شەهید وتی:(کە مردم زوو زوو وەرە سەر قەبرم من بیرت دەکەم ...). بویە وا هەست دەکەم کە دەمبینێت".




بەفرین لە سەر گۆڕی شەهیدی هاوسەری

## هەرگیز خواردنی تەبسی ناخۆم

"دوا خواردن تەپسیم بۆ لێنا زۆر بەتام و چێژەوە دەیخوارد، دەیگوت:( زۆر خۆش و بەتامە کە لە ئەرك گەڕامەوە دووبارە ئەم خواردنەم بۆ

دروست بکەرەوە)، بەڵام ئیتر ڕوی و نەگەڕایەوە، منیش ئیتر ئەو خواردنە (تەپسی)م نەخواردوتەوە و هەرگیز نایخومەوە".

## سۆز بێت کە ئەم جارەیان گەڕامەوە

"هەمیشە بە منی دەوت:(خەمی منت نەبێ ئەو شوێنەی منی لێم شەڕی لێ دورە)، وتی:(سۆز بێت کە ئەم جارەیان گەڕامەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەو شوێنە کە منی لێم بووت بگرم بۆ ئەوەی دڵنیابی کەمەترسی لەسەر ژیانم نیە، چونکە ئێمە لە هێزی پاڵپشتین)، دەی کوت:(چونکە دەزانم لەو ڕۆژەی دەچمە ئەرك تا دەگەڕێمەوە دڵت لە لامە و خەمی منتە، مەترسە انشاالله پارێزراو دەبین)".

## چاوەڕێمە، نمرەکانت وەرنەگرتەوە

"لە دوا پەیوەندی تەلەفونیدا کە بومی کرد بەر لە شەهیدبوونی من لە ماڵی مامم بۆم، نیهاد وتی: (ئێوە چونن؟ ئەوان چونن؟ بیرهات چونە؟ چی دەکات، خەمی منتان نەبێت من زۆر باشم). دواتر وتی:(نمرەکانت وەرنەگرت زۆر حەزدەکەم و چاوەڕێمە بزانم نمرەی باشت بە دەست هێناوە).

ئەوکات من قوتابی قۆناغی سێی بەشی مێژووی زانکۆی سۆران بووم، دەبۆم بە قۆناغی چوار، دوای شەهیدبوونی نمرەکانم وەرگرت زۆر دڵگران بووم کە ئەوم لە لانیە کەسیشم نیە مژدەی سەرکەوتنم پێ ڕابگەێنم. لە قۆناغی دواتر واتە کە بووم بە قۆناغی چوار لە زانکۆ هەر هەنگاوێکم

کەدەهاوێشت بیرم لە ئامۆژگاری و هاندان و پاڵپشتی نیهادی هاوسەرم دەکردەوە، چونکە هەمیشە هانی دەدام کە بخوێنم.
شەهیدیش زۆر حەزی لە درێژەدان بە خوێندن بوو، بەڵام هەر لە سەرەتایی وازی لە خوێندن هێنابوو، دوو جار هەوڵی دا لە خوێندنی دەرەکی بخوێنێت، بەڵام بە هۆی قۆرسی ئەرکەکەی دەرفەتی بۆ نەرەخسا".

## شەهیدبوونی نیهاد هێزو توانای پێ بەخشیم

"من لەو قۆناغەدا مەبەست قۆناغی چوارە زۆر دەترسام سەرنەکەوم، چونکە هەستم دەکرد بێ ئەو من لاوازم کەسیش نەبوو هانم بدات، بەڵام لەبەر خاتری ئەو هەرچونێك بێت هەوڵمدا توانیم زاڵبم بەسەر بیر و خەیاڵەکانم و بەردەوام بووم و درێژەم بەو قۆناغەی خوێندنیشم دا سەرکەوتوش بووم، دڵنیام شەهیدبوونی نیهاد لەم قۆناغەشدا وەك پێشوتر هێزو توانای پێ بەخشیم".


## (قورئانی پیرۆز)م بە دیاری بوی هێنا

"هەموو ڕۆژەکانی من و ئەو پڕ لە خوشیبوون، هەر ڕۆژێك تام و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام یەکێك لە ڕۆژە هەرە خۆشەکان بە لای نیهادی هاوسەرمەوە ڕۆژی لە دایکبوونی بوو، ئەو لە یادی کردبوو منیش لە دەوام بووم چۆم (قورئانی پیرۆز)م بە دیاری بۆی هێنا زۆر دڵخوش بوو هەمیشە باسی دەکرد تا شەهیدیش بوو هەر لەسەر ئەم

قورئانە دەیخوێند، وتی:(گەورەترین و مەزنترین و پیرۆزترین دیاریت بۆ هێنام)".

## ئەگەر گۆرانیەکی غەمگین لەسەر شاشەی تیڤی هەبوا

"شەهیدی هاوسەرم هەرگیز باسی شەهیدبوونی هاوسەنگەرەکانی بوی نەدەکردم ئەگەر بیزانیبوایە بە شتێك دلگران و عاجز دەبم باسی نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر گۆرانیەکی غەمگین لەسەر شاشەی تیڤی هەبوا ئەچوو ئەیکوژاندەوە، دەی وت:(نابێت تۆ دلگران عاجزببی)".



هندێك لە یادکارییەکانی شەهید نیهاد کە لەناو جانتاو گیرفانیدابوون

## وتی بابە


بەفرین لەبەردەوامی گێڕانەوەی یادگارییەکانی لەگەڵ هاوسەرە شەهیدەکەی، گوتی:"(کاتێك بیرهات بۆ یەکەم جار قسەی دەکرد هەر چەند ئێمە تێی نەدەگەیشتین، بەڵام نیهادی هاوسەرم پێداگری دەکردو دەیگوت:(وتی بابە)، هەمیشە گفتۆگۆمان بۆ لەسەر ئەم وشانەی بیرهات، نیهادی هاوسەرم ڕەنگ ئەسمەر بوو، منیش ڕەنگ و ڕوخسارم سپی تر بوو منداڵەکەشمان بیرهات سپی بوو، هەر کەسێك بیرهاتی بدیتایە دەیانگوت: (بە دایکی دەچێت)، بەڵام شەهید نیهادی هاوسەرم دەیگۆت:(نا بیرهات وەکو منە بە من چووە) ... ئاخ بۆ ئەو ساتانە و بۆ ئەم دەمەقالێیانەمان چەند خوشبوون پڕ لە واتا و عەشق و میهرەبانی، چەند دڵخوش بووم کە دەمەقالێمان لەسەر ئەم بابەتانە دەکرد)".

## زۆر حەزی لە گەشتوگوزار بوو

"نیهادی هاوسەرم کوڕێکی زۆر سادەبوو زۆر ڕاستگوبوو هەمیشە بۆ شتەکان ڕای منی وەردەگرت تەنانەت بۆ بچوکترین شتیش، زۆر جاریش ڕای منی زیاتر پەسەند دەکر لە ڕای خۆی هەمیشە ڕێزی لە ئێمە و هاورێیانی دەگرت زۆر حەزی لە گەڕان و گەشتوگوزار بوو، هەمیشە منی دەبردە پارك و شرینەمەنی و جێگای خۆش، ئەگەر لە گەڵ هاورێیانیشی بچووبایە گەشت سەرەتا ڕاو ڕەزامەندی منی وەردەگرت، منیش بۆ هەموو شتێك بەهەمان شێوەی ئەو ڕاو ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئەوم لە هەموو شتێك بەلاوە گرنگ تر بوو".

## زۆر حەزی لە ڕەنگی سپی بوو

"شەهید نیهادی هاوسەرم هەمیشە حەزی دەکرد من ڕێکوپێك و شیك بم بە تایبەت کە دەچوومە دەوامی زانکۆم هەوڵی دەدا هیچ کەم و کورتیەکم نەبێت، تەنانەت لە جۆری جل و بەرگ و ڕەنگی جل و بەرگ جۆر و شێوازی ڕوخسار لە هەموو شتێك هاوکاری دەکردم، منیش لەسەر ڕەزامەندی ئەو جۆر و ڕەنگی جل و بەرگەکانم هەڵدەبژارد، زۆر حەزی لە ڕەنگی سپی بوو، ڕەنگ سوریشی خۆشدەویست".




**یەکێك لە یادگاری و شیعرەکانی شەهید بە دەست و خەتی خوی، لە گیرفانیدابوو.**

## ئەم شەو شەوی دابرانە
## شەوی کۆچ و دەست بەردانە

لە دوا پۆستی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا شەهید کە ئەکاونتەکەی بەناوی کورەکەیەوە بوو (بیرهات نیهاد).

یەکێك لەو شیعرانەی کە هاوسەرەکەی لە سەردەمی خۆشەویستیدا بۆی نووسی بوو، بەهۆی حەز و خۆشەویستی شەهید بۆ ئەم شیعرە، ئەم شیعرە لە لایەن بەفرینی هاوسەرییەوە پێشکەش بە شەهید نیهاد دەکرێت و شەهیدیش وەك بەفرینی هاوسەری خولیا و ئیلهامی شیعریان هەبووە، گۆرانکاری لە شیعرەکەدا دەکات و بە هەندیك وشەی خۆی دەوڵەمەندتری دەکات، واتە شیعرەکە تێکەلەیەکە و لەناخی هەردووکیان هەڵقولاوە، شەهید نیهاد ئەم شیعرە پۆست دەکات و دەنووسیتێت:

**ئەم شەو شەوی دابرانە**
**شەوی کۆچ و دەست بەردانە**
**بۆ ئەم کۆچە گشت عاشقان**
**هەردوو چاویان پڕ گریانە**

**ئەمشەو زەمەن لە بەختی من**
**لە چارەنووس و عەشقی من**
**گشت کۆچە و گولانی شار**
**گوێ ئەگرن لە گریانی من**

**وا دڵم دەروازەی خۆی دەگۆڕێ**

**ژیانم بەرەو تاریکی وا هەڵدەگەڕێ**

................................

**فرمێسکی خوێنیان لێ دەچۆڕێ**

لە کۆتایی پۆستەکەی ئەمەی نوسیووە: ئەم شیعرە لە ناخی دڵمەوە هەڵقوڵاوە پێشکەش بە هەموو هاوڕێیانم، بەو هیوایەم بە دڵی ئێوە بێت، براتان بیرهات.


Birhat Nihad ▶ خەندەی هاوڕێتیان
Xanday hawreyan
00:27

ئەم شەو شەوی دابرانە-شە و ک کۆچ و دە ست بە ر دانە-بۆ ئە م کۆچە کشت عاشقان-هە ردوو چاویان پرکریانە_ئە م شە و زە مە ن لە بە ختی من-لە چارە نوس و عشقی من_کشت کوچە و کۆلانی شار کوی ئە کرن لە گریانی من_وادلم دە روازە ی خۆی دە گۆری_ژیانم بە رە وتاریکی وا هە لدە گە ری_....................فرمیسکی خوینیان لی دە چۆری...ئەم شیعر لە ناخی دلمە هەل قولاوە پیشکەش بە هەموو هاوریانم دە کەم بە وهیوایەم بە دلی ئیوەبیت براتان/Birhat

# شەهید ( زێرو حسن کاکەمیر مستەفا )



# پێناسی شەهید ( زێرو حسن کاکەمیر مستەفا )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٧١ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٣٠ / ٩ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | ناوەندی |
| دوا پلەی شەهید | مقدم |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٨٥ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٥ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | تەقینەوەی خۆکوژی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی هەرماوە |

# شەهید زێرو حسن کاکەمیر

سبەی نا دووسبەی ڕۆژی هەینی یە بیردەکاتەوە ئەم جارەیان بەرەو کام مزگەوت بچێت، لە کام مزگەوت داوا لە خێرخوازان بکات کە پارەی پێ بدەن و پارە کۆبکاتەوە، کە نوێژی هەینی تەواو دەبوو ئەگەر پارەیەکی زۆری دەستکەوتبایە زۆر دڵخوش دەبوو، چەند مانگێك ئەمە پیشەی هەموو ڕۆژانی هەینی شەهید زێرو بوو، هەر جارە و لە مزگەوتێك، هەندێك جار بانگخواز و وتار بێژەکەی مزگەوت لە هەندێك مزگەوتیش ناچار دەبوایە خۆی هەستابایەوەو داوای لە ئامادەبووان کردبوایە بیوتبوایە: (موسلمانان ڕەحمەتی خواتان لێ بێ ئێمە لە گوندی هەرماوە هاتووین دەمانەوێت مزگەوتێك درووستبکەین) هەر کەسێك بە پێی توانای خۆی پارەی پێشکەش دەکرد.

بەڵێ شەهید زێرو کارو ماڵ و پیشە و ئەرکەکانی بەجێ دەهێشت گوند بە گوند و شارۆچکە بە شارۆچکە و شار بە شار دەگەڕا تا پارەی کۆدەکردەوە و دواجار مزگەوتێکی لە گوندی (هەرماوە) درووستکرد، لەسەر شەقامی سەرەکی مێرگەسۆر- سوران.

## ئەو هەینی یە بۆ کام مزگەت بروا

ساریەی خێزانی شەهید زێرو دەڵێت:" کە ڕۆژی هەینی نزیك دەبوو ئەو بیری دەکردەوە کە ئەو هەینی یە بۆ کام مزگەوت بڕوا، چەند پارە کۆبکاتەوە زۆر حەزی دەکرد مزگەوتەکە زوو تەواو بکات، شوکر بۆ خودا بەو پارەیەی کۆیکردەوە توانی مزگەوتێك و هۆڵێکی گەورە بۆ تازیە

درووست بکات لە گوندی هەرماوە، زێروی هاوسەرم هەمیشە دەی گوت:(خوزگە محمدی کورم دەبوو بە مەلاو خەتیب و زانای ئاینی)".

## قوربانیەك بۆ جەژنی قوربان

ساریەی خێزانی شەهید زێرو وتی:"زێروی هاوسەرم ئەو بەیانیەی کە دەیویست بچێتە بەرەی جەنگ من هەندێك پارەم پێ دا وتم:(بیکە بە خێر و قوربانیەك بکرە بۆ جەژنی قوربان لە گەڵ پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانت بیخوون".

## نوێژت کردووە؟!

لە بەردەوامی قسەکانیدا ساریە وتی:"شەهیدی هاوسەرم زۆر موسلمان و ئیماندار بوو هەمیشە قورئانی دەخوێند چوەتە حەج و فەریزەکانی حەجی جێبەجێ کردووە، زۆر جدی و هوشیار بوو لە سەر نوێژ و نزایەکانی، زۆر جار بە ڕۆژو دەبوو تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە شەهید بوو کاتژمێر پێنجی بەیانی تەلەفونی بۆ کردم و وتی:(نوێژت کردووە؟!)، وتی:(منیش تازە نوێژم کرد)، دواتر کاتژمێر هەشت دیسان تەلەفونی کردەوە، من وتم:(من بەرۆژوم ئەمرۆ ئەی تۆ؟)، وتی:(منیش بەنیاز بووم بەڵام ئەمرۆ هێرشکردنەکەمان زۆر گەورە و بەرفراوانە نەمتوانی بە ڕۆژو بم). ساریە دوا جار بە هەنسکی گریانەوە وتی:(من لە ژورەوە ڕاکشابوم و خەوتبوم لە ناوکاو محمدی کورم هاتە ژورەوە و هەواڵی شەهیدبوونی باوکی پێ ڕاگەیاندم)".

## پیاوەکان مزگەوتەکەیان دروووست دەکرد و ئافرەتەکانیش خواردن

محمدی کوری شەهید زێرو دەڵێت:"من هەموو جار لەگەڵ باوکم دەچووم بۆ مزگەوتەکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی پارە بۆ دروووستکردنی مزگەوتەکەمان، جگە لەمەش ڕۆژانی تر واتە ڕۆژی شەممە تا ڕۆژی پێنجشەممە کارمان لەسەر دروووستکردنی مزگەوتەکە دەکرد، باوکم بە هاولاّتیانی گوندی وت:(هەرکەسێك خۆبەشانە و بۆ خێری خۆی بێت بۆ کارکردن لەم مزگەوتە ئەوا سوپاسگۆزار دەبین، هەر کەسێکیش وەك کرێکاری ڕۆژانە کارمان لەگەڵ بکات هەر مەمنون دەبین). دایکم و ماموژنم و خزمانمان مەبەستم ئافرەتەکانە بە بەردەوامی خواردنیان بۆ کرێکارەکان لێ دەنا و سفرەیان ئامادە دەکرد و قاپەکانیان دەشوشتەوە، باوکیشم خواردن و شتەکانی دەکری.

## بە جلی کوردی و جامانەی سورەوە دەچووین

"کاتێك ئێمە دەچووینە مزگەوتەکان دوای ئەوەی مەلای وتاربێژ وتارەکەی تەواو دەکرد و دوعاو نزامان دەکرد دواتر ئێمە هەڵدەستاینەوە دەمان گوت:(موسلمانان ڕەحمەتی خواتان لێ بێ ئێمە لە گوندی هەرماوە هاتووین دەمانەوێت مزگەوتێك دروووستبکەین).

ڕۆژانی هەینی ئێمە چوار پێنج کەس هەر یەکەمان بۆ مزگەوتێك دەچووین، کە دەچوون جلی کوردیمان لەبەر دەکرد و جامانەی سورمان دەخستە سەرمان و بە شانازی و سەربڵندی ئەو کارەمان دەکرد".

## هەندێك جار سوكایەتیمان پێدەكرا

"ئێمە چووینە مزگەوتەكانی شاری سۆران و حریر و پیرمام و خلیفان و چۆمان و تەواوی دەڤەری بارزان، بەڵام بە داخەوە لە هەندێك شوێن هەستمان بریندار دەكرا و گاڵتەجاریمان پێ دەكرا، هەندێك كەس دەیانگوت:(عەیب ناكەن ئێوە گەنجن بڕۆن بۆ خۆتان ئیش بكەن)، یان دەیانگوت:(ئەو گەنجانە دەچن بەم پارەیە موبایل دەكڕن)، هەندێك جاریش دەیان گوت:( ئەمانە بارزانینە و دەروزە دەكەن)، بەڵام ئێمە چونكە خوامان لەپشت بوو دڵمان زۆر پاك بوو، بە میهرەبانیەوە سەیریمان دەكردنەوە و دەمانگوت:(هەر خودا گەورەیە و خودا دەزانێت). گوێمان بە قسەكانیان نەدەدا، ئێمە هیچ هەستمان بە شەرم نەدەكرد چونكە ئێمە كارێكی خێرخوازیمان دەكرد بۆ مەبەستێكی خێربوو، نزیكەی چوار مانگ بەم كارەوە سەرقاڵ بووین".

## پەڕویەكمان لەبەر دەرگای مزگەوت دادەنا

"دوای ئەوەی نوێژی هەینی تەواو دەبوو پەڕویەكمان لەبەر دەرگای مزگەوت دادەنا ئێمەش بە دیاریەوە دادەنیشتین، كاتێك موسلمانان لە مزگەوت دەهاتنە دەرەوە هەر یەكەو بە پێی توانای خۆی پارەی دەخستە سەر پەرویەكە، بەڕاستی خەڵكەكە هاوكاریان دەكردین بە هیمەتی خودا پارەیەكی باشمان لە ماوەیەكی كەمدا كۆكردەوە".

## لە حەج تەلەفونی دەکرد و دەیگوت مزگەوتەکە تەواو نەبوو

"لە ساڵی ٢٠١٣ هەر لەو کاتەی ئەم کارەمان دەکرد ناوی باوکم و دایکی بۆ حەج گەرایەوە، باوکم و دایکی واتە داپیرەم (پری قادر) چوون بۆ حەج، باوکم لە وێش بە بەردەوامی و ڕۆژانە تەلەفۆنی دەکرد دەیگوت:(چیتان کرد، مزگەوتەکە چی ماوە و تەواو نەبوو)، هانی دەداین کە بەردەوام بین و کوڵ نەدەین تا کۆ مزگەوتەکە تەواو دەبێت، تەنانەت هەندێك جار دەیگوت: (بۆ ئەم هەینی یە بڕونە فلانە مزگەوت)".

## مزگەوتەکە لە سێ بەش پێکهاتووە

محمد لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"مزگەوتەکە پارەیەکی زۆری ویست چونکە گەورە بوو لە سێ بەش پێکهاتووە، شوێنی نوێژکردنی پیاوان، شوێنی نوێژکرنی ئافرەتان و هوڵی تازیە و بۆنەکان، پێشوتر مزگەوتێکی بچوك کە داپیرەم دروستی کردبوو لەم شوێنە هەبوو، دواتر ئەم مزگەوتە گەورەیەمان لەسەر ئەم زەویە دروست کرد کە موڵکی داپیرەم بوو".




مزگەوتی هەرماوە ئەو مزگەوتەی شەهید زێرو پارەی بۆ کۆدەکردەوە

## هیوایەتی باوکم ئەوە بوو ببمە مەلا

من لەتەمەنی منداڵیەوە خرامە بەر حوجرە و خوێندنی ئاینی، ئێمە خانەوادەیەکی زۆر موسلمان و ئیماداریبن، هیوایەتی باوکم ئەوە بوو ببمە مەلا و وتاربێژ لە زانستە ئیسلامیەکان بخوێنم.

## من شەوانە لە حوجرە دەمامەوە

محمد بەردەوام بوو گوتی:"سەرەتا من لە حوجرەیەك دا لە پیرمام دەمخوێند بۆ ماوەی دوو مانگ، دواتر باوکم منی خستە بەر قوتابخانەی ئاینی لە سۆران بەناوی قوتابخانەی (ابن ادم) ئیسلامی. لەم قوتابخانەیە ئێمە نزیکەی (١٠٠) قوتابی دەبووین، من شەوانە لە حوجرە دەمامەوە لە سۆران، من چوار ساڵ لە قوتابخانەی ئاینی خوێندم و دوو ساڵیش دەرکی خوێندم، بەڵام دواتر وازم لێ هێنا پێش شەهیدبوونی باوکم".

## باشترە محمدی کورم ببێتە پێشمەرگە

"دوای هاتنی چەکدارانی داعش و ئەو بیروباوەرە چەوتانەی بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە ئەنجامدران، وای لە باوکم کرد کە من دوور بخاتەوە لە خوێندنی ئیسلامی، وتی:(چونکە ئێستا هەر یەکە و بەجۆریك و بە تەفسیرێك و بەدیدگای خۆی ئەم ئاینە شروڤە دەکات)، وتی:(وا باشترە محمدی کورم ببیتە پێشمەرگە)، بەمامی منی گوت:( محمد لە شوێنێك وەك پێشمەرگە دابمەزرێنن)، دواتر وتی:(شوکر بۆ خودا محمدی کورم ئەوندەی کە فێر بووە بەسە و دەتوانی وتار بخوێنی لە ڕۆژانی هەینی و پێش نوێژی بکات و تازییە بەرێوەببیات و کاروباری مەڕاسیمی مردوو ئەنجام بدات).

باوکم بە مامی گوت:( محمد ئامانەتی توویە چونکە من دووجار شەهید دەبم جارێکیان وەك حاجی و جاریکیان وەك پێشمەریەگ دژ بە داعش ئەوانەی ئاینی ئیسلامیان ناشرین کردووە".

## لە مەراسیمێکی شایستەدا مزگەوتەکەمان کردووە

لە بەردەوامی قسەکانیدا محمدی کوری شەهید زێرو وتی:" دوای ئەوەی باوکم لە حەج گەرایەوە لە مەراسیمێکی شایستەدا مزگەوتەمان کردووە و شیرینیمان ئامادەکرد و قایمقام و بەرێوەبەری ئەوقاف و پیاوانی ئاینی و موختارەکان و کەسایەتیەکان و هاوڵاتیانی گوند ئامادەبوون، سەرەتا ملا صابر گەردی بەرێوەبەری تێبینەرایەتی ئەوقافی مێرگەسۆر وتارێکی پێشکەش کرد دواتر باوکم هەستایە و گوتی:(ئەو مزگەوتەمان بەهەوڵ

هیمەتی خودا و هەموو خێرخوازان دوورستکرد، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارییان کردین...)".




دوای ئەوەی مزگەوتەکەی تەواو کرد، یەکەم تازییەش بۆ شەهید زێرو لێرە بەرێوە چوو

## یەکەم تازییە لەم مزگەوتە کرا هی باوکی شەهیدم بوو

محمد کوری شەهید بە دڵێکی گەوەرە و پڕ لە میهرەبانیەوە ئەم باسەی دەگێرایەوە و بەردەوام بوو، وتی"یەکەم مردوو کە لەم مزگەوتە شوردرا باوکی شەهیدم بوو، یەکەم تازییەی کە لە هۆڵی تازییە و بۆنەکان ئەنجامدرا هەر هی باوکی شەهیدم بوو، تازیەکەش هەر لەم مزگەوتە بەرێوە چوو. باوکم هەمیشە دەیگوت:(هەر خودا دەزانی یەکەم تازییە هی کێ دەبێت کە لەم مزگەوتە بەرێوە دەچێت)، هەندێك جاریش دەیگوت:(بەڵکو کەموکورتی هەبێت لە ناو هۆڵەکە لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی تازییە، زۆر خەمی ئەوەی بوو کە ئایا هۆڵەکە تەواوە؟).

هەمیشە وای دەگوت، تا وای لێهات یەکەم تازییە بۆ باوکم لەم هۆڵەدا بەڕێوەچوو شوکر بۆ خوا هیچ کەموکورتی نەبوو".

## هەم پێشمەرگەبوو هەم مزگەوتی درووستکرد

مەلا صابر گەردی بەڕێوبەرەی تێبینەرایەتی ئەوقافی مێرگەسۆر دەڵێت، "شەهید زێرو دووکار و پیشەی جوان و پاك و پیرۆزی لە یەك کاتدا ئەنجامدا، هەم پێشمەرگەبوو هەم مزگەوتی درووستکرد، هەستی نەتەوایەتی و ئاین پەروەری تێکهەل کردبوو، پیاوێکی پێشمەرگە و خەباتگێر و موسلمان و بەبیروباوەر.

هەمیشە ئەوەم لەیادە کە شەهید زیرو دەیگوت: (ماموستا الحمدالله ئەو مزگەوتە تەواو بوو، بەڵام هەر خودا دەزانی یەکەم تازییە لەو مزگەوتە و لەو هوڵە هی کێ دەبێت)، کاتیك شەهیدبوو زۆر داغبار بووم و ئەم وشانەی شەهیدم دەهاتەوە یاد.

شەهید زێرۆ سێ پلەی بەرز و پیرۆزی وەرگرت":

یەکەم: مزگەوتی درووستکرد

دووەم: چووە حەج

سێیەم: شەهیدبوو

## ڕۆژێ نا ڕۆژێ مزگەوتەکە پاك بکەنەوە

باوکم وتی:"(وەسیەتی من لە ئێوە ڕۆژێ نا ڕۆژێ مزگەوتەکە پاك بکەنەوە و چاودێری بکەن و خزمەتی بکەن و ئاگاداری بن با هیچ کەم و کورتی نەبێت).

لە دوای شەهیدبوونی باوکم و تا ئێستاش هەر ئێمە ڕۆژێ نا ڕۆژێ من و دایکم و برایەکانم مزگەوتەکە پاك دەکەینەوە. مزگەوتەکە لە سەر ڕێگای سەرەکی مێرگەسۆر - سۆرانە، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕوو لەم مزگەوتە دەکەن هەم پیاو و هەم ئافرەت".

## دوا پەیوەندی نێوان من و باوکم

محمد سەبارەت بە دوا پەیوەندی نێوان خۆی و باوکی وتی:"شەو بوو باوکم تەلەفونی کرد وتی:(کورم محمد هندێك پەنیرم کریووە بروون بیهێنەوە)، شوێنەکە دوور بوو، منیش وتم: (باوکە با بۆ بەیانی بێت ئێستا شەوە)، وتی:(نا کورم ئێستا بروون)، ئێمەش چووین و پەنیرەکەمان هێنا، کە چوومەوە دایکم پەنیرەکەی بینی گوتی:(گەلێك زۆرە)، تەلەفونی بۆ باوکم کردو وتی:(زێرو ئەم هەموو پەنیرە بۆچیە خەسار دەبێت و کەس نایخوات)، باوکم وتی:(ئەگەر ئێوە نایخون بۆ ئێمەی بنێرن، ئیمە لە گەڵ پێشمەرگەکان دەیخوین). دایکم شەو پەنیرەکەی ئامادەکرد کە بەیانی بۆ باوکم بنێرێ، بەڵام دواتر قەدەری خودا وابوو باوکم شەهیدبوو، ئەم پەنیرەمان لە ڕۆژانی تازییەی باوکم خوارد".

## هەستن پارشێو بخوون

لە درێژەی قسەکانیدا محمد کوری شەهید زێرو وتی:"١٠ دەی حاجیان بوو - مەبەست لە دەی حاجیان ئەوەیە کە وەك سونەتێك موسلمانان ١٠ دە ڕۆژ پێش جەژنی قوربان بەڕۆژو دەبن - شەش ڕۆژومان گرتبوو، باوکیشم هەر ٦ شەش ڕۆژوەکەی گرتبوو، ئەو ڕۆژەی باوکم شەهیدبوو

ڕۆژی حەوتی حاجیان بوو، ئەو ڕۆژە بە هۆی ئەو هێرشە بەرفراوانە باوکم بە ڕۆژو نەبوو، هەموو بەیانیان لە کاتی پارشێو باوکم بە زەنگی تەلەفونەکەی ئێمەی بە ئاگا دەهێنا و دەیگوت:(هەستن پارشێو بخوون).

من ئەو بەیانیە هەستم باش نەبوو، کە نوێژی بەیانیم کرد و دوای نوێژ زۆر نزام بۆ باوکم کرد، وتم دایە خەمی باوکمت نەبێ من زور دوعام بۆی کردووە انشالله سەلامەت دەبێت".

## دایە بابو شەهید بووە

کاتژمێر ١٠:٠٠ دەی بەیانی دایکم وتی: (کورم محمد تەلەفون بۆ باوکت بکە)، وتم: (دایە ئێستا لە هێرشکردن دان با بێزاری نەکەین)، کاتژمێر ١١:٣٠ تەلەفونم بۆ باوکم کرد هیچ وەڵامی نەبوو، پاش کاتژمێر ١٢:٠٠ نیوەرو دایکم وتی:(کورم من کەمێك دەخەوم کە باوکت تەلەفونی کرد بە ئاگام بێنە وتم باشە دایە).

دوای ماوەیەکی کەم هاورێیەکەم تەلەفونی بۆ کردم وتی:(محمد ڕاستە دەڵێن باوکت بریندارە)، هەر کە تەلەفونەکەی داخست تەلەفونێکی ترم بۆ هات خزمێکمان بوو وتی:(محمد گوایە باوکت بریندار بووە یاخود شەهید بووە بەڵام من دڵنیا نیم)، وتم:(من ئاگادار نیم).

دواتر تەلەفونێك بۆ دایکم هات من یەکسەر چووم تەلەفونەکەی دایکم داخست، بەڵام دایکم بە ئاگا هات وتی:(کورم محمد دەنگی زەنگی تەلەفونەکەم بوو)، وتم:(دایە من وحدەم نەماوە بە تەلەفونەکەت بۆ هاورێیەکەم تەلەفون دەکەم)، هیچم بە دایکم نەگوت و تەلەفونەکەی دایکمم لە گەڵ خۆم بردوو چوومە ماڵی مامم، سەرتا خزم و کەسانمان لە

وێ کۆبوونەوە ڕاستی بابەتەکەیان نەدەزانی، بەڵام دواتر مامم ئاگادارکرا کە باوکم شەهید بووە، مامیشم چووە لای داپیرەم و وتی: (دایە زیرو شەهید بووە)، ئەوکات بڕوام کرد کە باوکم شەهیدبووە یەکسەر ڕام کرد بەرەو ماڵەوە و دەمقیژاند و دەگریام تاگەیشتمە ماڵەوە، بینم دایکم لە شوێنی خوی خەوتووە، چووم وتم:(دایە... دایە)، وتی:(بەڵێ کورم)، وتم:(دایە شتێکت پێ دەڵێم بەڵام خوت دلگران و عاجز مەکە)، وتی:(چی بووە؟) وتم:(دایە بابو شەهید بووە)".

## لە دوای شەهیدبوونی باوکم بووم بە پێشمەرگە

"ئەوەی ئێستا شانازی پێوە دەکەم شەهیدبوونی باوکمە و هەروەها دوای ٣ مانگ لە شەهیدبوونی باوکم بووم بە پێشمەرگە، براکەشم احمد لە هەمان هێزی باوکم بوو بە پێشمەرگە".

## لە دوورەوە ڕادەکات و بەرەو گۆری باوکمان دەچێت

لە بەردەوامی قسەکانیدا محمد وتی:"خوشکە بچوکە تاقانەکەم کە هیچ خوشکی ترم نیە، تەمەنی حەوت ساڵانە، کاتێك دەچینە سەر قەبرستان لە دوورەوە ڕادەکات و بەرەو گۆڕی باوکمان دەچێت و کێلەکەی ماچ دەکات، تۆڕە دەبێت ئەگەر کەسێکمان لە پێش ئەو بگەینە سەر گۆڕی باوکم، دەبێت هەمیشە ئەو پێش هەمووومان ڕابکات و بچێت".

## سەربەرزم بە شەهیدبوونی کورم

پری قادر دایکی شەهید هەمیشە دەڵێت:" شوکر بە کاری خودا سەربەرزم کە لە پێناو پاراستنی ئاین و شەرەف و پیرۆزیەکانمان کورم شەهیدبوو".

## کورەکەم منی بردە حەج

پری قادر هەمیشە بەبەر خویەوە دەڵێت:"کە کورەکەم منی بردە حەج چەند بە منەوە ماندوو بوو چەند خزمەتی کردم چ کوڕێکی میهرەبان و ڕاستگۆ بوو".

## بابزانین شەهید زیرو حسن کاکەمیر کێیە؟

لە ساڵی ١٩٧١ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و ئیماندار لە گوندی لێلوك لە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، هەر لە سەرەتاوە و لە تەمەنی منداڵیەوە خولیای چەك هەڵگرتن بووە و وەکو پیشەی هەمیشەیی بنەماڵەکەیان، شەهید تاپۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوویەتی لەبەر بارودۆخی سیاسی نەیتوانی خوێندنی تەواو بکات، لە ساڵی ١٩٨٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت، لە پارێزگای ئۆرمیە (ڕەزایە) نیشتەجێ دەبێت و هەر لەو ساڵەشدا چەکی پێشمەرگایەتی خستوتە سەرشان کە ئاوات و ئارەزووی بوو، پاش چەندین ساڵ و لە ساڵی ١٩٩١ لە ئاوارەیی گەڕایەوە خاکی پیرۆزی کوردستان و درێژەی بەخەباتی پێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە لیوای تایبەتی یەك وەکو پێشمەرگەیەك دامەزرا لە لقی سەربازی پاڵپشت (٢٣ ملیم)، بۆ یەکەمجار لە چیای چێشکە لە میحوەری زیارەت لە ساڵی ١٩٩٦ بریندار

دەبێت، لە بەر ئازایەتی و چالاکی و گوێرایەڵی پایەی سەرپەلی پێبەخشرا و پلەی بۆ بە ملازم.

شەهید لە ناو ڕێزەکانی برا پێشمەرگەکان و دۆست و خزمان زۆر خوشەویست بووە و هەمیشە گوێرایەڵی فەرمانەکانی سەرووی خۆی بووە، شەهید لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕ و داستانەکاندا بەشداری کردووە و قارەمانیەتی زۆر گەورەی نواندووە و جێی دەست و پەنجەی هەمیشە دیار و بەرچاو بووە، لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و صدامی خوێن مژ لە بەرەکانی جەنگ بەچەکی (٢٣ ملیم) بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە.

شەهید زێرو حسن دۆڵەمەری لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ لە شەڕێکی دژوار لە گەڵ تیرۆرستانی داعش لە کاتی ڕزگارکردنی ناحیەی رەبیعە و گوندەکانی دەوربەری لە گەڵ چەندین پێشمەرگەی هاوسەنگەری دوای دەستە و یەخە و قارەمانیەکی زۆر دەگاتە کاروانی نەمران.

شەهید زێرو خێزان و (٦) شەش منداڵ لە پاش خۆی بە جێ دەهێڵێت، (٥) کور و (١) یەك کچ.

# شەهید ( شێخ عمر حسن فقی احمد )



## پێناسی شەهید ( شێخ عمر حسن فقی احمد )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٦٨ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٣٠ / ٩ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | لیوا |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٨٠ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٠ وڵاتی ئێران |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندارببووە | ٤ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی گۆڵان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | تەقینەوەی خۆکوژی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی مەمولان |

# شەهیدی فەرماندە، لیوا شێخ عمر حسن فقی احمد

شەهیدی فەرماندە لە ساڵی ١٩٦٤ لە گۆندی بابکێ سەر بەناحیەی پیران قەزای مێرکەسۆر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر لە دایکبووە، شەهیدی فەرماندە بەهۆی کاریگەری ئەو ژینگەیەی کە لێ لە دایکبووە هەر زوو هەستی نیشتمانپەروەریی و کوردایەتی و بەرگریکردن لە کەرامەت و شەرەف و خاکی لەلا درووست دەبێت، بۆیە لە هەرەتی گەنجیەتیدا بیر لە هەڵگرتنی چەك دەکاتەوە، تا ڕۆژی شەهیدبوونی بەو پەڕی دڵسۆزی و حەماسەت و خۆشەویستییەوە بۆ گەل و وڵاتەکەی خەباتی دەکرد.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول شەهید لەگەڵ خێزانەکەی لە ئۆردووگای هەریر نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، ڕاستەوخۆ هەریر بەجێدێڵێت و دەچێت بەرەو وڵاتی ئێران بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕش، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕش لە قوەتی بارزان بە سەرپەرشتی فەرماندە (دکتۆر سەعید) چەك هەڵدەگرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی قارەمان لە بەتالێۆنی شەهید (عبدلله فقی احمد)، بەشداری لە چەندین داستانی قارەمانانەی دوژمن بەزێن لە شۆڕشی گۆلانی پێشکەوتن خواز دەکات:

ئەو شەڕانەی کە شەهید تێدا بەشدار بووە؟

لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری شەڕی کۆڵەکا دژ بە جاشەکان کردووە .

لە ساڵی ١٩٨٤ بەشداری لە چەندین شەڕی پارتی زانی کردووە .

لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداری لە چەندین شەڕی سریەی مەزنێ و سریەی مەجیداوە کردووە .

لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداری لە شەڕی چیای پیران کردووە .

لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداری لە شەڕی بەناوبانگی مێرگەسۆر کردووە .

لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداری لە داستانی خواکۆرك کردووە .

لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە داستانی کۆڕێ کردووە .

وە لە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕزکاربوونی کوردستان و ڕاپەرینە گەورەکەی گەلی کورد و کوردستان، شەهید بۆ باوەشی وڵات دەگەڕێتەوە هەر ئەو کاتە پەیوەندی بە ڕیزەکانی خۆی دەکاتەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا درووست دەبێت.

شەهید لە سوپای بارزان بە پلەی ئەندام بەشی حەرەکات لە ژێر فەرماندەی (سیروان سابیر بارزانی) دەبێت.

هەمیشە وەکو چیایەك پاڵپشت بوو بۆ هێزی پێشمەرگە بۆیە چوار جار بریندار دەبێت و لە مردن ڕزکاری دەبێت، شەهید شێخ عمر کەسێکی نزیکی شەهید میرخان حسن بێدودی دەبێت و زۆربەی جار پرس وتاکتیکی عەسکەری پیدەکرا .

- جاری یەکەم لە نیسانی ساڵی ١٩٩٤ لە ڕواندز بریندار بووە.

- جاری دووەم لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٥ لە درەبی ناحیەی قەسرێ، زۆر بە سەختی بریندار بووە.

جاری سێیەم لە ئابی ١٩٩٦ لەگەڵ شەهید میرخان حسن بێدودی لە بەرەکانی شەڕدا بریندار دەبێت .

- جاری چوارەم ٢٠١٤ لە شەڕێکی دژ بە تیرۆرستانی داعش بریندار بووە.

**لە ساڵی ٢٠٠١ دوای ئەوەی کە لەشکری گوڵان دامەزرا بە ئەمری جەنابی (سەرۆك مسعود بارزانی) لە ژێر فەرمانی فەرماندە (مەنسور بارزانی) شەهید لەبەر قارەمانی و لێهاتویی و شارەزایی لە باری سەربازیی و عەسکەری دا دەبێت بە ئەندام لەشکر لە بەشی حەرەکاتی لەشکری گۆلان، وەکو سەرپەرشتیاری بەشی حەرەکات خەبات دەکات و کەسێکی زۆر خۆشەویست و باوەرپێکراو و جێی متمانەو دڵنیایی فەرماندە (منسور بارزانی) دەبێت.**

**شەهید شێخ عمر بە شەهیدی زیندوو بە پلەی لیوا خانەنشینکرا، بەڵام بەهۆی هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ خاکی کوردستان شەهید ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لەشکر دەکات و لە بەرەکانی پێشەوەدا دەبێت و ڕۆڵی گرنکی هەبووە لە گرتنەوەی سەدەی موسل و بەهۆی تەقینەوەیەك بریندار دەبێت، بەڵام ئامادە نابێت بەرەکانی جەنگ بەجێ بهێلێت.**

**لە ساڵی ٢٠١٤ لە سەردانی جەنابی سەرۆك بۆ بەرەکانی شەڕ شەهید شێخ عمر پەیمان بە جەنابی سەرۆك دەدات کە تا دوایین هەناسە ئەم سەنگەرە چوڵ ناکات، بە ڕاستی پەیمانی خۆی بە جێ گەیاند گیانی خۆی بۆ سەرفرازی کوردستان بەخشی.**

**لە هێرشی گرتنەوەی (رەبیعە) بە هۆی پەلاماریێکی خۆکوژی تیرۆرستان بە قەڵابەیەکی بۆمرێژکراو لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ لە کاتژمێر یازدە و نیوی نیوەرو شەهید دەبێت.**

## ئەگەر نەمرین لە وەرزی بەهاریش جارێکی تر دێینەوە ئێرە

زورزانی خێزانی شەهید دەڵێت:" ئێمە چووبووینە کوێستان بۆ گەشت و گوزار دوو شەو لە وێ ماینەوە لە گابارا لە شوێنێك بەناوی (خەرا تانجێ)، زۆر دڵخوش بەختەوەربووین، خۆشترین گەشتی ژیانمان بوو، شەهیدی هاوسەرم شێخ عمر دەیگوت:(ئەگەر نەمرین لە وەرزی بەهاریش جارێکی تر دێینەوە ئێرە)، هەر لەو گەشتەماندا بووین پەیوەندیان بە هاوسەرمەوە کرد وتیان:(دەبێ بێیتەوە بەرەی شەڕ)، ئێمە هەمان ڕۆژ گەڕاینەوە بەیانی زوو ڕوویشت ئیتر نەگەرایەوە تا شەهیدبوو، واتا نزیکەی دوو مانگ لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دابوو".

## دوای ١٠ دەقیقە لە پەیوەندیە تەلەفونیەکەمان هاوسەرەکەم شەهید بوو

شەوێك بەرلەوەی شەهید بێت وتی:"(بەیانی هێرشێکی گەورە بۆ سەردوژمنان ئەنجام دەدەین، ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٦:٠٠ شەشی بەیانی تەلەفونی کرد، کاتژمێر ١٠:٣٠ بەیانیش میرخانی کورم تەلەفونی بۆ باوکی کرد باوکی وتی:(کورم ئێمە لە ناو ئاگر و ئاسن داین هێرشەکان گەورە و بەرفراوانن، سەرکەوتنەکانیشمان لە ڕادەبەدەرن).

کاتژمێر ١١:٢٠ دەقیقە تەلەفونی بوم کردەوە وتی:(منداڵەکان چوونن و لەکوێن و خەریکی چین؟).

دوای ١٠ دە دەقیقە لە پەیوەندیە تەلەفونیەکەمان هاوسەرەکەم شێخ عمر شەهیدبوو.

## هەر کەسێك باوکی نەبێت ژیانی بێ هودەیە

میرخانی کوری شەهید دەڵێت:"من لە قوتابخانە بووم لە پولی پێنجی ئامادەیی دەمخوێند بەرێوەبەری قوتابخانە هاتە ژۆرەوە وتی:(میرخان تو وەرە بروە دایکت زۆر نەخوشە و پێویستی پێتە، بەڵام کەچوومەوە هەواڵی شەهیدبوونی باوکمیان پێ ڕاگەیاندم)، لە درێژەی قسەکانی دا میرخان وتی:(هەر کەسێك باوکی نەبێت ژیانی بێ هودەیە)".

دوای شەهیدبوونی باوکی میرخان هەوڵدەدات درێژە بە خەبات و تێکۆشان و ڕێبازی باوکی بدات، دەستبەرداری خوێندن دەبێت چەك هەڵدەگرێت دەبێتە پێشمەرگە لە لەشکری گوڵان هەمان ئەو لەشکرەی کە باوکی تێدا پێشمەرگەبوو.

## میوە و قەسب و خۆرمای دەخستە ناو ساردکەرەوەکەی مزگەوت

محمدی کوری شەهید زێرو؛ مەلا و وتاربێژ بووە لە گوندی شەهید شێخ عمر، دەڵێت:"لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ و پێش هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش، من وەك مەلا و وتاربێژ لە گوندی مەمولان سەر بەناحیەی پیران، بووم بە مەلا بۆ ماوەی ساڵێك و هەشت مانگ، شەوانە لە مزگەوت دەخەوتم و بۆ خواردنیش هەر ڕۆژێ دەچوومە ماڵێك، شەهید شێخ عمر پیاوێکی زۆر موسلمان و ئیماندار بوو، هەر پێنج نوێژەکە دەهاتە مزگەوت هەمیشە دەستی بە سەر شانم دا دەهێنا و دەیگوت:(من تەنیا کورێکم هەیە و توش وەکو ئەم کورەی منی هەمیشە وەرە ماڵمان)، هەرکاتێك خواردنێکی خوشیان درووست بکردبوایە تەلەفونی بۆ دەکردم، شەهید شێخ عمر بەبەردەوامی دەچووە ناو بێستانەکان و میوەی بۆ

دەهێنانین بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزان، ئەگەر من لە وێ نەبوومایە دەچوو مێوە و قەسب و خۆرمای دەخستە ناو ساردکەرەوەکەی مزگەوت بۆ ئەوەی ڕۆژوگران ڕۆژویان پێ بشکێنن.

جارێکیان شەهید شێخ عمر لە شەڕێکی دژ بە چەکدارانی داعش بریندرا ببوو، من تەلەفونم بوی کرد ئەو نەگەرایەوە هەر لە ئەرکەکەی مایەوە، وتی:(محمد خەمی منت نەبێ من باشم بەلام تۆ چوونی و ماڵەوەمان چوونن خزمەتت دەکەن و خواردنت بۆ لێدەنێن و جل و بەرگت بۆ دەشوون)".

# شەهید ( فرهاد احمد حمد جوجك )



# پێناسی شەهید ( فرهاد احمد حمد جوجك )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ١ / ١٩٧٩ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٣٠ / ٩ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | نائیب زابت |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٩٧ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | تەقینەوەی خۆکوژی |
| باری خێزانداری | سەڵت |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی خەردن |

## شەهید فرهاد احمد حمد جوجك

چ جۆرە جلێك لە بەر بكەم و چ ڕەنگێك؟ ئەی ئەو حەزی لە چ ڕەنگێکە؟ چون بە باوکم بلێم؟ کەی بچین و کێ ببەین؟!! کام ڕۆژ دیاری بکەین؟ چی ڕوودەدات و ماڵی کچە چیم پێ دەڵێن؟!، ئەمانە و سەدان پرسیاری تری لەم جۆرە بەر لەوەی بچێتە ئەرکی پێشمەرگایەتی حەز و خولیای فەرهادی شەهیدی جوانەمەرگ بوون.

شەهید فەرهاد دۆڵەمەری؛ لە ئاوارەیی وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لە دایکبووە، لە خانەوادەیکی خەباتگێر و ماندوونەناس و کوردپەروەر ژیانی بەسەر بردووە، هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە دەبێتە پێشمەرگە لە لەشکری تایبەتی (١) و لە چەندین مەشق و ڕاهێناندا بەشدار دەبێت، لە گوندە خنجیلانەکەی گوندی خەردن ژیانی بەسەر بردووە.

باوکی شەهید پێشمەرگەیەکی قارەمانە لە کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە پێشمەرگە لە دیلمان، لە شۆڕشی گۆلانیشدا بەشدارییەکی کارای دەبێت و لە چەندین شەڕ و داستاندا بەشداری دەکات و دووجاریش بریندار دەبێت.

### ڕۆژی دواتر لاشەی کورەکەم دوزرایەوە

احمد باوکی شەهید دەڵێت:"تا ڕۆژی دواتر لاشەی کورەکەم شەهید فرهاد و شەهیدی هاوسەنگەری عثمان یان نەدۆزیەوە، لەگەڵ تەقینەوە لاشەیان پەرت و بڵاو ببوو، تانکە بە مینرێژکرا و پڕ لە (تی ئێن تی) یەکە لە نزیك شوێنی لاشەکانیان بوو، کەس بۆی نەبوو نزیك تانکیەکە ببێتەوە،

چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو تەوقیت کرابێت، بۆیە پێشمەرگەکان نزیك شوێنی تانکەکە نەدەبوون.

ڕۆژی دواتر بەیانی کاتژمێر (٥:٠٠) پێنجی بەیانی لاشەی شەهیدەکانیان دۆزیەوە. بەر لە تانکیە پڕ لە (تی ئێن تی)یەکە، قەلاَبێکی پڕ لە (تی ئێن تی) لە نزیك سەنگەری شەهید فرهادی کورم تەقیەوە و کورەکەم شەهیدبوو لە گەلّ چەند پێشمەرگەی تر ئەمەش دوا ڕۆژی ئەرکەکەی واتا ڕۆژی (١٥) پازدەمینی بوو لە ئەرك و سەنگەری بەرگری، ئەگەر ئەم هێرشە نەبوایە لەو ڕۆژە کورەکەم فرهاد دەگەڕایەوە".

## شانازی بە شەهیدبوونی کورم دەکەم

لە بەردەوامی قسەکانیدا باوکی شەهید وتی:"من هەست بە سەربەرزی و ئازادی کورد و کوردستان دەکەم بە شەهیدبوونی کورم شانازی دەکەم، کورێکی ڕەوشت بەرز و موسلمان بوو تەنانەت لە کاتی ئەرکی پێشمەرگایەتی دا بە ڕۆژو دەبوو".

## دایە تۆ نەخۆشی

دایکی شەهید فرهاد بە هەنسکی گریانەوە دەڵێت: کاتژمێر (٣)ی شەو تەلەفون بۆ کورەکەم فرهاد هات و وتیان:(دەبێ بێیتە ئەرکی پێشمەرگایەتی)، منیش جانتاو یاتاقی کورم هەڵگرت، بەلاَم فرهاد وتی:( دایە تۆ نەخۆشی تۆ ئەم شتانەم پێ بدە من هەڵی دەگرم)، جل و بەرگی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد تا ئاوابوو من هەر سەیری ئەو ئۆتۆمبێلەم دەکرد کە کورەکەم تێدابوو".

## دایە کچێکم خۆشدەوێ

دایکی شەهید فرهاد لە درێژەی قسەکانی دا وتی:"دوا شەو کورم فرهاد وتی:( دایە کچێکم خۆشدەوێ، ئەگەر خوا یاوەربێت کەلە ئەرك گەڕامەوە دەچینە خوازبێنی)، وتم انشاالله کورەکەم هەر کە بەسەلامەتی گەڕایەوە دەچینە خوازبینی ئەو کچە".

## ئاڵای کوردستان بەرزدەکەینەوە

"شەهید بە هاورێیانی وتوە ئەم جارەیان کە گەڕاینەوە انشاالله ئاڵا ڕەشەکەی داعش لە هیچ پارچەیەکی خاکی کوردستان ناهێلین و ئاڵای کوردستان بەرز دەکەینەوە".

## خۆشەویستەکەم گەردەنم ئازا بکە

دەزگیرانی شەهید فرهاد وتی:"کاتژمێر(٣) شەو فرهاد تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: (خۆشەویستەکەم گەردەنم ئازا بکە)".

دواجار دایکی شەهید وتی:"ئەم کورەم و کورەکانی تریشم دەکەمە قوربانی بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و سەرۆك مسعود بارزانی".

# شەهید ( عثمان علی حمد خالند )



# پێناسی شەهید ( عثمان علی حمد خالند )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ١ / ١٩٧٤ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٣٠ / ٩ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | نەخوێندەوار |
| دوا پلەی شەهید | مۆهل ١ |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٩٧ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی ١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | تەقینەوەی خۆکوژی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی ناومێرگان |

# شەهید عثمان علی حمد خالند

دوو مرۆڤی کورد دوور لە زێدی باب و باپیرانیان لە ئاوارەیی وڵاتی داروسیّ لە ئێران هاوسەرگیرییان کرد، دوای تێپەڕبوونی وەرزێکی زستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەڕانەوە زێدی باب و باپیرانیان لە دەڤەری بارزان لە گوندی ناومێرگان دەستیان بەژیانێکی پڕ لە واتاو خۆشەویستی کرد، دوورییان لەخاك و وڵات و نیشتمان وای لەم خانەوادە کرد ناونانی منداڵەکانیش کاریگەری ئاوارەیی و خۆشەویستی نیشتمانی پێوە دیاربێت هۆزین و وڵات و نەوروز، یەکەم و دووەم و سێیەم منداڵیانن، وڵات ناوێکی پڕ لە واتا، دوای شەهیدبوونی باوکی وڵات چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات و دەڵێت:"من دەمەوێت ڕێ و ڕێبازی باوکم بگرمەبەر و بجەنگم دژی ناحەزانی کورد و کوردستان، من دەمەوێت سنوورەکانی کوردستان بپارێزم و بەرگری لە شەرەف و کەرامەتمان بکەم، شانازی بە شەهیدبوونی باوکم دەکەم".

## هەردێم و دەمەوێت سنوورەکانمان بپارێزم

خێزانی شەهید عثمان، هەمین دەڵێت:"ئەو ڕۆژەی کە هاوسەرکەم دەیویست بچێتە ئەرکی پێشمەرگایەتی، براکەم پەیوەندی پێوەکرد و وتی تۆ تاقانەی مەهێ بۆ ئەرك، بەڵام ئەو پێداگیری کرد و وتی:(ڕاستە من تاقانەم بەڵام هەردێم و دەمەوێت سنوورەکانمان بپارێزم)".

## وا هەست دەکەم ئەمساڵ دوا ساتەکانی تەمەنم بێت

لە بەردەوامی قسەکانیدا هەمینی هاوسەری شەهید وتی:" هاوسەرەکەم ماوەیەك بوو دەگوت: (وا هەست دەکەم ئەمساڵ دوا ساتەکانی تەمەنم بێت)، تۆ ئاگاداری ماڵ و منداڵەکان بە".

## هەمیشە تەبابن

"شەهید هەمیشە بەمن و بەمنداڵەکانی و بە خوشکەکانی دەگوت: (دڵی کەس لە خۆتان مەهێڵن و هەمیشە تەبابن و ڕێز لە بیرو بۆچوونی یەکتر بگرن)، هاوسەرکەم پیاوێکی هەژار بوو سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی بە کاسبیەوە سەرقاڵ بوو هەروەها چەند مانگایەکی هەبوو بۆ بەخێوکردن بۆ بژێوی ژیانمان".

## پێشمەرگەم و لە تاییەتی دەخوێنم

نەوروز کوری شەهید عثمان دەبێژێ:"دوای شەهیدبوونی باوکم منیش بووم بە پێشمەرگە و ڕێبازی باوکم گرتوتەبەر و تا لە ژیاندام ئەم ڕێ و ڕێبازە بەرنادەم لە هەمان لەشکری باوکم لەشکری تایبەتی (١)م، سەرەڕای ئەمەش لە خوێندنی تایبەتی درێژە بە خوێندن دەدەم، پێشمەرگەم و لە تایبەتی دەخوێنم".

## ناوەکا نمان واتای نیشتیمانی و نەتەوەییان هەیە

نەوروز لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"بەهۆی خۆشەویستی باوکم بۆ کورد و کوردستان و خاك و وڵات و ئەم ڕێبازە پیرۆزە، ناوی من و خوشك و برایەکانم واتای نیشتیمانی و نەتەوەییان هەیە.

## کە باوك نەما ژیانیش نامێنێت

لە هۆژینی کچی شەهیدمان پرسی ڕامانی باوك چی یە و ئازار و کارییەگەریەکانی چین لە دوای شەهیدبوونی؟ هۆژین لە وەڵامدا وتی:" ڕێبوار توش وەك من ئازاری بێ باوکیت چەشتووە و باوکت لە دەستداوە، تۆ لە ئازاری ئێمە دەگەی و دەزانی لە دەستدانی باوك چەند گەورەیە و چەند زیانبەخشە، کە باوك نەما ژیانیش نامێنێت و تەواو دەبێت، بەڵام دایکم ئەو بوشاییەی پڕکردەوە و توانی جێگای باوکم بگرێتەوە".

## دایکم بووە پاڵەوان و شێرە ژن

هۆژین لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"لە دوای لە دەستدانی باوکم، دایکم جێگای گرتەوە و بووە پاڵەوان و شێرەژن".

## لە سەر گۆڕی باوکم هە ست بە دڵخوشی دەکەم

هۆژین بەردەوام بوو وتی:"کاتێك دەچمە سەر گۆری باوکم هە ست بە دڵخوشی دەکەم، چونکە شانازی بەو پلە بەرزە دەکەم کە باوکم بەدەستی هێناوە ئەویش پلەی شهادەتە، من سەربڵندم لە ناو دوست و هاورێ و خزمانم چونکە کچە شەهیدم".

## مەمللەکەتی بێ پیاو

لە بەردەوامی قسەکانیدا هۆژین وتی:" لە بنەمانەڵەکەمان هەرچی پیاوی بەتەمەن هەبوو هەمووی شەهیدکران و هیچ پیاوی گەورەمان نەما، خانەوادەکەمان بوو بە مەمللەکەتی بێ پیاو".

شەهید عثمان علی حمد خالند لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی ناومێرگان لە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی میرمنداڵیەوە لە گەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن، لە ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە زیدی باب و باپیرانی لە گوندی ناومێرگان ژیان بەسەر دەبات و درێژەپێدەری خەبات و بەرخودانی بنەماڵەکەیان دەبێت و لە سوپای بارزان چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان، بەهۆی شارەزایی و لێهاتویی لە چەکی (٢٣ مليم) لە ساڵی ١٩٩٧ دەگوازرێتەوە بۆ لەشکری تایبەتی (١).

لەساڵی ٢٠١٤ و دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش، شەهید عثمان دەچێتە بەرەی جەنگ و لە بەرگریکردن و هێرشکردن بۆ راوەدوونانی تیرۆرستان و تاريك پەرستانی داعش بەردەوام دەبێت، چەندین ناوچە لە رەبیعە و دەوروبەری ڕزگاردەکەن کە تیرۆرستان نەیانتوانی لە ئەنجامی شەڕی رووبەروودا بەرامبەر بە هێزەکانی پێشمەرگە بوەستن، بۆیە پەنایان بردە بەر کردەوەیەکی خۆکوژی بە قەڵابەیەکی پڕ لە (تی ئێن تی)ە وە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ لەگەڵ سێ لە هاوسەنگەرانی شەهید دەبێت.

لە قوربانیدان بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ئارامی بۆ کوردستان لە بنەماڵەکەیاندا پلەی (٩) نوویەمی شهادەتی بەرکەوتووە، باوك و دوو براشی شەهیدن و (٣) سێیەم کوری شەهیدە لە خانەوادەکەیان و

تاقانەی(٨) هەشت خوشك بوو، لە دوای خۆی خێزان و سێ کور و دوو کچی بۆ کوردستان بە جێ هێشتووە.

نبی عزیز حسن؛ لە ساڵی ١٩٨٤ لە گەڵی ڕەش لە قوەت بارزان بووەتە پێشمەرگە، ئێستاش پێشمەرگەیە لە لەشکری تایبەتی(١) سریەی( ئەسناد - ٢٣ ملیم)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ لە هێرشکی قارەمانانەدا بەسەختی بریندار دەبێت و ئێستاش مەبەستم ساڵی (٢٠١٧) یە، وەك پەککەوتەیەکی پێشمەرگە لەماڵەوەیە و ناتوانی درێژە بەخەبات و قارەمانیەتی بدات.
بە هیواشی و لە سەرخوو، جار جاریش پشووی دەدا و هەندێك جاریش دەیوت ببورە ڕەبۆ (تەنگەنەفسی)م هەیە ناتوانم بەبەردەوامی و بێ وەستان بوت بدوێم، دەستی کرد بە قسەکردن و وتی:"من و شەهیدان (زیر و عثمان و فرهاد) لە یەك شوێن و لەیەك ئۆتۆمبێل دا دەجەنگاین، بەداخەوە لەو ڕۆژەدا ١١ شەهید و ١٨ برینندارمان هەبوو.

## ئەو ڕۆژە چوون بوو؟

لە ٢٠١٤/٩/٣٠ ئێمە لە (سحێلا) بووین گوندی (شێبانی) نزیك (محمودیە)، پلان و بەرنامەی هێرشەکەمان بۆ رەبیعە و دەورووبەری بوو.
ئێمە لە لەشکری تایبەتی (١) لەگەڵ لەشکری گۆلان بۆ دوو گۆند چووین لە ڕۆژهەڵاتی رەبیعە، پلانی ئێمە وا دانرابوو کە بۆمان نەبوو بچینە ناو گوندەکان بەڵکو دەبوایە بە پشت گوندەکاندا ڕۆیشتباین، بەلایەنی کەم بە مەودای ٣٠ سی مەتر دوور لە گوندەکان، ئەرکی ناوگوندەکان بە سوپا و لەشکری تر ڕاسپێردرابوو، دواتر لەشکری زێرەڤانی بۆ ناو گوندەکان

دەچوون و جێگیر دەبوون، ئێمە تەنیا ئەرکمان هێرشکردن بوون، ئێمە ڕۆیشتین تاکو سەر شەقامی سەرەکی ڕەبیعە بۆ موسڵ، شەڕ و بەرگریکردن بەردەوام بوو تاکو گەیشتینە گوندێك بە ناوی (ئەبو حوزێرە)، کاتژمێر بۆ بە نزیکەی (١١) پێش نیوەڕۆ، ئێمە لە وێ جێگیر بووین و شەقامەکەمان داخست، بە شوفلێ پشتێنەیەکی خۆڵمان بە شەقامەکەدا درووست کرد بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی خۆکوژی تیرۆرستانی داعش نەگاتە ناو سەنگەرەکانمان، چونکە هەواڵمان بۆ هاتبوو کە چوار ئۆتۆمبێلی خۆکوژی هێرشمان بۆ دێنن، بۆیە لەم شوێنە وەستاین و چیتر پێشرەویمان نەکرد و کەوتنینە ئامادە باشی، دەسپێکی شەڕ بوو لەگەڵ تیرۆرستانی داعش و چەکەکانمان وەك پێویست نەبوون، میلانوو ئەو جۆرە چەکانەی پێشکەوتووی ئێستامان پێ نەبوو، جگە لەوەش شارەزای فێڵ و تاکتیکی شەڕی داعش نەبووین. لە خو ئامادەکردن دابووین و چاودێری ناچەکەمان دەکرد لە ناکاو بینیمان ئۆتۆمبێلکی جۆری (فۆرد)ی پیکابی گەورە، بەرەو Rوومان دێت، ئێمە لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لە ئۆتۆمبێلەکە کرد، بەڵام ئۆتۆمبێلە فوردەکە بە خێرایەکی لە ڕادبەدەر دەهات، کاتێك نزیك سەنگەرەکانمان بوو شوفێرە چەکدارە خۆکۆژەکە کۆژرا و ئۆتۆمبێلە فۆردەکەش نەتەقیەوە، بەڵام پڕ بۆ لە مادەی (تی ئێن تی)، دوای ئەوەی شوفێرەکە کۆژرا ئۆتۆمبێلەکە خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلی هەمەری سەربازی کە هی (دژە تیرۆر) بوو، بەداخەوە پێشمەرگەیەکی دژە تیرۆر بە هۆی ڕوداوەکەوە شەهیدبوو، ٣ سێ پێشمەرگەش بریندار بوون، ئەوە یەکەمجار بوو کە ئێمە شەهید و بریندارمان هەبێت.

نزیکەی نیو کاتژمێری پێ چوو ناوچەکە ئارام بووە، دواتر لە دورەوە بینیمان قەڵابەیەکی گەورە بەرەو رووومان دەهات و هەمووی بە پلێتی درع داپوشرابوو، ئێمەی پێشمەرگە یەکەم جار بۆ ئەم جۆرە ئۆتۆمبێل و پلانەی دۆژمن ببینین، ئێمە بە دوشکە و کلاشینکۆف و بی کەی سی و هەموو چەکەکانی ترمان لە قەڵابە درعەکەمان دا، لەوکاتەدا و پێش ئەوەی ئەو قەڵابە بگاتە نزیك ئێمە، ئەو ئۆتۆمبێلە فوردەی کە باسمانکرد تەقیەوە، هەر چەند خۆکۆژەکەش کوژرا بوو، نەمانزانی هۆکاری تەقینەوەی فۆردەکە دوای (نیو کاتژمێر)چی بوو، هەر ئەوەندەم بینی ئێمە لە گەڵ خوڵ و تۆزی ئەم ناوە تێکهەڵ بووین هیچمان لە پێش خومان نەبینی، من بانگی هاوسەنگەرەکانم (زێرو، عثمان، فەرهاد)م کرد، وەڵامیان هەبوو ئیتر یەکترمان بینیەوە.

ئۆتۆمبێلەکەمان قەڵابەی هینۆ بوو لایەکی پشتەوەی هینۆیەکە بە هۆی تەقینەوەی فۆردەکە لێ ببووە، قەڵابەکەش بەردەوام بوو بەرەو رووومان دەهات، ئەو قەڵابە بومبڕێژکراوەش کە گەیشتە شوێنی فۆردەکە، خۆی بە فۆردەکەدا و ئەویش تەقیەوە، ئەو هینۆیەی ئێمەی تێیدا بووین، من و شەهید زێرو لەناو پشتی هینۆیەکە بووین لەسەر دوشکە، شەهید فرهاد و شەهید عثمان لە پشتەوەی هینۆیەکەبوون مەبەستم لە سەر زەوی لە پشت تایەکان.



کاتێك قەڵابەکە نزیك بوو، نزیکەی (٣٠٠) سێ سەد مەتری مابوو بگات بە ئێمە، من بە شەهید زێروم گوت:(من دەچم هینۆیەکە کەمێك دەبەمە ئەولاتری جادەکە) چونکە قەڵابەکە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ئێمە دەهات، شەهید زێرو وتی:(تو برۆ)، قەڵابەکە هات گەیشتە ئەو شوێنەکە کە بە خۆڵ ساترێکمان لێ درووست کردبوو و شەقەمەکەمان داخستبوو، بەڵام قەڵابەکە لایدا لە شەقامەکە چونکە شوێنکە دەشتایی بوو، کە قەڵابەکە لایدا منیش چووم بۆ ناو هینۆیەکە بۆ ئەوەی لێ بخۆرم و لای ببەم، کە دەرگای سەیارەکەم داخست ئیتر ئەوەندەم گوێ لێ بوو دەنگێکی گەورە هاتوو لە هۆش خوم چووبووم و بریندارببووم، ئەوکات من ئاگام لە هیچ نەما، کاتێك من بە ئاگا هاتم شەهیدەکانیان هەڵگرتبوو بریندارەکانیشیان هەڵدەگرت. بەداخەوە هەر سێ هاوسەرنگەرەکەشم شەهید بوون.

ئەگەر من نەچووبامە ناو پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە ئەگەری زۆری هەبوو منیش وەك هاوسەنگەرە پێشمەرگەکانم شەهید دەبووم، چونکە چەندین

بەرمیلی پڕ لە (تی ئێن تی) لە پشتەوەی قەلأبەکە دابوون ئاسمانی ئەو ناوچەیە هەمووی بوون بە تەقینەوە و ساچمە. کاتێك قەلأبەکە تەقیەوە تەنیا (١٠) مەتری مابوو بگاتە هینۆیەکەمان، ئۆتۆمبێلەکەشمان تێکشکێنرابوو، من بە ئەستەم چاوم کردەوە لە دورەوە دەمبینی پێشمەرگەیەکی هاوسەنگەرەکەمان بە ناوی (مصطفی) هات بەرەو لام، منی بینی و منیان دەرهێنا.

حەکیمی برام و وەلی و مصطفی و صالح لە شوێنی شوشەی جامی ئۆتۆمبێلەکە منیان هێنایە دەرەوە، لەم ئان و ساتەدا بووین تانکێکی تری پڕ لەتەقەمەنی چەکدارانی داعش بەرەو رووومان هات، بەلأم هەردوو تەقینەوەکانی پێشووتر شوێنەکە و هەموو ڕیگایەکەی تیکدابوو.

ئەو تانکەیەش لەوێ وەستاو نە تەقیەوە، بەلأم چەکدارە خۆکوژەکە هاتە خوارەوە بە چەکەکەی شەڕی کرد و بە پێی خواستی رووبەرووی ئێمە دەهات و ڕای دەکرد بۆ ناو پێشمەرگەکان تاخۆی بە ئێمەوە بتەقێنێتەوە، بەبەردەوامیش تەقەی دەکرد ئەم چەکدارە خۆکوژەی داعش (مصطفی)ی بریندار کرد، بەلأم پێشمەرگەکان ئەو چەکدارە تیرۆرستە خۆکوژەی داعشیان گوللەباران کردوو نەگەیشتە لای ئێمە.



لاشەی شەهید فەرهاد و شەهید عثمان کەوتنە ئەو لای ئۆتومبێلە تانکیە پڕ لە (تی ئێن تی) یەکە، بۆیە فەرمانمان پێکرا کە هیچ پێشمەرگەیەك نزیك ئەو تانکیە نەبێتەوە و تا تیمی ئەندازیاری هەڵدانەوە و پۆچەڵکردنەوە دێن، ئێمە کەمێك بۆ دواوە ڕویشتین، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو کەتەوقیت کرا بێت و بتەقیتەوە یاخود ئامێری کۆنترۆڵی بۆ دانرابێت کە نزیك بووین بیتەقێنەوە، بۆیە ئەو ڕۆژە لاشەی هەر دوو شەهیدان ( فرهاد و عثمان) لەوێ مانەوە.

بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر کاتژمێر (٥) پێنجی بەیانی حکیمی برام و خاڵی شەهید عثمان و چەند پێشمەرگەیەك چوون و لاشەکانیان هێنایەوە.

ئەو قەڵابە تانکیەی کە نەتەقیەوە ٣٦٠٠ سێ هەزار و شەش سەد کیلو (تی ئێن تی) تێدابوو، هەموویان خرابوونە نێو بەرمیلی تایبەتەوە.

جگە لە شەهید (زێرو) و شەهید(فرهاد) و شەهید (عثمان) بە نزیکەی (١٠) مەتر دوری لە ئێمە شەهید (شێخ عمر)یش شەهید ببوو.

من برینەکەم زۆر سەخت بوو ئێستاش پەککەوتەم، هەردوو گوێچکەکانم پەردەیان تەقی و هەردوو دەستم ساچمەیان تێدابوو، شوشە چووبووە ناو چاوەکانم و فەقەراتەکانی پشتم و زۆر شوێنی تر لە جەستم بریندار بووە و دووچاری ڕەبوو کۆمەڵێك نەخۆشی تری درێژخایەن بوومە".



یەکێك لە بریندارەکانی تری ئەو شەڕە و ئەو ڕۆژە (بارزان نادر حبییب) بوو، پێشمەرگەی لەشکری تایبەتی گوڵان بەم شێوەیە باس لە چوونیەتی شەهیدبوونی (شیخ عمر) دەکات و دەبێژێت:"دوای ئەوەی ئۆتومبێلە فۆردەکە هات و دوای ماوەیەك تەقیەوە ئێمە سەلامەت بووین، بەڵام بۆ

جاری دووەم قەڵاپەیەکی پڕ لە (تی ئین تی) بەرەو رووومان هات ئەوکات ئەو سەنگەر و ساترەی پێشەوەی ئێمە (شێخ عمر و جخسی کازم زیتی و فەرزندە و ڕێناسی کوری) لە هەرە پێشەوەی ساترە کە بوون و ئیمەش ٢٠ مەتر لەوان دوور تر بووین، (شێخ عمر) بانگی کردین و وتی:(گوللەی قازیفەمان بۆ بهێنن)، منیش چوومە ناو هەمەرەکە و گوللەی قازیفەم برد بۆ (شێخ عمر)، گوللە قازیفەکەم بەرزکردەوە کە بدەمە دەست (شێخ عمر) هەر لەم ئان و ساتەدا قەڵابەکە تەقیەوە و بەمەودای نزیکەی ٨ مەتر شێخ عمر) بەرزبووە و دورکەوتەوە و دواتر کەوتەوە سەر زەوی کە من خۆم گەیاندە لای (شێخ عمر) هێشتان زیندوو بوو، من بۆ دونیا و بۆ قیامەت ئەو شاهیدیە دەدەم کە ئەوکات (شێخ عمر) ناوی خودای هێنا و شەهادەی هێنا، پاشان گیانی سپارد.

منیش وام هەست کرد ئاگر بە قاچەکانمەوەیە ئەوەندە ئازاری زۆر بوو، دواتر هاوسەنگەرەکانم هاتن برینەکەی منیان کەمێك سارێژ کرد، بەڵام بەداخەوە ئەوەی من بەچاوی خۆم بیینم و لە سەنگەرەکەی ئێمەدا (شێخ عمر و جخسی کازم زێتی) شەهیدبوون و ( فەرزندە و کورەکەشی بەسەختی برینداربوون).




**ئەو هینووپەی شەهیدان بەرگریەکی قارەمانانەی تێدا ئەنجامدا**



**ئەو قەلاپە پڕ لە( تی ئێن تی)یەی داعش ناردی بەمەبەستی تەقاندنەوە و کردەوەی خۆکوژی**

# شەهید ( نعمان عبدالرحمن حسێن عبدالرحمن )



# پێناسی شەهید ( نعمان عبدالرحمن حسێن عبدالرحمن )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٦٨ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١٨ / ١١ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | موهل |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٨٥ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٨ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەیی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | گولله |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی گرکال |

## اشهدا ان لاله الا الله واشهد ان محمد رسول الله
## ئەمەی سەرەوە دوا وشەی شەهید ( نعمان ) بوو

شەهید (نعمان عبدالرحمن حسێن عبدالرحمن) لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی کرگاڵ سەر بە ناحیەی پیران لە قەزای مێرگەسۆر چاوی بەدونیا هەڵێهناوە، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە ناوچە ئازادکراوەکان ژیانی بەسەر بردووە، چونکە لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە ناوچەی بارزان بە ناوچەی قەدەغەکراو لە قەڵەم دراو خەڵکی ئەم دەڤەرە بەشێکیان ئاوارەی وڵاتانی دارووسیێ بوون و ئەوانەی کە مابوونیش بەر شاڵاوی ڕاگواستن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان کەوتن، شەهید (نعمان) بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافی گوندەکەیان لە ناوچە ئازادکراوەکان هەر زوو بە جموجوڵی پێشمەرگە و خەبات و بەرگریکردنی پێشمەرگە ئاشنا دەبێت، شەهید تەمەنی گەنجیەتی لە ئەشکەوت و چوڵ و چیایەکان بەسەر دەبات، هەر زوو دەبێتە ڕێکخستنی حزبی و ئەندامی چالاك و چاونەترسی لێ دەردەچێت و بەهۆی ئازایەتی و چالاکیەکانی ئەوکات لە ساڵی هەشتایەکان مەخزەنێکی پلاستیکی سۆر بەدیاری وەردەگرێت (چونکە ئەوکات ئەو جۆرە مەخزەنانە گرنگی و بەهای خۆی هەبوو)، دواتریش وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان بەشداری چەندین داستان دەکات بە تایبەتی لە گەڵی ڕەش و دەوروبەری، لە یەکێك لە داستانەکان شەهید و چەند پێشمەرگەیەکی تر دەکەوێنە ناو بوسەیەکی دوژمن و شەڕ و بەرگریەکی قارەمانانە ئەنجامدەدەن و بەرامبەر بە و هەموو هێزەی گەورەیەی دوژمن تا شەو لە شەڕکردن بەردەوام دەبن، لە ناو ئاودا و

بەناو قامیشەکانی روخ ئاوەکە لە بەرێگردن بەردەوام دەبن تا درەنگانی شەو و دواتر ڕزگاریان دەبێت.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٧/١٩ لە داستانی خواکۆرك بەشداریەکی چالاکی کردووە، شەهید یەکێك بوو لەو (٦٠) پێشمەرگانەی کە بەهۆی بۆردوومانی فرۆکەکانی عێراق بە چەکی کیمیاوی لە گەڵی ڕەش و گۆندی سیرۆزەروا، بەسەختی بریندار دەبێت، هەر لە هەمان ساڵدا شەهید دەچێتە وڵاتی ئێران.

لە گەڵ هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان شەهیدیش وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی فەرماندەی بارزان، لە چەندین میحوەردا بەشداری دەکات، بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/١٨ لە ئەنجامی شەرێکی قورس بەرامبەر بە دۆژمن و بەهاناوە چوونیان بۆ هاوسەنگەرەکانیان لە فەرماندەی سپیلك، لە میحوەری رەبیعە شەهید دەبێت.

## کاتژمێر( ٨:٠٠ ) هەشت

قودرەت، هاسەری شەهید نەعمان دەڵێت:" بەیانی زوو لە خەو هەستاین و چێشتی بەیانیمان پێکەوە خوارد و خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بچێتە ئەرکەکەی، بەرلەوەی بچێت چووە ژووری منداڵەکان و منداڵەکانی ماچ کرد، وتی:( من دەرووم هەموو ڕۆژێ کاتژمێر(٨:٠٠) بەیانی تەلەفونت بۆ دەکەم)، ڕۆژی دواتر کاتژمێر (٨:٠٠) هەشت چاوم لە زەنگی موبایل بوو، زەنگی لێداو تەلەفونی کرد، بەڵام ڕۆژی دواتر بۆ بە کاتژمێر (٨:٠٠) هەشت تەلەفونی نەکرد و بۆ بە کاتژمێر(٩:٠٠) نوو هەر زەنگی تەلەفونی

نەهات من زۆر دڵگران بووم نەمدەتوانی تەلەفونیشی بۆ بکەم، وتم لەوانیە ئێستا لەهێرشکردن دا بن، بۆ بە کاتژمێر(١٠:٠٠) زەنگی هەر بۆ موبایلەکەم نەهات و ئیتر نەهات... زۆر دڵگران و نیگەران بووم ترس دایگرتم ..."

## کاتژمێر (١٠:٠٠) دە وەڵامی نەبوو

حەکیم کوری شەهید نعمان دەڵێت:"کاتژمێر (١٠:٠٠)ی بەیانی بوو من تاقیکردنەوەی ڕۆژانەم هەبوو پولی ٩ نوو بووم، بەر لەوەی بچمە تاقیکردنەوە، تەلەفونم بۆ باوکم کرد وەڵامی نەبوو...
ناخۆشترین ساتی ژیانم هەواڵی شەهیدبوونی باوکم بوو، بەڵام ئێستا سەربڵندم بە شەهیدبوونی باوکم لە پێناو پاراستنی خاك و کەرامی کورد و کوردستان".

## کورەکەم وانەکانت باش بخوێنە

لە بەردەوامی قسەکانیدا حەکیم وتی:"(هەمیشە باوکم دەیگوت کورەکەم وانەکانت باش بخوێنە و زیرەك بە)، کاتێك نمرەی باشم بە دەست دەهێنا، باوکم زۆر دڵخوش دەبوو"

## هەموو پێشمەرگەکان قارەمانن

ئەمە دوا وشەی کوری شەهیدبوو، کە وتی:"باوکم و هەموو پێشمەرگەکان قارەمانن، قارەمان".

## هەر ئەوندە وشانەم لە زاری شەهیدەوە گوێ لێبوو

شەفیع حالی، یەکێك لە هاوسەنگەرەکانی شەهید دەبێژی:"شەهید نعمان لە پێش ئێمە دەچوو لە هەمەر دابەزی من چەند مەترێك لێ نزیك بووم، لە چرکە ساتێکدا بینم شەهید گوللەی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی من بەهانایەوە چووم و خستمە سەر دەستم بینیم گوللە بەر سینگی کەوتووە و خوێن بەلاشەیدا دەهات، ئەوکات شەهید وتی:(بسم الله الرحمن الرحیم)، دواتر وتی: (اشهدا ان لاله الا الله واشهد ان محمد رسول الله)،

شەهید هەر لە سەر دەستم بوو دواتر ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هات و خستمانە ناو ئۆتۆمبێلەکە و منیش چووم چەکی شەهید بهێنم، بەلاّم ئۆتۆمبێلەکە یەکسەر ڕوویشت و ئیتر هەر ئەوندە وشانەم لە زاری شەهیدەوە گوێ لێبوو، تا شەهید گەیندرایە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا".

فەرماندە منسور بارزانی کوری سەرۆکی هەریمی کوردستان، ئەم هەواڵەی پێدەگات چونکە برایەکی شەهید لەگەڵ فەرماندە لە سەنگەردابوونە، بۆیە فەرماندە دڵنەوایی برای شەهیدی داوتەوە و برای شەهیدی ماچ کردووە و پێگوتووە:(براکەت نعمان بەرەو ڕێگایەکی پیرۆز ڕوویشتووە گیانی لە پاراستنی سنووری کوردستا بەختکرد، خوتان خۆش بن) دواتر ڕەمەزانی برای شەهید لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت ڕەوانەی نەخۆشخانەی دهوك دەکات.

برایەکی تری شەهید بەناوی (نعمت) لە گەڵ فەرماندە ئەحمەد ماڵەسواری، لە شەڕێکدا لە ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی بۆردوومانی سەختی دوژمن شەهید دەبێت.

شەهید دایك و باوك و خێزان و دوو کور و کچێك لە دوای خۆی بەجێدێلێت.

## شەهید ( صبری عبداللّه احمد هادی )



# پێناسی شەهید ( صبری عبداللە احمد هادی )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ٤ / ٤ / ١٩٧٥ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١٨ / ١١ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | نەخوێندەوار |
| دوا پلەی شەهید | مۆهل |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٩١ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی بوکران |

# شەهید صبری عبدالله احمد حادی

لە ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (بوکران)ی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە. هەر لە تەمەنی گەنجی یەوە چەکی شەرەفی هەڵگرتووە و بەشداری لە ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەکات و لە ساڵی ١٩٩٣ دەبێتە پێشمەرگە لە سوپای بارزان تا شەهیدبوونی هەر لە فەرماندەیی بارزان دا خەبات دەکات، لە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتیدا کەسێکی چالاك و بوێر و چاونەترس بوو، لە ناو هەڤالانی دا خۆشەویست بوو.

لەچەندین شەڕ و بەرگریدا بەشداری کردووە و لەگەڵ هاتنی تیرۆرستانی داعش و پەلامارданی هاوڵاتیان و خاکی پیرۆزی کوردستان، شەهید صبری وەك هەر پێشمەرگەیەکی تری قارەمانی ئەم کوردستانە، بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و بەرگریکردن لەکەرامەتی میللەتەکەمان و پاراستنی ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان، شەهید دەچێتە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردن و شان بەشانی برا پێشمەرگەکان بۆ چەندین مانگ بەبەردەوامی دەجەنگێت دژی تیرۆرستانی داعش.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/١٨ لە شەڕو قارەمانیەکی بێ وێنەدا لە میحوەری ڕەبیعە شەهید دەبێت و دەچێتە ڕێزی نەمرانەوە.

## شەهید کەسێکی جیاواز و نمونەیی بوو

شلێری هاوسەری شەهید دەڵێت:"لە ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیرم لەگەڵ صبری کرد و زور بەختەوەر و دڵخوش بووین، خودا (٥) پێنج منداڵی پێی

بەخشیوین، شەهید کەسێکی جیاواز و نمونەیی بوو، زۆر حەزی لە ماڵ و منداڵ و میوانەکانی دەهات".

## بەگرنژینەوە (بای – بای) کرد

شلێری خێزانی شەهید صبری وتی:"لە دوا ساتی ڕوویشتنی هاوسەرم شەهید صبری بۆ ئەرکی پێشمەرگایەتی لەبەر دەرگای حەوشە لە ئۆتۆمبێل سوار بوو، بە دەستی (بای - بای) بۆ من و کچەکەم (مهناز) کەلە باوەشم بوو کرد، بە گرنژینەوە (بای - بای) کرد تاکو ئۆتۆمبێلەکە دورکەوتەوە، ئێمەش بەهەمان شێوەی شەهید (بای - بای) مان بۆ کردەوە، ئەو (بای — بای) یە هەرگیز لە پێش چاوم ناچێت ئەم جارەیان زۆر جیاوازتر لە جارەکانی پێشوتر بوو".

## حوریەکەم مهناز

بە بەردەوامی پەیوەندی تەلەفونیمان پێکەوە دەکرد، دواجار بەر لە شەهیدبوونی تەلەفونم بۆ هاسەرەکەم شەهید صبری کرد، هەر دەیگوت: (حوریەکەم مهناز) چوونە و چی دەکات؟".

ئەمە دوا قسەی نێوان شەهید و شلێری هاوسەری بوو، کە بۆ دواجار گوێبیستی دەنگی هاسەرەکەی بووە.

بە پێی ناسنامەی باری شارستانی (مهناز) لە دایکبووی ٢٠١٣/٦/٢٠ واتە ئەوکات تەمەنی (مهناز) کەمتر لە ساڵ و نیوێك بووە.

## دایە تەلەفون بۆ باوکە بکە

شلێر بەردەوام بوو، وتی:"ماوەیەکە مهناز بە بەردەوامی باسی باوکی دەکات و هەمیشە دەڵێت:(دایە تەلەفون بۆ باوکە بکە و بزانە لە کوێیە؟!! و چی دەکات؟! و کەی دەگەڕێتەوە؟!).

من هەمیشە بێ دەنگ و کز دەبم بەرامبەر بە پرسیارەکانی مهناز، هیچ وەڵامێکم بۆی نیە و نازانم چ بەرسڤێکی بدەمەوە. لە هەمانکاتیش دا هەنێ جار مهناز دەڵێت:(دایە با بچینە سەر گۆڕستان بیری باوکم دەکەم)".

## دوای ( ٩ ) نوو چرکە لە پەیوەندی تەلەفونیەکەی نێوانیان چی ڕۆیدا

هاوسەری شەهید بەردەوام دەبێت لە قسەکانی بە هەنسکی گریانەوە دەڵێت:"دوای (٩)نوو چرکە لە پەیوەندییە تەلەفونیەکە، هەواڵی شەهیدبوونی هاوسەرم (صبری)یم پێگەیشت".

## خواردنی ( ماسی ) بوو

شلێر لە درێژەی قسەکانیدا وتی:"دوا خواردن کە بۆ هاوسەرەکەم (صبری) درووستم کرد خواردنی (ماسی) بوو، صبری هاوسەرم زۆر حەزی لە خواردنی ماسی بوو هەمیشە ماسیم بوی درووست دەکرد".

## خومان بە لایلون دا پوشیووە

شلێر وتی:" هەر لە دوا پەیوەندییە تەلەفونیەکەدا، صبری وتی:(دوێنێ شەو بارانێکی زۆر هاتووە ئێرە هەمووی قوڕ و لیتەیە خۆمان بە لایلون

داپوشیووە و لەناو ئەم قۆرەدا بەرگری و شەڕ دەکەین)، بەر لە کاتژمێر (١١:٠٠) یازدەی بەیانی بوو، وتی:(زۆرم برسییە و هیچم نەخواردووە، بە برایەکەتم وت:( برۆ بزانە لە ناو هەمەرەکە هیچ کێك و خواردەمەنیەکی تێدایە؟) هەر بەم سکە برسیەوە گیانی سپارد، ( برام لە گەڵ صبری پێشمەرگە بوو لە یەك سەنگەردا بوون)".

## شەهید (صبری) کوللەیەکی قەناسی بەرکەوت

فەریق یەکێك لە هاوسەنگەرەکانی شەهید صبری یە و لە هەمانکاتدا هاوسەری خوشکی شلێری خێزانی شەهید (صبری)یە دەڵێت:"دوای شەڕ و بەرگریەکی زۆر، شەهید صبری لە رادەبەدەر دەجەنگا دژ بە دۆژمن، من گۆتم:( صبری ئاگاداری خوت بە ئەوەندە سەرت بەرزمەکەرەوە ئەوانە لە هەموو لایەکەك قەناسیان داناوە)، بەڵام ئەو گوێی پێنەدام و هەر بەردەوام بوو بەراستی قارەمان و بە جەرگ بوو، بەڵام بە داخەوە دوای ماوەیەکی کەم بینیم شەهید (صبری) کوللەیەکی قەناسی بەرکەوت لە نێوچەوانی کەوت پشت برویەکەی، منیش یەکسەر چووم بەرەو ڕۆی ئۆتۆمبێلی هەمەر بۆ ئەوەی بیگوازینەوە".

## ویستی شتێکم پێ بڵێت

پێشمەرگەیەکی تری هاوسەنگەری شەهید دەڵێت:"کاتێك (صبری) کوللەی بەرکەوت من سەری شەهیدم لەسەر ڕانم دانا، ویستی شتێکم پێ بڵێت، بەڵام کاریگەری برینەکەی ئەوەندە زۆر بوو نەیتوانی قسە بکات و دەنگی

بەسەر نەکەوت و تەنیا جولەی لیوەکانی نەبێ، وتم(صبری) بلێ؟ بەلام نەیتوانی و گیانی سپارد".

## ئیتر دوای شەهیدبوونی باوکی، ناوەکەی هیچ واتایەکی نەماوە

کورە گەورەکەی شەهید (صبری) ناوی (کەیفی)یە، هەرگیز نەیتوانیووە بۆ چرکە ساتێکیش لە هزر و خەیاڵی باوکی دەربچێت، ئەو ئێستا زیندووە بەڵام بە رابردووی باوکی دەژیت، چونکە کەیفی و (صبری) جگە لەوەی باوك و کور بوون دوو هاورێی گیانی بە گیانی یەکتریش بوونە، باوکی کەیفی فێری ئۆتۆمبێل لێخورین دەکرد و لە گەڵ باوکی دەچوویە دەرەوە و بۆ هەر شوێنێك بررویشتایە کەیفی لەگەڵ بوو، کەیفی لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ واتە لەکاتی شەهیدبوونی باوکی تەمەنی کەیفی (١٢) ساڵان بووە، ئێستاش تەمەنی (١٤) ساڵانە بەداخەوە بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە کەیفی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و وازی لە خوێندن هێناوە، هەرچەند کەیفی واتای خوشی و کامەرانی ئاسودەییە، بەڵام ئەم واتایە تا ئەوکاتەبوو هەتا باوکی لە ژیاندا بوو، ئیتر دوای شەهیدبوونی باوکی، ناوەکەی هیچ واتایەکی نەماوە بۆ کەیفی.

کەیفی تەنها ئەوەندە دەڵێت:"منیش دەبمە پێشمەرگە و جێگای باوکم دەگرمەوە، خەبات و بەرگری لە خاك و سنووری کوردستان دەکەم".

## گریان بووە بە پیشە و خوارکی بەردەوامی

شلێر بەردەوام بوو، وتی:"ماردینی کچم هەمیشە دەگرییێت ئیتر گریان بووە بە پیشە و خوارکی بەردەوامی نەك تەنها بۆ ماردین، بەڵکو بۆ من

و هەموو منداڵەکانم لە کاتی تەنیایی و بێدەنگی دا گریان هاورێی و هەدارمانە، منداڵەکان هەمیشە دەڵێن:(دایکە بیری باوکمان دەکەین)، ئەو ساتانە من زیاتر ناخم دەهەژێت".

## پێی بلیٚ کەی دیٚتەوە؟!

"مهناز هەمیشە دەڵێت:(دایە تەلەفون بۆ بابە بکە پێی بلیٚ کەی دێتەوە؟!) هەمیشە لەم جۆرە پرسیارانە دەکات، منداڵەکانی ترم پێم دەڵێن دایە خوزگە کاتێك باوکمان شەهید دەبوو مهناز تەمەنی گەورەتر بوایە بۆ ئەوەی وەکو ئێمە بێ ئومێد دەبوو لە گەڕانەوەی باوکمان، تاکو چیتر توی بەم پرسیارانە ئازار نەدەدا، چیتر پرسیاری باوکمانی لە تو نەدەکرد".

## وتی:(دونیا هیچ نیە)

شلێر دەبێژێت:"ماوەیەك بوو شەهید (صبری) زۆر گۆرابوو، هەمیشە دەم بە خەندە و دلٚ فراوان بوو نازانم جۆرێکی تر بوو، پێنج ڕۆژ بەر لەوەی بۆ دوا جار بچێتە ئەرکی پێشمەرگایەتی، من تەندروستیم باش نەبوو منی بردە شاری سۆران بەمەبەستی چارەسەرکردن بۆ لای پزیشك، دوای تەواو بونمان گەڕاینەوە لە ڕێگادا هەر دەیگوت:(خوزگە وا زوو نەگەرابایینەوە توم بردبوایە ماڵی دایك و باوکت، چونکە باوکت تەندروستی باش نیە)، وتی:(دونیا هیچ نیە) دەبوایە هەر چوباینە لایان، وتم (صبری) نەدەکرا لەبەر منداڵەکان ئەوانیش بەتەنیا لە ماڵەوەن".

## چایدانەکان سوتان

لە درێژەی قسەکانیدا شلێری هاوسەری شەهید وتی:" هاوسەرەکەم سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی پیشەی نەجاریشی دەکرد، دوو ڕۆژ بەرلەوەی شەهید بچێتە ئەرکی پێشمەرگایەتی من و (صبری) هاوسەرم لە دەرەوە تەختە داری نەجاریمان کۆ دەکردەوە زۆر یادگاری و قسەی خۆشی بوی گرێرامەوە، منیش چایەم لەسەر تەباخەکە دانابوو چونکە زۆر حەزی لە چایە بوو، بە هۆی گێرانەوەی ئەو یادگاریە خۆشانەی من لەبیرم کردبوو کە چایدانەکان لە سەر تەباخەکەن، کە بەئاگاهاتم و چوم سەیرم کرد چایە و چایدانەکانم سوتاون، کەڵکی خواردنەوە و بەکارهێنانیان نەمابوو، وتم (صبری) ببورە چایدانەکان سوتاون نەمتوانی چایەت بۆ بێنم، وتی:(هیچ نیە تەنها ئێوە سەلامەت بن)".

## سەربەرزین بە شەهیدبوونی کورمان

دایك و باوکی شەهید تەنیا ئەوندە دەڵێن:"سەربەرزین بە شەهید بوونی کورمان لە پێناو پاراستنی خاك و شەرەف و کەرامەتی کورد و کوردستان".

## داوای سەر گۆڕی باوکی دەکات

شلێر دواتر وتی:"ئارامی کورم لە شاری سۆرانە هەرچەند تەمەنی بچوکە، بەڵام لە قوتابخانەی نمونەیی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنێ، هەر لە قۆناغی سەرەتاییە، من بە ترسەوە تەلەفونی بۆ دەکەم چونکە دەست دەکات بە گریان و عاجز دەبێت.

کە دەگەڕێتەوە داوای سەر گۆڕی باوکی دەکات، بەڵام من دڵم نایە لەو تەمەنەدا منداڵەکان ببەمە سەر گۆڕستان زۆر کەم دەیان بەم".

## دەنگی قورئانی پیرۆز لەسەر گۆڕەکەی پێ دەکەم

شلێر بە هەنسکی گریانەوە وتی:" من هەمیشە دەچمە سەر گۆڕی هاوسەرم، دەنگی قورئانی پیرۆز لەسەر گۆڕەکەی پێ دەکەم، بەم شێوەیە دڵم ئارام دەبێتەوە".

## ئێستا هەموو لاشەی تەربووە

"دوای شەهیدبوونی شەهید دوای ناشتنی لە گۆرستانی گوند، ئەو حەفتەیەی دوای شەهیدبوونی بارانێکی زۆر ڕۆژانە دەباری، من وام هەست دەکرد کە هەر دڵۆپێکی ئەم بارانەی بەسەر گۆڕەکەیدا دەباری بەسەر سەر و چاو و لاشەمدا دەباری، هەتا بەیانی لەبەر پەنجەرە سەیری بارانەکەم دەکرد، دەگریام و لە بەر خوومەوە دەمووت:(ئێستا سەرمایەتی، برسیەتی ئێستا هەموو لاشەی تەربووە؟؟!!)".

## نزا بکە بەفر بباری

"ئێستاش کە بەفر دەبارێ تا درەنگانی شەو دەگریێم، لەگەڵ هاتنە خوارەوەی هەر دڵۆپێکی بەفر فرمێسك لە چاوانم دێتە خوارەوە، چونکە هاوسەرم (صبری) زۆر حەزی لە هاتنی بەفر بوو هەموو کاتێك دەیگوت: (شلێر، دوعا و نزا بکە بەفر ببارێ، زۆرم حەزلە هاتنی بەفرە).

دوای بارینی بەفر دەچووە لای هاورێیانی، دەچوونە چیا شوێنەکانی تر

دەی گوت:(کاتێك بەفر دێت کەو و باڵندەکانی تر نزیك دەبنەوە)، زۆر حەزی لە جوانی و دەنکی کەو بوو، زۆرجار خوراکی بۆ کەوەکان دەبرد".

دایك و باوکی شەهید لە ژیاندا ماون، پێنج برا و دوو خوشکی تری هەیە جگەلە خوشکێکی شەهید (صبری) لە هەموو ئەوانەی تر گەورە تربوو، شەهید(صبری) هەمیشە هاوکاری باوکی دەکرد، شەهید (صبری) هاوسەر و دوو کور و سێ کچی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە.

## شەهید ( عبدالوهاب مصطفى فقى حمد )



## پێناسی شەهید ( عبدالوهاب مصطفى فقى حمد )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٥٨ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٤ / ١٢ / ٢٠١٤ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | ناوەندی |
| دوا پلەی شەهید | عقید |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٨٠ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٥ / وڵاتی ئێران |
| زیندانیکراوە | - |
| برینداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ڕەبیعە |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی گورەبەکروسك |

## ژیاننامەی شەهیدی نەمر ( عبدالوهاب مصطفی فقی حمد )
## بە پێنووسی ( جبار)ی کوری شەهید

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

"درووود و سلاّو بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان سەرووەریان باوکی رۆحی و ئیدریسی هەمیشە لە یاد.

شەهیدی نەمر (عبدالوهاب مصطفی فقی) دۆڵەمەری لە ساڵی ١٩٥٨ لە بنەماڵەیەکی مریدان و تابعانی تەریقەتی بارزان چاوی پڕ سۆز و وەفاداری بۆ ئەم ڕێبازە پیرۆزە لە گوندی ببێل سەر بە قەزای مێرگەسۆر هەڵهێناوە، لە ڕیزبەندی شەهیدان پێنجەم شەهیدی بنەماڵەیە.

ساڵی ١٩٧٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و هەشت کور و شەش کچی هەیە، خێزانی دووەمی لە ساڵی ٢٠٠٣ هێناوە و لەو خێزانەش یەك کور و سێ کچی هەیە، شەش کوری پێشمەرگەن.

لە ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ڕیزی پێشمەرگایەتی لە قوەت بارزان لە شەڕە بەناوبانگەکانی: مێرگەسۆر، گەروا خەجیجێ، کوڵەکان و حەیات... هتد بەشداری کردووە، ڕۆلێکی بەرچاوی هەبووە.

لە ساڵی ١٩٨٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت، لەسەر ئەمری ئیدریس بارزانی لە گەڵ برایەکانی لە هاشم ئاباد نیشتەجێ دەبن.

لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداری شەڕی خواکۆرك دەبێت ئاموزایەکی بە ناوی (حمد چاوشین) شەهید دەبێت، بەشداری کردنی لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و هەر لە پایزی هەمان ساڵیش گەڕاینەوە کوردستان.

لە دەستپێکی شەڕی ناوخۆ تا کۆتایی بەشدار بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن جەنابی سەرۆك و نێچیرڤان بارزانیەوە خەڵات دەکرێت، هەر ئەو ساڵ دەکرێتە ئامر فەوج لە سوپای بارزان.

دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ لە گوێر دەستی بە چالاکی خوی کردووە، دواتر بە بریاری بهزاد بارزانی دەگوازرێتەوە بۆ سەدی موسل.

بەیانیەك کاتژمێر (١٠:٣٠) خولەك باوکم تەلەفونی بۆ کردم، فەرمووی: (کورم لە ماڵی)، گوتم: (بەڵێ)، فەرمووی:(من دێمەوە و ئیشم پێتە)، منیش وتم: (نابێت تۆ بێیت باوکە من دێم)، فەرمووی:(نا کورم من دێم، تۆ دەبینم و منداڵەکانیش دەبینم)، کە هات پێکەوە دانیشتین فەرمووی:( کورم کەس لە باوك خۆشەویستتر نیە لە دونیا، بەڵێ واللەهی سەرۆك و نێچیرڤان لە باوکیش خوشەویستترن)، فەرمووی:(کورم وەختی ئێمە هاتووە قوربانیەك بدەین منیش خۆم بۆ ئامادەکردووە، ئەگەر خواد و مشایێخێت بارزان بەنیسب بکەن)، منیش وتم:(باوکە ناوی خوای بێنە تو خێرە)، گوتی:(کورم واللە وەختە) و وەسیەتی کرد بۆ تازیەی خۆی زۆر لەسەر تفاقی برایەتیمان قسەی کرد، دواتر فەرمووی:( وەعدم مەشکێنە کە بە مامی توم داوە چاوت لە هەردووك دایکت بێت و عایدی تویە)، دوای چەند ڕۆژێك گەڕایەوە بۆ سەدی موسل لە کاتی هێرش بۆ سەر سوپای سپیلك لە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ ی مانگی ١١ لە ناحیەی ڕەبیعە.

بۆ بەیانی بە بریاری بهزاد بارزانی داواکرد لە فەوجی دۆڵەمەری کە موسی شێروکیە، بچن بۆ هاوکاری سوپای سپیلك، کە گەیشتبوونە ئەوێ باوکم لە باجەر دائەبەزێت و دەچێتە سەر ساتر لەو کاتە بریندارێکی

پێشمەرگە دەبینێ، باوکم لەناو ساتر دەچێت بۆ ڕزگارکردنی لە ڕێگا چوار داعش دەکوژێت بە شاهیدی برا پیشمەرگەکانی، دوای کوشتنی ئەو داعشانە لە ساتر دەرئەچێت بۆ بریندارەکە کە دەچێت لە پشتەوە داعشێك لە ژێر هەمەرێکی سوتاو خۆی حەشار دابوو لە پشتەوە تەقە لە باوکم دەکات و بریندار دەبێت دواتر مام خوشەوی لە هاواری باوکم دەچێت ئەویش بریندار دەبێت.

پاش بەرگرییەکی زۆر برا پێشمەرگەکان بۆ سەعات و نیوێك نەیان هێشت باوکم بەکەوێتە دەستی تیرۆرستانی داعش، پاش ڕزگارکردنی رەوانەی نەخوشخانەی فریاکەوتنی دهوك کرا، تا کاتی گەیشتنی هەشت سەعاتی پێ چوبوو، ئێمەش گەیشتینە ئەوێ فەرمووی:(من نەچووبوم ئەمرو ببینم الحدالله ئەم جارەیەش یەکترمان دیتەوە، گوتی کورم من خزام کرد خۆشم لە سەر دانا ئەوجا بەسە ئەگەر بشمرم هیچ عاجزنەبن هەمووم بۆ سەربەرزی ئێوە بوو).

لە کاتی نەشتەگەری بەرێز (دلوڤان) پەیوەندی پێوە کردین فەرمووی: (بەس چارەسەر هەبێت لە هەر شوێنێك بێت عایدی من)، بۆ ڕۆژی پاشتر ڕەوانەی وڵاتی تورکیا کرا، بەراستی بەرێز (دلوڤان) هەموو قورسایەکی لەسەر شانی ئێمە هەڵگرت، دوای ١٤ ڕۆژ لە وڵاتی تورکیا لە ژێر چاودێریەکی توندی دکتورەکان قەدەری خوا بۆ ئێمەی نەهێشت ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٤ گەیشتە کاروانی سەربەرزی و نەمران، بە خوێنی ئاڵی خوی ڕێگای ئێمەی روناك کرد، تا ڕێبواری هەمان ڕێگا بین سەربەرزین بە تووە باوکە گیان، چونکە زۆر کەس لە ڕێبوارانی تەریقەتی بارزان

شاهدیان بۆ تۆ دا، تا خوێنی تونە ڕژا ئەفسانەی داعش نەشکا هەر لەم ڕۆژەدا داعش توشی شکست و نەمان هاتن.

باوکم پیاوێك بوو هەمیشە لەگەڵ ئیمە و خزم و دوست و ناسیاران خۆشی و بەختەوەری دەبەخشی و لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان مەوقفێکی زۆر باشی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا بریاری هەبوو خەڵکیش ڕێزیان لە بریارەکانی دەگرت، لە ماڵەوەش زۆر حەزی لە میوان دەکرد هەمیشە حەزی دەکرد خوان و سفرەی گەرم بێت و پڕ لە میوان بێت، زۆر نان دەر بوو، هەمیشە حەزی دەکرد ئێمە کورەکانی لە دەوری کۆببینەوە سەرەرای ئامۆژگاری و هاندانمان بۆ خۆشەویستی خاك و وڵات و نیشتیمان، بە سوعبەت و قسەی خۆش و پێکەنین و خۆشی و بەختەوەری بە ئێمە دەبەخشی.

لە رادەبەدەری هاوکاری خەڵکی دەکرد ئەگەر زبارە (هەرەوەز) هەبووایە ئەگەر خوی تەیتوانبا بچێت، لە جیاتی خۆی دوو کوری خۆی بۆ هاوکاری ئەوان دەنارد، ئەگەر ئێشەکە قورس بوایە هەمووومانی دەنارد.

زۆر حەزی لە تفاق و خزمایەتی و مللەتینی دەکرد هەموو جارێ دەی فەرموو:( کورەکانم هەرگیز کارێك مەکەن کە لە دواییدا پەشیمان ببن لەگەل بەرامبەرەکەتان هەمیشە سەربەرز بن).

بەرەحمەت بێ باوکی شەهیدم ئەگەر کارێکی بەمن هەبوایە، بیویستبوایە شتێکم پێ بلێ، هەرگیز لە ماڵەوە بەمنی نەدگوت هەموو کاتی منی دەبرد شوێنکی چۆل و دوور لە ماڵەوە قسەکانی بەمن دەوت.

هەموو کاتێك دەی فەرموو:(کورم من و تۆ جگە لە باوك و کور دوو هاورێن و هەمیشە حەز دەکەم زوو زوو بتبینم، کە دەتبینم دڵم زۆر خۆش دەبێت).

بەراستی باوکم نموونەی ئەخلاق و ڕەوشت بەرزی و مەیلداری بوو، شەوانە هەمیشە چاوی لە کاتژمێر بوو سەیری شاشەی تلەفزیونی دەکرد بۆ ئەوەی سەیری هەواڵەکان بکات، بەڵام ئەگەر لە جیهانا دونیا خراپ و وێران ببوایە، ئەگەر لە شاشەی تەلەفزیون جەنابی سەرۆك و کاك نیچیرڤان و کاك مسروری نە دیتبوایە، دەیگوت: (بەراستی ئەم شەو هەواڵەکان هیچ نەبوون).

بەراستی هەرچەند باسی باوك بکرێت هەر کەمە بەڵام چیبکەین بە قەدری خودا رازین و شوکرین و گۆری بارزان بێت، بەڵێن بێت ئێمەش لەسەر هەمان ڕێباز بین، ئاسوودە بخەوە باوکە گیان ڕێگای سەرفرای نەمری چۆڵناکەین، تا لەو دونیاش دەگەین بەتوو.

روحت شاد جێگەت بهەشتی فیردەوس بێت انشاالله.

باوکم پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەکەمانە، بنەماڵەی(ملا حمد ملا رحیم) سەربەرزم بە قوربانیدانی ئەوان ئێمەیان کردە بارزانی ئەمر، بەسەربەرزیەوە بارزان هی خۆمانەو خۆشمان بارزانین، ئێستا بە براو کۆرەکان و برازایەکانی شەهید عبدالوهاب (٣٤) سی و چوار کەس پێشمەرگەین، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزیمانە بۆ بارزان و جەنابی سەرۆك.

لەو خزمەتە گەورەیەوە بە قوربانیەوە ئەگەر غەدریش لێمان کرابێت کوڵمان نەداوەن چونکە خۆمان بە بارزانی ڕاستەقینە زانیووە".

**شەهیدانی بنەماڵەمان بنەماڵەی (ملا رحیم شیخاری):**

**١- شەهید فقی حمد**

**٢- شەهید چاوشین عبید**

**٣- شەهید حمد چاوشین**

**٤- شەهید تحسین خدر**

**٥- شەهید عبدالوهاب مصطفی**

# شەهید ( عثمان عبدالرحمن مسیح ابراهیم )



# پێناسی شەهید ( عثمان عبدالرحمن مسیح ابراهیم )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٥٧ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١١ / ١ / ٢٠١٥ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | ناوەندی |
| دوا پلەی شەهید | لیوا |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٧٤ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ / وڵاتی ئێران |
| زیندانیکراوە | - |
| برینداربووە | ٤ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی بارزان/ جێگری فەرماندە |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | سوڵتان عبداللە |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | مێرگەسۆر |

# شەهیدی فەرماندە، لیوا عثمان عبدالرحمن پیرانی

مەردایەتی، پیاوەتی، کۆمەلآیەتی، ڕۆشنبیری، کارگێری، سەربازی، ژینگە پارێزی، رۆح سوکی، سادەیی، پێشمەرگایەتی، قارەمانیەتی، ڕاستگویی، دڵسۆزی، فەرماندەیی، سەرکردەیی، وەفاداری، بە بەزەیی، فیداکاری، خۆنەویست، سەر ڕاست، خاوەن گفت... ئەمانە و سەدان وشەی تر سیفات و ڕەوشت و هەڵسۆکەوتی شەهیدی فەرماندە بوون.

ئەو شەڕ و مەفرەزانەی کە شەهید بەشداری تێدا کردووە:

١- لێدانی فەوجی ئەشکەوتووان ١٩٨٠/١١/٢٠

٢- لێدانی رەبیەی لێلوك ١٩٨٠/١١/٢١

٣- ئەنجامدانی مەفرەزە لە "گۆرا گومێ" ١٩٨١

٤- لێدانی رەبیەی باوەی ١٩٨١

٥- شەڕی محمد شا ١٩٨٣/٣/٢٠

٦- شەڕی عەربە و کۆیکا (وەزنێ) ١٩٨٣/٣/٨

٧- شەڕی چیای پیران ١٩٨٦

٨- بەشداری کردنی چەندین مەفرەزەی جیاواز لە ١٩٨٦/٩/١٨ تا ١٩٨٦/١٠/٢١

٩- شەڕی مێرگەسۆر ١٩٨٧

١٠- شەڕی شکێرێ بێشوون ١٩٨٨/٨/٣

١١- شەڕی دەریا سۆر و بەرمیزە ١٩٨٨/٨/٤

١٢- کەمینەی چەمەلوا ١٩٨٨/٨/٧

١٣- شەڕی گوزە پانکێ ١٩٨٨/٨/٨

١٤- شەڕی سەرێ خەروانێ ١٩٨٨/٨/١٤

١٥- شەڕی چیای کتکینێ ١٩٨٨/٨/١٨

١٦- شەڕی چیای زەرواڤا ١٩٨٨/٨/٢١

١٧- شەڕی کۆڕاڤا ١٩٨٨/٩/٤

١٨- شەڕی کەرکوك ١٩٩١/٣/٢٣

١٩- شەڕی یەکەمی کۆڕێ ١٩٩١/٤/٧

٢٠- شەڕی دووەمی کۆڕێ ١٩٩١/٤/١١

٢١- لێدانی رەبیەی ناو گردوکا (لای ژێرێ خەردنێ)

٢٢- لێدانی دائیرەی کارەبای مێرگەسۆر

٢٣- لێدانی فەوجی گۆڕا میرزای

٢٤- لێدانی رەبیەی گردێ گا

٢٥- لێدانی رەبیەی نیوەخینێ

٢٦- لێدانی رەبیەی لەنگەروکێ (لای ژێری گۆرەتوو)

٢٧- لێدانی رەبیەی ملێ تاڤۆکێ (هنداڤ گۆرەتوو)

٢٨- لێدانی تۆپخانەی مێرگەسۆر

٢٩- کەمینەی (لای ژێرێ خەردنێ)

٣٠- لێدانی رەبیەی گەلی سۆرێ

٣١- لێدانی رەبیەی خوشکان

٣٢- لێدانی مقر سریەی خوشکان

٣٣- شەرێ چقل مصطفی

٣٤- شەڕی شاولە

٣٥- شەڕی مصیف (صلاح الدین)

**ئەمانە تەنها ئەو شەڕو هێرشانەن کە دژبە حکومەتی بەعسی عێراقی ئەنجامدراون.**

**ئەو شەڕانەی شەهید تێدا بریندار بووە:**

**١- شەڕی مێرگەسۆر ١٩٨٧**

**٢- شەڕی کتکینێ ١٩٨٨/٨/١٨**

**٣- شەڕی کۆڕاڤا ١٩٨٨/٩/٤**

**٤- شەڕی کۆڕێ ١٩٩١/٤/١١**

**چەند کارو چالاکیەکی شەهید:**

**١- ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کرد**

**٢- ساڵی ١٩٧٩ بووە پێشمەرگەی قوەت بارزان و بەشداری شۆڕشی گوڵانی کرد**

**٣- بەشداری کردن لە خۆلی ڕاهێنانی چەك، لە ئۆردووگای زێوە ساڵی ١٩٧٩**

**٤- بەشداری کردن لە خۆلی کادێرانی پارتی ساڵی ١٩٨١**

**٥- لە ١٩٨٨/٤/٤ بووە ئەندامی ڕێکخراوی قەلەندەر**

**٦- ساڵی ١٩٩١ هێزی دەربەندی کۆڕێ دامەزرا، کە شەهید عثمان بووە بەرپرسی هێزەکە.**

**٧- لە ساڵی ١٩٩١ لە(کەرکوك، پردێ، هەولێر، بەحرکە، مصیف-صلاح الدین-، هەریر، خلیفان و سۆران) بەشداری ڕاپەرینی کردووە.**

**٨- لە ١٩٩٢/١٢/١١ بووە یەکەم قایمقامی قەزای مێرگەسۆر لە دوای ڕاپەرین، تا کۆ ١٩٩٨/٨/٥**

٩- لە ١٩٩٤/٥/١٢ بووە ئەندام لیژنەی ناوچەی مێرگەسۆر.
١٠- لە ساڵی ١٩٩٩ دەبێتە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی بارزان.
١١- بەشداری کۆنگرەی(١٠، ١١، ١٢، ١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە.
١٢- لە کۆنگرەی (١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان مەدالیای بارزانی پێ بەخشراوە.

جیا لەم هەموو کارو چالاکیانە کە شەهید عثمان پیرانی ئەنجامی داوە، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی تیرۆرستانی داعش پەیوەندی بە سەنگەرەکانی شەڕەوە کردووە، وەك فەرماندەیەکی ئازاو لێهاتوو تا ئەو ڕۆژەی کە شەهید دەبێت لە زۆربەی هەرە زۆری میحوەرەکان ڕوڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بینیووە بە تایبەتی لە میحوەری گوێر-مخمور، لیوا عثمان عبدالرحمن مسیح ناوسراو بە عثمان پیرانی لە ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی پیران لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/١١ لە میحورەی گوێر - مخمور لە بەرزایەکانی سولتان عبدالله شەهید دەبێت و گیانی خۆی فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان دەکات.
لە هەر شوێنێك دەنگی تەقە و خەبات و بەرخوادن هەبووایە فەرماندە عثمان پیرانی لە وێ بوو، مخابن لە کاتێکدا هەموو کوردستان پێویستی پێ بوو عثمان پیرانی ماڵئاوایی لێکردین.



شەهید عثمان پیرانی، پەکخستنی ئۆتۆمبێلێکی درعی تیرۆرستان

## شەهیدی زیندوو

فەرماندە سیروان بارزانی دەڵێت:"ئێمە هەمیشە بە عثمان پیرانی مان دەگوت: (شەهیدی زیندوو) ئەگەر پیاو چەند قارەمان بێت، هەر دەگاتە قارەمانیەتی عثمان پیرانی چونکە قارەمانیەتی لەوە زیاتر نیە".

## تانك شكێن

لە درێژەی قسەکانیدا فەرماندە سیروان بارزانی دەڵێت:"هەمیشە دەم گوت: (تانك شكێن)، چونکە چوار جار تانکی و مدەرعەکانی دوژمنی تێك شکاندووە.

- لە ساڵی ١٩٩١ لە (معسکر خالید) لە ڕاپەرینی کەرکووك تانکیەك تێك دەشکێنێت

- لە ساڵی ١٩٩١ دەبابەك تێك دەشکێنێت.

- دووجار لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش، دەبابەی تیرۆرستان تێك دەشکێنێت".

## خۆزگە شەهید دەبووم

زەرد هاوسەری شەهید عثمان پیرانی دەڵێت:"تەنیا دوو ڕۆژ بوو عثمان لە ئەرکدا گەرابویەوە، وتیان:(پێویستە دووبارە بهێیتەوە ئەرك). لەم دوو ڕۆژەدا ڕۆژێکیان من و عثمان دەچووین بۆ سۆران، لە ڕێگا وتم:( عثمان ئاگاداری خۆت بە لە هێزەکانی دۆژمن خۆت بپارێزە) شەهید عثمان وتی:(خۆزگە شەهید دەبووم مەزنترین ئۆمێدم شەهیدبوونە لە پێناو خاك و نشتیمان).

## باوکە کەی دەگەڕێیتەوە؟!

"لیهات تەمەنی تەنیا (٣) ساڵ بوو لە کاتی شەهیدبوونی باوکی، ڕۆژانە دەچێتە پێش وێنەی باوکی و ماچی دەکات دەڵێت:"باوکە کەی دەگەڕێیتەوە؟!".



لیهات لەگەل وێنەی باوکی شەهیدی

## باوکە وەرە تۆپەڵە بەرفرانێ بکەین.

دایکی لێهات لە بەردەوامی قسەکانیدا دەڵێت:"ئەو شەوەی کە بۆ بەیانیەکەی بریاربوو شەهید بچێتەوە ئەرکی پێشمەرگایەتی، لەلای ئێمە بەفر هاتبوو (مەیان و ڕوشنا و دێرین و لێهات و محمد) بە هەرپێنج یان یاری تۆپەڵە بەفرینەیان لەگەڵ عثمانی باوکیان دەکرد، لێهاتی بچوك زۆر

حەزی لەم یارییە بوو، ئێستاش کاتێك دەچێتە سەر گۆرستان ئەگەر بەفر بێت لێهات تۆپەڵە بەفر درووست دەکات و بەرەو رووی کێلی باوکی دەهاوێژێت و دەڵێت:(باوکە وەرە تۆپەڵە بەرفرانێ بکەین)".

## لێهات کاتێك دەچێتە سەر گۆڕی باوکی چی دەکات؟!

"لێهات کاتێك دەچێتە سەر گۆڕی باوکی زمانی بە سەرخوڵی سەر سینگیدا دەهێنێت یاخۆد بەسەر کێلەکانی شەهید، چونکە هەمیشە زمانی بەسەر ڕوومەتی باوکی دا دەهێناو باوکی (قتیلانکە)ی دەبووە".

دواجار کە شەهید عثمان لە ماڵەوە چوو بۆ ئەرك بە محمدی وت:"کورم من دەڕوم هەردوو دایك و خوشکەکانت و برایەکەت ئامانەتی توون".

## منداڵەکان چوونەتە قوتا بخانە

زەردی هاوسەر شەهید لە بەردەوامی قسەکانیدا وتی:"لە دوا پەیوەندی نێوان من و هاوسەرەکەم کە کات ژمێر ٨:٤٧ دەقیقەی بەیانی بوو، هاوسەری شەهیدم وتی:(منداڵەکان چوونەتە قوتابخانە و وانەکانیان باش خوێندووە) دواتر وتی:(ئاگاداری منداڵەکان بە با بەباشی بخوێنن و لە تاقیکردنەوەکان نمرەی باش بە دەست بێنن).

پاشان کاتژمێر ٩:٠٤ دەقیقە تەلەفونم بوی کردەوە وتی:(ئوخەی گوێم لە دەنگت بوو)، دیار بوو هاورێیانی لەلای بوون چونکە قاقای پێکەنینی هاورێیانی هاتە بەر گوێم منیش بە پێکەنینەوە وتم:( لە هەر شوێنێك بی تۆ قسەکانی خۆت هەر دەکەی، بۆیە تەلەفونم بۆ کردی بزانم چیت خواردووە؟!)".

مەیانی کچی شەهید زۆر خولیای باوکی بووە، هەر لە منداڵیەوە ئەگەر شەوێك باوکی دەستی بەسەر سەر و مل و قژی مەیاندا نەهێنابوایە مەیان دڵگران دەبوو بە ئەستەم خەوی دەهات، ئێستاش کاتێك مەیان کچ و باوکێك پێکەوە دەبینێت زۆر دڵگران غەمبار دەبێت و فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارەوە.

هەر چەند مەیان ئێستا تەمەنی ١٦ ساڵانە، بەڵام خولیا و حەسرەت لە چاوانی دا بەدی دەکرێت لە ڕوخساریدا دیارە کە چەند تامەزرۆی سۆز و باوەش و میهرەبانی باوکە، ڕووخسارێکی ماندوو لە چاوەڕوانی باوکی شەهیدی دا، بەڵام کچێکی زیرەك و ژیرە هەمیشە شانازی بە شەهید بوونی باوکیەوە دەکات.

## ئەمڕۆ ئێمەش ئارام و ئازاد نەدەبووین

مەیانی کچی شەهید دەڵێت:"من شانازی بە شەهیدبوونی باوکم دەکەم، چونکە ئەگەر خوێنی باوکم و شەهیدانی تر نەبووایە ئەمڕۆ ئێمەش ئارام و ئازاد نەدەبووین، دوژمنانیش ئەم ئازادییەی ئەمڕۆمان لێ زەوت دەکردین".

## هەمیشە قاقای پێکەنینمان بوو

مەیانی کچی شەهید لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"ئەو کاتانەی کە باوکم دەهاتەوە قسەی خۆش و یاری لەگەڵ ئێمەی دەکرد، هەمیشە قاقای پێکەنینمان بوو زۆر بەختەوەر و دڵخۆش بووین، سەرەڕای ئەوەی کە باوك بوو بەڵام هاورێیەکی زۆر ئازیز بوو لەگەڵمان".

## دەرفەتی نەبوو خزمەتی ئێمە بکات

مەیان دەبێژی:"ئەوەندی خزمەتی خاك و خاك و نشتیمان و وڵات و هاورێی و هاوسەنگەر و دارو بەرد و ئاژەڵ و باڵندەی دەڤەری بارزان بکات، ئەوەندە دەرفەتی نەبوو خزمەتی ئێمە بکات".

## باوکم نەهات ماچم بکات

بە هەنسکی گریانەوە مەیان دەڵێت:"نەمگوت باوکە بەخێربچی، باوکم نەهات ماچم بکات، ڕوویشتوو و شەهید بوو".

## سۆز بێت ڕێگا و ڕێبازی باوکم بەرنەدەم

روشنای کچی شەهید دەڵێت:"باوکم ئێمەی زۆر خۆشدەویست، بەقەد خۆشەویستی بۆ ئێمە دۆست و هەڤاڵانی خۆشدەویست، شانازی بە باوکم دەکەم، چونکە شەهیدبوو لە پێناو ئازادی و رزگاریخوازی کوردستان، سۆز بێت ڕێگا و ڕێبازی باوکم بەرنەدەم".

## لەم شوێنە شەهیدبوو

شەهیدی فەرماندە محمد یوسف کورکەیی، دەچێتە شوێنی شەهیدبوونی شەهیدی فەرماندە عثمان پیرانی هاورێ و هاوسەنگەری، بۆ کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەدوێت و دەچێتە ئەو شوێنەی کە شەهید عثمان لێ شەهید بوو، دەستی بۆ شوێنێك درێژ دەکات و دەڵێت:" عثمانی پاڵەوان لەم شوێنە شەهیدبوو، کەمێك لە ڕەبایەکەی هاتبوو دەرەوە، بۆ ئەوەی بە ئارپێچیەکەی دەبابە و مەدرعەکانی دوژمن تێك بشکێنێت و گیانی

پێشمەرگەکانی تر بپارێزێت، بەڵام کاتێك دوو پێشمەرگەی بریندار دەبینێ دەیان بات بۆ شوێنێکی ئارام لەم ئان و ساتەدا شەهید عثمان تەلەفونی بۆ کردم وتی:( محمد ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن-اسحاف-مان بۆ بنێرن چونکە دوو بریندار هەن). کاتێك دەگەڕێتەوە ئیتر دوژمن بە هەمەر و مەدەرعەکانی دەگەنە ساتیرەکەو شەهیدی دەکەن".

## پیرۆزبێت پلەی شەهادەتت

لە درێژەی قسەکانیدا شەهید محمد دەڵێت:"لە ساڵی ١٩٧٩ شەهید عثمانم ناسی کورە فەقیر و هەژارێك لە پیران، بەڵام مخلص و خەباتگێر بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی و چالاکیەکانی ئەم پلەو پایەی وەرگرتووە، ساڵ بە ساڵ پلەی بەرزتری بە دەست هێناوە، شەهید عثمان زۆر هەوڵ و کۆشش و خەباتی کرد... پیرۆزبێت پلەی شەهادەتت، ئەو شەهادەتەت پیرۆز".

## هەمیشە کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی چارەسەر دەکرد

لە درێژەی قسەکانیدا شەهید محمد یوسف کورکەیی دەڵێت:"نەك تەنها فەرماندە و پێشمەرگەیەکی زیرەك بوو، بەڵکو زۆر سیفاتی تری هەبوو هەمیشە عثمان پیرانی کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی چارەسەر دەکرد".

## ئێمەی بۆ شوێنێکی ئارام برد

مامەل محمد یەکێك لەو پێشمەرگە بریندارانەی کە شەهید عثمان گیانی پاراست، دەڵێت:" ئێمە ٨ هەشت کەس برینداربووین ئەوانی تر

گوازرانەوە ئێمەش لە وێ ماین، کەسیش لەوێ نەمابوو بمان گوازێتەوە کاتێك شەهید عثمان ئێمە بینی، شەڕەکەی جێهیشت و ئێمەی لە شەڕ دوورخستەوە بۆ شوێنێکی ئارام برد".

## من ڤەنەشێرن

لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا لە یەکێك لە سەنگەرەکان شەهید عثمان پیرانی و پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە و لە سەر زەوی دانیشتوون، پێشمەرگەیەکی هاوسەنگەریان بە دەنگێکی چیایی ئەم گۆرانیە دەلێت:

**من ڤەنەشێرن**
**گەلی گوندیا**
**من ڤەنەشێرن**
**دورێت گەلیا**...

# شەهید ( ڕەشید ابراهیم چیچۆ )



# پێناسی شەهید ( ڕەشید ابراهیم چیچۆ )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٥٦ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١١ / ١ / ٢٠١٥ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | ناوەندی |
| دوا پلەی شەهید | عمید |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٦٩ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ / وڵاتی ئێران |
| زیندانیکراوە | - |
| برینداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی ١ - یەکەی پاسەوانی تایبەتی سەرۆك بارزانی |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | سوڵتان عبداللە |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | پیرمام |

# شەهیدی فەرماندە، رەشید ابراهیم چیچۆ

شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ سەردەری) لە ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی سەردەری لە شێروان مەزن سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خەباتگێر لە دایکبووە.

هەر لە تەمەنی لاویەتی لە بەر هەستی زۆری بۆ کوردایەتی و بۆ نیشتمان لە ساڵی (١٩٦٩) دەبێتە پێشمەرگە لە شۆرشی ئەیلوولی مەزن بە ڕابەرایەتی رابەری کورد مەلا مستەفا بارزانی، دواتر لە ساڵی (١٩٧٥) شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ) لە گەل خێزان و بنەماڵەکەی ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت.

لە ساڵی (١٩٧٥) تا (١٩٩١) خێزان و بنەماڵەی شەهید (رەشید ابراهیم چیچۆ) لە ئاوارەیی وڵاتی ئێران ژیان بەسەر دەبەن، لەو کاتەشدا شەهید رەشید لە پێشمەرگایەتی دانابرێت و بەردەوام دەبێت لە سەر ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و پاراستنی خاکی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کوردستان.

شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خەباتگێر و خاوەن شەهید بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) برایەکی شەهید رەشید بە ناوی ( مستەفا ابراهیم چیچۆ) یەکێك بووە لەو (٨٠٠٠) هەشت هەزار بارزانیە جینۆسایدکراوانەی کە لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی و پۆلیسی جینۆسایدی کۆمەڵکوژکرا، لە ساڵی (١٩٨٦) برازایەکی شەهید رەشید بە ناوی (شاهین ئارەب ابراهیم )لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە

دستگیر دەکرێت و لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت و دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردو کوردستان.

شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ) بەشداری لە داستانی خواکۆرك کردووە بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی ڕۆلێکی بەرچاوی هەبووە لەو داستانە مەزنەدا، دواتر لە بەهاری (١٩٩١) بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی دژی رژێمی بەعس کردووە.

شەهید رەشید لە بەر لێهاتوی و دڵسۆزی و گیان فیدایی بۆ وڵات چەندین پلەی سەربازی و لێپرسراوەتی پێ دراوە تا لە ساڵی (١٩٩٣) لە لەشکری تایبەتی یەك لە یەکەی پاسەوانی تایبەتی سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە دەست بەکاربووە، لەو شوێنەی کە شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ) لێپرسراوی یەکێك لە گرووپەکانی یەکەی پاسەوانی تایبەتی سەرۆکی هەرێم بووە و وەك پێشمەرگەیەکی گیان فیدا بۆ وڵات و سەرۆك بارزانی بە بێ کەم و کورتی ئەرکەکانی بە جێ گەیاندووە، لە ساڵی (١٩٩٥) بە سەختی بریندار دەبێت.

دواتر تا کۆتایی تەمەنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی وەك لێپرسراوی یەکێك لە گرووپەکانی یەکەی پاسەوانی تایبەتی جەنابی سەرۆکی هەرێم بووە.

لە دەستپێکی شەڕی تیرۆرستانی داعش شەهیدی فەرماندە عەمید (رەشید ابراهیم چیچۆ سەردەری) بە ورەیەکی بەرزەوە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك دەچێتە سەنگەری بەرگری بۆ بەرگریکردن لە خاك و ئاڵای کوردستان.

مخابن لە بەرواری (٢٠١٥/١/١١) لە گوندی سولتان عبدڵلە لە میحوەری گوێر - مخمور لە شەڕێکی دەستەو یەخە لە گەل تیرۆرستانی داعش لە بەرگریکردن و پاراستنی شەرەف و خاك و ئالآی پیرۆزی كوردستان گیانی فیدای وڵات دەکات و دەچێتە ریزی شەهیدانی كوردستان.

شەهید رەشید لە دوای خۆی بۆ کورستان هاوسەر و دوو کوری و کچێکی بە جێهێشتووە.

# شەهید ( زێرەڤان اکرم عبدالجبار )



## پێناسی شەهید ( زێرەڤان اکرم عبدالجبار )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ٣ / ٣ / ١٩٩٠ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٢٠ / ١ / ٢٠١٥ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | بەکالۆریۆس |
| دوا پلەی شەهید | نائب زابت درجە ٤ |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ٢٠١٠ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی ١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | کۆبانێ - ڕۆژئاوای کوردستان |
| هۆی شەهیدبوون | گوللەی قەناس |
| باری خێزانداری | سەلت |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | سۆران |

# یەکەمین شەهیدی باشووری کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان شاری کۆبانێ

ناوی سیانی: زێرەڤان اکرم عبدالجبار

بنەماڵە و عەشیرەت و شوێنی لە دایکبوون: خەڵکی گوندی موکایە سەر بە عەشیرەتی مزوری باڵا لە دەڤەری بارزان -قەزای مێرگەسۆر-پارێزگای هەولێر، لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە.

ڕێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٩٠/٣/٣

باری خێزانداری: سەلت - خێزاندار نەبوو

ناوی سیانی باوکی شەهید: اکرم عبدالجبار سعید

ناوی سیانی دایکی شەهید: کەو عبدالله حسین

ژمارەی ئەندامانی خێزان: جگەلە دایك و باوك، سێ برا و پێنج خوشکی لە دوای خۆی بۆ خزمەتکردنی کوردستان بەجێهێشتووە.

شوێن و قوتابخانەو قۆناغەکانی خوێندنی شەهیدی نەمر:

- قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی زێرینی بنەرەتی لە قەزای سۆران تەواو کردووە.
- قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی هەڤاڵی کوران لە قەزای سۆران تەواوی کردووە.
- قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەی شەهید دکتور عبدالرحمن لە قەزای سۆران تەواو کردووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١١ قۆناغی دوازدەمی ئامادەیی تەواوکردووە لە کۆلیژی بنیاد/ بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سۆران وەرگیراوە.

- شەهیدی نەمر تامەزرۆی ئەوەبۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە پێشمەرگە تا بتوانێ بەرگری لە نیشتمانی دایك بكات، لە ساڵی ٢٠١٠ خۆی ناونووسكرد لە فەرماندەی هێزەكانی پشتیوانی (١) بۆ بە پاسەوانی تایبەتی (شێخ سیهاد بارزانی).

لە مەكتەبی ڕێكخستن لە بەشی ڕێكخستن كاری كردووە و شارەزایەكی باشی لە كۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی و عەرەبی هەبووە.

پلەی شەهیدی نەمر لە پێگەی سەربازیدا:

پلەی(نائب زابت درجە ٤) بووە و هەروەها (عدد دوشكە) و (ڕەشاش) و (قازیفە) بووە، چەندین دەورەی ناوخۆیی و بیانی بینیووە لە سەر جۆری چەكە نوێیەكانی فەرەنسی و بریتانی و ئەڵمانی، لە ساڵی (٢٠١٤ - ٢٠١٥) لە هەموو دەورەكاندا شەهادەی بەرزی وەرگرتووە لە زۆربەی شەڕەكانی دژی چەتەكانی داعش لە زوممار و سحێلا و ڕەبیعە و سەدی موسڵ و كەركوك بەشداری كردووە.

لە ڕێكەتی ٢٠١٥/١/١٠ ناوی لە كۆلیژی ئەكادیمیای سەربازی زاخۆ گەڕاوەتەوە، كەلە وێ خوێندنی سەربازی تەواو بكات ئەمەش ئاواتی هەمیشەی شەهید زێرەڤان بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوی لە وەجبەی سێیەم دەرچوو كە بچێت بۆ بەرگریكردن لە شاری كۆبانێ ڕۆژئاوای كوردستان، بۆیە نەیتوانی بچێتە كۆلیژی سەربازی.

شەهیدی قارەمان لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕێكەوتی ٢٠١٥/١/١٥ كاتژمێر هەشتی شەو لە فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەرێكەوتن بۆ شاری كۆبانێ، لە هەمان شەودا گەیشتنە شوێنی مەبەست لە شاری كۆبانێ.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٠ لە کۆبانێ هێرشیان کردە سەر چەتەکانی داعش لە بەرزایەکانی مشتەنۆر، دوای شەڕێکی سەخت و دژوار لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و تیرۆرستانی داعش تا کاتژمێر (٣:٠٠) سێی ئێوارە، توانیان بەرزاییەکانی مشتەنۆر ئازاد بکەن لە دەستی تیرۆرستانی داعش، بەڵام لە ئەنجامدا کە چەکدارانی داعش بە مەودایەکی کەم لە هێزەکانی پێشمەرگەوە دووربوون، بە نیشانکەرەکانی (قەناس) لە کاتژمێر (٣:٤٥) خولەك زێرەڤانی پێشمەرگەی پاڵەوان برینداركرا دەستبەجێ گەیێنرایە نەخۆشخانەی مەیدانی کۆبانێ، بەڵام بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی (روها) لە شاری (ئۆرفا)ی وڵاتی تۆرکیا، بەڵام بە هۆی سەختی برینەکەیەوە لە کاتژمێر (٥:٢٥) خولەك پێشمەرگەی قارەمان زێرەڤان اکرم مزوری شەهید دەبێت.

لە ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢١ کاتژمێر(١٠:٠٠) دەی بەیانی تەرمی شەهید زێرەڤان لە نەخۆشخانەی (روها) لە شاری (ئۆرفا) بەرێکرا بۆ دەروازەی سنۆری (ابراهیم خلیل) لە باشووری کوردستان، کاتژمێر (٧:٠٠) حەوتی شەو گەشتە دەروازەی سنووری ابراهیم خلیل، لەوێش بە ڕێورەسمێکی شایستە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی (پزیشکی دادوەری دهوك)، لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ بەرامبەر پەیکەری (بارزانی نەمر) لە سەنتەری پارێزگای دهوك، چونکە خەڵکی دەڤەری دهوك مەراسیمێکی شایستەو تایبەتیان بۆ شەهید زێرەڤان یەکەم شەهیدی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ ئامادەکرابوو، دواتر لەوێ گواسترایەوە بۆ قەزای سۆران.

لە کاتژمێر (١٢:٣٠) خولەکی شەو گەیشتە قەزای سۆران لەوێش کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکان لە مەراسیمێکی شایستەدا کە گشت دام و دەزگایەکانی

حکومی و حزبی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەڤان و خزم و کەسوکار و دوست و هەڤالانی شەهید و جەماوەری خۆشەویستی قەزای سۆران و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەی لە دەروازەی سۆران بە ڕێورەسمێکی تایبەت تا سەر گۆرستان شەهید بەرێکرا. لە کاتژمێر (١:٣٠) خولەکی شەو لە گۆرستانی بارزانیان بە خاك سپێردرا.

یەکەم شەهیدی پێشمەرگەی قارەمان لە شاری کۆبانێ زێرەڤان اکرم عبدالجبار مزوری لە ماوی پێنج ساڵ لە ئەرکی پێشمەرگایەتی توانی خزمەتێکی گەورە و دەگمەن پێشکەش بە مللەتی کوردی خۆشەویست و کوردستانیان بکات، لە هەردوو پارچەی کوردستان باشوو و ڕۆژئاوا.

## ئارام و لەسەرخۆ بوو

دایکی شەهید دەڵێت" شەهید زێرەڤان هەر لە منداڵیەوە منداڵێکی ژیر و گوێرایەڵ بوو کەمێکیش عجول بوو، لە گشت قۆناغەکانی خوێندنیش زیرەك بوو و لە ماڵەوە دا وەك هاورێیەك بوو لەگەڵ من و باوکی و خوشك و برایەکانیدا، هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ بوو هێچ کارێکی بە بێی پرسی ئێمە ئەنجام نەددا.

## ناتوانم بە دایە بلێم

هەر لە سەرەتای هاتنی هێرشیی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان شەهیدی جوانەمەرگی کورم لە ئەرکدا بوو، لە گشت شەڕەکاندا بەشدار بوو پێش ئەوەی بڕوات بۆ کۆبانێ لە زووممار بوو، بینیم ئێوارەیەکی درەنگ زێرەڤان هاتەوە ماڵەوە پێم گوت:(کورم بۆ

هاتوویتەوە)، بە گرنژینەوە گوتی:(هیچ نیە دایە گیان چەند ڕۆژێك پشوو دەدەم و دەگەڕێمەوە) دڵی نەدەهات بە من بڵێت دەچم بۆ کۆبانێ هەر پێدەکەنی لە دەموو چاوی دیار بوو دڵی زۆر خۆشبوو، دواتر هەستا چووە ژووری خۆی بانگی خۆشکی کرد بە خۆشکەکەی گوت:(من دڵم زۆر خۆشە ناوم لە وەجبەی سێیەم دەرچووە بەیانی دەچم بۆ کۆبانێ، بەڵام ناتوانم بە دایە گیان بلێم ئەزانم بۆ من زۆر غەمبار دەبێت بۆیە تۆ پێی بلێ و جانتاکەم ئامادە بکە و جلی باشم بوو دابنێن، چونکە ئەوی سەرمایە و تاخیر دەبین)".

## هێلکەو روون و چایەم بۆی ئامادەکرد

کەویَ دایکی شەهید دەڵێت:"دوا ساتی دانیشتنم لەگەڵ کورە شیرینەکەم ڕۆژی پێنج شەممە بوو ٢٠١٥/١/١٥ زێرەڤانی کۆرم کاتژمێر ٦:٣٠ خۆلەکی بەیانی لە خەو هەستا و خۆی ئامادەکرد دڵی زۆر خۆش بوو، منیش لە چێشتخانە خەریکی ئامادەکردنی چێشتی بەیانی بووم، هێلکەو روون و چایەم بۆی ئامادەکرد. خۆی و هاوڕێیەکەی کاك میهن شێروانی کە ئەویش لەگەڵی دەچوو بۆ کۆبانێ نانەکەیان خوارد و ئیتر بە دڵێکی زۆر خۆشەوە خودا حافیزی لە ئێمەکرد".

## هەردووکیان خاکی پیرۆزی کوردستانن

دایکی شەهید زێرەڤان دەبێژێ:"لە پێش دەرگای ماڵەوە بەمنی گوت:(دایە گیان بەڵێنم پێ بدە ئەگەر شەهید بووم بۆ من غەمبار نەبی و نەگری،

چونکە بۆ من هیچ جیاوازیەك نیە چ لە باشوور چلە ڕۆژئاوا بەرگری بکەم لە خاك و نیشتمان، هەردووکیان خاکی پیرۆزی کوردستانن)".

## کۆبانێ رزگار دەکەین

لە بەردەوامی قسەکانیدا دایکی شەهید زێرەڤان دەڵێت:"هەرکە گەیشتە کۆبانێ تەلەفۆنی کرد گوتی:(دایە ئێمە سەلامەتین ئێستا من لەناو کۆبانێم جێگامان باشەو دڵم زۆر خۆشە، پەنا بەخودا دوژمن لەناو دەبین و سەر دەکەوین و کۆبانێ رزگار دەکەین)، من هەموو ڕۆژێك تەلەفۆنم بۆی دەکرد هەموو کات وەری بەرز و دڵخۆش بوو دەی گوت: (دایە ئێمە هەر بەرەو پێشەوە دەچین دوژمنیش هەر دەکشێتەوە)".

## ئاڵای کوردستانم بەدەستەوەیە

لە درێژەی قسەکانیدا دایکی شەهید گوتی:"ئەو ڕۆژەی زێرەڤانی کورم شەهیدکرا پێش شەهیدبوونی کاتژمێر(٢)ی پاش نیوەر و قسەم لەگەڵی دەکرد پێم گوت: (کورم ئاگات لەخۆت بێت و وریا و چالاك بە)، وتی: (دایە ئێمە زۆر باشین وا هەر بەرەو پێشەوە دەچین هێندە نەماوە بەرزاییەکانی مشتەنۆر کونترۆڵ دەکەینەوە، ئێوارە تەماشای کەناڵی ڕووداو بکە لە هەواڵەکاندا ئێمە پێشان ئەدرێین من ئاڵای کوردستانم بەدەستەوەیە)، منیش پێم گووت:(باشە کورم خودای گەورە هاوکارتان بێت)".




وێنەی کورەکەمان خراوەتەوە ناو کەوانەیەکی سوورەوە و ئاڵای کوردستانی بە دەستەوەیە

## بەپەلە یەکەم پێشمەرگەی باشووری کوردستان زێرەڤان اکرم مزوری لە کۆبانیٚ شەهیدکرا

دایکی شەهید بەردەوام بوو، وتی:"پاش تێپەربوونی چەند کاتژمێرێك من و باوکی و خۆشك و برایەکانی بەدیار کەناڵی ڕووداو دانیشتبووین چاوەڕێمان دەکرد کورەکەمان ببینین، بەڵام زۆر بەداخەوە بینیمان وێنەی کورەکەمان خراوەتەوە ناو کەوانەیەکی سوورەوە و ئاڵای کوردستانی بە دەستەوەیە، نووسراوە (بەپەلە یەکەم پێشمەرگەی باشووری کوردستان زێرەڤان ئەکرەم مزوری لە کۆبانیٚ شەهیدکرا).

## زێرەڤان، دایکیٚ

زێرەڤان، دایکیٚ

زێرەڤان، دایکیٚ

دایکاتە کەسەر دارە...

ئەمە لاواندنەوی دایکی شەهید زێرەڤانە، دەنگێکی چیایی، دەنگەکە دار و بەردی ئەم ناوەی دەهێنایە گریان.

## حەسرەتی هەرە گەورەم

ئەکرەم باوکی شەهید زێرەڤان دەڵێت:"حەسرەتی هەرە گەورەم ئەوەیە کورەکەم روویشت و نەمبینی، چونکە من خەوتبووم، زێرەڤانیش بە ماڵەوەی گوتبوو باوکم بە ئاگاە مەهێنن با پشوو بدە".

## ڕەفتارێکی وای نەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان من دلگران ببم

لە بەردەوامی قسەکانی باوکی شەهید دەڵێت:"هەر لە تەمەنی منداڵیەوە تا شەهیدبوو، کورەکەم زێرەڤان ڕەفتارێکی وای نەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان من دڵگران ببم و لێ تۆرەببم، گەنجێکی خۆشەویست و میهرەبان و بەرێز بوو، زۆر ئارام و لە سەرخۆ بوو.
من زۆر سەربەرزم بە شەهیدبوونی کورەکەم سێ کۆری تریشم ماوە، ئامادەم قوربانی خاك و نیشتیمانەکەم بکەم".

## قەت پەشیمان نیم

نێچیرڤان برای شەهید دەڵێت:" من برا و هاورێیەکی گەورەم لە دەست دا بۆ گەل و نیشتیمان و قەت پەشیمان نیم لەوەی کە لەدەستم داوە، منیش ئامادەم هاوشێوەی براکەم شەهید ببم ئەو ڕوژەی کەچوو بۆ کۆبانێ من و خاڵێ گەورەم حسێن و احسان لە گەلی بووین تا بەرێمان کرد، دلێ زۆر خوشبوو ئیمەی ماچ کردوو بەریکەوت بۆ ناو فرۆکە".

## كۆبانیێ بەتەواوی ڕزكار دەكەین

نیچیرڤانی برای شەهید لە بەردەوامی قسەكانیدا دەڵێت:"شەوێك پێش شەهیدبوونی بە (تانگو) بە شێوەی (دەنگ و ڕەنگ) قسەمان دەكر گوتی:(برام خەمی ئێمەت نەبێت زۆر باشین اشاالله بەیانی پەیامەكەی جەنابی سەرۆك بارزانی بەجێ دەگەێنین و كۆبانیێ بەتەواوی ڕزكار دەكەین). شەهید زێرەڤان مێژوویێكی بۆ خۆی و خانەوادەكەی و گەل و نیشتمانەكەی تۆماركرد و پیشانی جیهانی دا میللەتی كورد یەكگرتووە و خاوەن یەك دۆزی ڕەوا و حەقە".

## ئەوەندە بدوێ كە خەلك سوودی لێ دەبینێت

نێچیرڤان برای شەهید دەڵێت:"شەهید زێرەڤانی برام گەنجێكی ئارام و نەرم و نیان بوو، لە بڕیاردان پەلەی نەبوو هەمیشە بەمنی دەگوت: (هەرگیز زیاد لە پێویست قسە مەكە، ئەوەندە بدوێ كە خەلك سوودی لێ دەبینێت)".

## خۆی بە برسیەتی دەهێشتەوە

لە بەردەوامی قسەكانیدا نێچیرڤان دەبێژێت:"شەهید زێرەڤانی برام هەمیشە دڵی لەلای هەژاران بوو ئەگەر پارویەك نانی هەبوایە تەنانەت ئەگەر لەناو دەمیدا بووایە، ئەگەر هەژارێكی بدیتانە لە دەمی دەردەهێناو دەیدایە هەژارەكە و خۆی بە برسیەتی دەهێشتەوە".

## هەموو ئاواتی ئەوە بوو بچێت بۆ کۆبانێ

پەخشان خوشکی شەهید زێرەڤان دەڵێت:" لەدەستدانی زێرەڤانی برامان بۆشاییەکی گەورەی لە نێوانمان بەجێ هێشتووە، بەڵام مێژوویەکی گەورە و پڕ سەروەری تۆمارکردووە، هەست بەوە ناکەین کە لەنێوماندا نەماوە، چۆنکە لە پێناو خاك و نیشتمان، لە بەشێکی دیکەی خاکی کوردستان شەهید بوو، کە هەموو ئاواتی ئەوە بوو بچێت بۆ کۆبانێ بەرگری لە خوشك و براکانی بکات لەم بەشەی کوردستان، لەکۆتاییی دا بەو ئاواتەی گەیشت و گیانی خۆی کردە قوربانی".

## هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین

پەخشان خوشکی شەهید زێرەڤان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"زێرەڤان وەك و هاورێمان بوو نەك وەك برا، هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین و پاڵپشتی دەکردین لە خوێندن و کارەکانماندا".

## موبایلێکت بۆ دەکڕم بە دیاری

پەخشان خوشکی شەهید بەردەوام دەبێت و دەبێژیت:"ئەو بەیانیەی کە بۆ کۆبانێ بەرێکەوت بەڵێنی بەمن دا کە کاتێ گەڕایەوە لەکۆبانێ: (موبایلێکت بۆ دەکڕم بە دیاری)، چونکە دامەزرابووم بوبووم بە ماموستا، بەڵام خۆی نەگەڕایەوە و تەنیا ئەو ئاڵایەی کە وێنەی پێ گرتبوو لەکۆبانێ بۆ منی ناردەوە، کە ئەمەش شانازیەکی گەورەیە کە پێش شەهید بوونی، ئاڵای کوردستان بکاتە دیاری بۆ من، وەك چۆن ئەو بە

چەك بەرگری لە خاك و نیشتمانی كرد ئێمەش بە پێنووسەكەمان هەمان ڕێبازی بەرگری دەگرینە بەر و وڵاتمان پێش دەخەین".

## شەهیدی هەموو كوردستانە

لە بەردەوامی قسەكانیدا پەخشان دەڵێت:"شەهید زێرەڤان شەهیدی هەموو كوردستانە نەك تەنیا هی ئێمە، بۆتە سیمبۆلی بەرخۆدان و ئازادی لە كوردستان، سەربەزری و نەمری بۆ شەهیدانمان".

## زێرەڤانێ مە

دایك و خوشكێت زێرەڤانی
یێت چاڤێت خۆ دگێرینن
زێرەڤانێ مە
دگەڵ ڤان كاروانا نەمایە

ئەمەی سەرەوە لاواندنەوەی خوشكی شەهید زێرەڤانە، لەكاتی پێشوازیكردن لە پێشمەرگە هاوسەنگەرەكانی زێرەڤان، لە فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر كە لە كۆبانێ دەگەڕانەوە، بەڵام بەبێ زێرەڤان.

## دەرگای فرۆكەكە داخرا

پەخشانی خوشكی زێرەڤان بە هەنسكی گریانەوە و بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە دەڵێت:" كاتێك ئێمە لە فرۆكەخانەی نێودەولەتی هەولێر لە پێشوازی پێشمەرگە قارەمان و هاوڕێی هاوسەنگەرەكانی زێرەڤان بووین یەك بە یەك پێشمەرگەكان كە ئاڵای كوردستانیان لەسەر شان بوو، لە

فرۆکە دەهاتنە خوارەوە من یەك بە یەك دەم ژماردن و هەر چاوەڕێ بووم و چاوم دەگێرا دواجار سێ کەسی تر دابەزین و دەرگای فرۆکەکە داخرا و ئیتر زێرەڤان هەر نەهاتەوە."

هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید زێرەڤان، (میهەن شێروانی) دەڵێت:"هەر لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠)ەوە کە بووم بە پێشمەرگە لە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی(١)، لەوێوە شەهید زێرەڤانم ناسیوەو بووین بە هاورێیەکی زۆر نزیکی یەکتری، ئەوەی من دەمناسی شەهیدی نەمر کەسێکی زۆر دڵسۆز و بە وەفا بوو بەرامبەر گشت هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، زۆریش چاونەترس و هەمیشە ورە بەرز بوو لە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیدا ماوەی پێنج ساڵ هاوڕێی و هاوسەنگەری یەکتر بووین، هیچ کاتی دڵمان لەیەکتر نە ئێشاوە، زۆر لەسەر خۆ قسە و ڕەفتاری دەکرد.

تا ئەو کاتەی شەڕی دژی داعش هەڵگیرسا و سەرۆك بارزانی بڕیاری ناردنی پێشمەرگەی دا بۆ کۆبانێ، هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بووین کە ناومان لەگەڵ ئەو ناوانە بێ بەڵام شەهیدی جوانە مەرگ زیاتر حەزی دەکرد و هەمیشە هەوڵی دەدا ناوی خۆی بخاتە ناو ئەو ناوانەی کە بەرەو کۆبانێ دەنێردران.

ئەوەبوو بۆ جاری سێیەم بە خۆشحاڵیەوە ناوی هەردووکمان گەڕایەوە ئەوەی ئەو دەیویست بۆی هاتەدی، ئەو کاتەی پەیوەندیان بە زێرەڤانەوە کرد کە ناوی لەنێو وەجبەی سێیەمی کاروانی پێشمەرگەدایە بۆ شاری کۆبانێ، ئەو لە ئەرکدا بوو لە ناحیەی زوممار، دوای ئەوەی هەواڵەکەی

بیست گەڕایەوە بۆ سۆران، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات بەرەو کۆبانێ، پەیوەندیمان لەگەڵ یەك هەبوو و پێویستیەکانمان ئامادە دەکرد لە ١٥ی مانگی ١ ساڵی ٢٠١٥ بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوتین، کاتێ کە گەیشتینە ئەوێ یەکەم کار دوای پشوودانێکی کەم زێرەڤان بوو بە دوست و هاوڕێی ئەو خێزانانەی کە لێمان نزیك بوون و لەگەل منداڵەکان زۆر ڕووخۆش بوو شیرینیان بەسەر دابەش دەکرد هەر لە یەکەم ڕۆژ هەمووانی هۆگری خۆ کردبوو، وێنە و ڤیدیۆشمان گرتبوو لەگەڵ منالاَنی کۆبانێ.




ئەو شەوەی کە فەرمانمان بۆ هات ٢٠١٥/١/١٩ بوو، بڕیاربوو ڕۆژی دواتر هێرش بکەینە سەر بەرزایەکانی(مشتەنۆر). زێرەڤان کە پلەی نائیب عەریف/٤ سەرپەرشتی ٦ کە دەکرد کە منیش یەکێك بووم لەوان و

پاسەوانی تایبەتی شێخ سیهاد بارزانی بووین، بۆ بەیانی کاتی هێرشەکەمان دەستی پێکرد من و شەهید زێرەڤان و ڕێدوور مزوری کە هاوڕێمان بوو، پێکەوە بووین و زێرەڤان لەسەردۆشکەکەی چواردە و نیو، تەقەی دەکرد و بەرە و پێش دەچووین و ورەمان بەرزبوو، دوای نزیك بوونێکی زۆر لە تیرۆرستان، بینیم زێرەڤان پشتاوپشت لە مێك زەمینەکە کەوتە خوارەوە و کاتێ چومە لای بینیم گوللەیەکی لە ژێر دڵی کەوتووە. بەڵام دیاربوو بەقەناسەکانی دۆژمن کردبوویانە ئامانج، هەوڵی دەدا هەستێتەوە بەرەوە دۆشکەکە بڕوات بەڵام ڕێم لێگرت و نەمهێشت بڕوات بە بێتەل ئاگادری فریاگوزاریم کردەوە کە برینداریێکمان هەیە تا ئەو کاتەی کە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری هات بە پێی خۆی سواربوو بە ئێمەی وت:(ئێوە بەردەوام بن و لەم شەمشەمە کوێرانە مەترسن من زوو دێمەوە لاتان)، بەڵام من لەگەڵی چووم هەرچەندە پێداگیری دەکرد و دەیگوت: (لەگەڵم مەهێ)، چووین بۆ نەخۆشخانەی مەیدانی کۆبانێ، بەڵام بە هۆی قوڵی برینەکەی پێویست بوو ڕەوانەی نەخۆشخانەی (روها) لە شاری (ئورفا) بکرێ، من تا سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا لەگەڵی چووم، هەر بە دکتۆرەکانی دەگووت:( برینەکەم زوو دەرمان بکەن پێویستە ئەرکەکەم بەجێ بگەیێنم کە ڕزگارکردنی کۆبانێ یە)، بەڵام لە سەر سنوور من جیابوومەوە و ئەویان برد بۆ نەخۆشخانەی (روها) لە (ئورفا)، من و فەرماندەکەشمان (مسلح زێباری) گەڕاینەوە سەر ئەرکەکەمان و دوای چەند کاتژمێرێك هەواڵمان بۆ هات، بەداخەوە زێرەڤان مان لە دەستدا و گەیشتە کاروانی نەمران، بەڕاستی هەوڵێکی زۆر ناخوشبوو، ناخوشترین هەواڵ لە هەموو ژیانم کە بەمن گەشتبێت هەواڵی

شەهیدبوونی برا و هاوڕێ و هاوسەنگەرم بوو، تا ئێستاش سەیری وێنە و یادگارییەکانمان دەکەم کاتە ناخۆشەکانم بە بیردێتەوە لەگەڵ زێرەڤان، لەبیرکردنی ئەستەمە و بۆ هەتا هەتایە لەدڵمان دەمینێتەوە، بۆ بە مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ گەلّ و نەتەوەکەمان، ئەو نەك تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەیەتی یان هی بەشێکە بەڵکو بۆ بە شەهیدی هەر چوار پارچەی کوردستان".

# شەهید ( صبری حسن میرزا حسو )



## پێناسی شەهید ( صبری حسن میرزا حسو )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٧٢ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١٨ / ٢ / ٢٠١٥ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | نەقیب |
|ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٨٥ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٨٨ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندار بووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەیی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | سولتان عبدالله |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی دارە |

# شەهید صبری حسن میرزا حسو

## زۆ پایەکی دار

ڕۆژێکی زستاناوی سارد بوو، لەگەڵ ستافی یاوەرم بەرەو ناحیەی مەزنێ بە ڕێکەوتین ئەم ناحیەیەش یەکێکە لەو پێنج ناحیەیەی سەر بەقەزای مێرگەسۆر، دانیشتوانی ئەم ناحیە لە عەشیرەتی دۆڵەمەرین.

گەیشتینە نزیك گوندی شێخان لە چیایەکەی دەستە چەپمان، لە دورەوە ڕێگایەکی خراپ و لە خوڵ درووستکراو دیار بوو، کە پرسیمان وتیان:( ئەم ڕێگایە دەچێتە گوندی دارە)، ئەم ڕێگایەمان گرتەبەر بۆ بەرزی چیایەکە روویشتین لە ناوەراستی چیایەکە چەند ماڵێك لەم لاو لەو لا بە دیارکەوتن، دواتر خۆمان گەیاندە ماڵی خانەوادەی شەهید (صبری حسن میرزا).

خێزانی شەهید و برایەکی شەهید و برایەکی خێزانی شەهید و دوو منداڵی شەهید لە پێشوازیمان دابوون، کە چووینە ژوورەوە (زۆپایەکی دار) لە ژورەوە دانرابوو، کەمێك هۆبەکەی گەرم کردبوو، بەڵام دیاربوو کە ئەم (زۆپا)یە بێ خاوەنە چونکە گەورەی ماڵ و ئەو مرۆڤەی ڕۆژانە رووی لە چیایەکە دەکرد بۆ هێنانی دار بو وەرزی زستان ئیتر نەمابوو، ئەو دارانەش کە مابوون دوا کاری شەهید صبری بوون کە بۆ خانەوادەکەی ئەنجامی دابوو...



لەگەڵ ئەلندی کوری شەهید صبری، لە تەنیشت زۆپا دارەکە

## تا ئێستاش دڵم نەهاتووە هەموو ئەو دارانە بسوتێنم

دڵنیام دوای چەند ڕۆژێکی تر پێویستە برایەکانی شەهید ئەرکی هێنانی دار بۆ ئەم زۆپایە لە ئەستو بگرن، چونکە هیچ کەسێکی گەورە جگە لە منداڵەکان لەو خانەوادەیە نیە کە بەم ئەرکە هەڵبستن، ئەو دارانەش کە شەهید هێنای بوون، خێزانەکەی دڵی نەهاتووە هەموو دارەکانی بسۆتێنێت دوای دوو ساڵ لە شەهید بوونی ڕێك لە دووەم ساڵ ڕۆژی واتا ٢٠١٧/٢/١٨ پەیوەندیم بە خێزانی شەهیدەوە کرد، کە ئایە دارەکان تا ئێستاش ماون؟ خێزانی شەهید لە وەڵام دا وتی:" بەڵێ تا ئێستاش دڵم نەهاتووە هەموو ئەو دارانە بسوتێنم کە هاوسەری شەهیدم بەر لە شەهید بوونی بۆمانی هێنابوون".

## بۆچی (دارە)؟!

کەوتینە گفتوگۆ سەرەتا لە گەڵ برای شەهید زۆر بە وردی باسی ژیان و خەبات و تێکوشانی شەهیدی کرد، بەڵام بەرلەوەی باسی فیدارکاری شەهید بکات، لێم پرسین بۆچی (دارە)؟! بۆ ئەم گوندە؟ ناونانی لە چیەوە هاتووە، بۆچی گوندەکە وا دورە دەستە و تەنها چەندماڵێکی کەم لە خۆ دەگرێت؟!

حەکیمی برای شەهید وتی:"سەرەتا ئێمە لە گوندی شێخان بووین، دواتر ئێمە مەبەستم بنەماڵەکەمانە کە هەمووومان برا و ئاموزاین، هاتینە زێدی باب و باپیرانمان لێرە گوندەکەمان ئاوەدان کردەوە، سەرتا ناوی گوندەکەمان (هاجیان) بووە، دواتر باب و باپیرانمان ناوەکەیان کردووتە گوندی (دارە) چونکە داری زۆر و جوان و گەوەری لێ یە، ئێستاش گوندەکەمان (٩) نوو ماڵە".

## خانووەکەمان لەگەڵ زەوی تەخت کرا

"برای شەهید دواتر باسی لە خەبات و تیکۆشانی بنەماڵەکەیان کرد، بەراستی خانەوادەیەکی خەباتگێڕ و پڕ سەرووەرین، وتی:" لە ساڵی هەشتایەکان خانووەکەمان لەگەڵ زەوی تەخت کرا لە لایەن ڕژێمی بەعس و حکومەتی عێراقەوە، من و برایەکەم هەر زوو چووینە ناوچە ئازادکراوەکان و بووینە پێشمەرگە لە تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵی دا لە گەڵی ڕەش و دەوروبەری بەرگریمان لەخاك و سروشت و ژینگەی ئەم دەڤەرە کرد".

باوکی شەهیدیش لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە، کە پرسیاری دایکی شەهیدمان کرد، لە وەڵامدا وتیان:"لە مانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٤ واتە دوو مانگ و نیو پێش شەهیدبوونی صبری، دایکی کوچی دوایی کردووە".

شەهید لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (دارە) لە دایك بووە، تەنها توانیویەتی چەند ساڵێك لە قۆناغی سەرەتایی بخوێنێت، لە تەمەنی میرمنداڵیەوە چەکی شەرەف و کەرامەت لە شان دەکات شان بە شانی پێشمەرگە قارەمانەکان بەرگری دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ بە دواوە بە بەردەوامی لە شاخ و چیایەکان و ئەشکەوتەکانی سەر سنووری دەڤەری بارزان لە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتیدا بەردەوام دەبێت، بە داخەوە لە شەڕی ناوخۆ بە سەختی بریندار دەبێت.

## دوو سەرە ئاژەڵی کڕی

پەرژینی خێزانی شەهید دەبێژێ:"لە ساڵی ٢٠٠٢ ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێناوە، صبری هاوسەرم هەتا بڵێن پیاوێکی باش و ڕاستگۆ بوو پیاوێك زۆر ڕێزو خۆشەویستی لە خزمان و دوستانی دەگرت، زۆر ڕێزی لە من و منداڵەکانم دەگرت، هەمیشە دەی گوت کاری چاکە و باشە بکەن ڕێز لە کەسوکارتان بگرن، پیاوێکی ئازا و چاونەترس و قارەمان بوو.

دوو ڕۆژ بەر لەوەی بچێتە ئەرکی پێشمەرگایەتی دوو سەرە ئاژەڵی کڕی و کردیە خێر وتی:" یەکێکیان بۆ دایکم ئەویتریان بۆ خۆم و ئێوە و

منداڵەکان، زۆر بە شلەژاوی دەیگوت:(خەونێکم بینیوە)، بەڵام ئەو خەونەی بۆ باس نەکردم".

## دەبێ هەر بڕۆم

"صبری هاوسەرم لە مانگی (٢٠١٤/٧) لە دەشتی حەریر ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕا باری تەندروستی باش نەبوو دوو فەقەراتی پشتی شکا بوون، من چەند تکام لێ کرد وتم ئەم جارە مەڕۆ بۆ ئەرکی پێشمەرگایەتی تا تەندروستیت باشتر دەبێت، بەڵام ئەو زۆر پێداگری کرد وتی:( دەبێ هەر بڕۆم، ویژدانم ڕێگام پێنادەت لە ماڵەوە بم)".

## قەرزەکانی دایەوە

بەرلەوەی بڕوات بە دەستی خۆی پشکی خێری داناو دابەشیکردن، پەیوەندی بە هاوڕێیەکەی کرد و پشکی خێری پێدا و قەرزەکانی دایەوە، چونکە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلەی کە کڕیبوومان و دواتر وەرگەڕا هەندێك پارەی لەو هاوڕێیەی بە قەرز وەرگرتبوو".

## زۆر حەزی لە تکەی گۆشت بوو

لە درێژەی قسەکانیدا پەرژین وتی:"هاوسەری شەهیدم زۆر حەزی لە تکەی گۆشت بوو دوا خواردنیشمان هەر پێکەوە تکەی گۆشتمان ئامادەکرد و خواردمان".

## دایە خۆزگە باوکم لەلامان دەبوو، بە ئۆتۆمبێلەکە ئێمەی دەبردە گەشت و سەیران

ئەمەی سەرەوە قسەی بەردەوامی ئەلندی پێنج ساڵانە بە تایبەت لە وەرزی بەهاران دا کاتێك منداڵەکانی تری لادێ دەبینێ لەگەڵ باوکیان بۆ گەشت و سەیران دەچن.

ئەلەند زۆر خۆزگە بۆ زیندوبوونەوەی باوکی دەخوازێ هەمیشە دەڵێ خۆزگە باوکم مابوایە؟؟!!

## بە نهێنی دەگرییێم

وێنەیەکی شەهید لە ژوورەکەیان هەڵواسراوە، خەندەی و جوانی و میهرەبانیەکی زۆر لە وێنەی شەهید بەدی دەکرا، خێزانی شەهید بەردەوام بوو وتی:" ئەلندی کورم دەیگوت:(دایە دەزانی کە من ئەو وێنەیەی باوکم دەبینم بۆی دەگریێم، بەلاّم خوشك و برایەکانم وتیان لەبەر دایە مەگری، با نەتبینێ بۆیە بە نهێنی دەگرییێم ئەو کاتانەی تو لێرەنەبی من دەچمە ژوورەوە بەرامبەر بە وێنەی باوکم دەگرییێم).

منداڵەکانی تر کە گەورەتریان تەمەنی ١٥ ساڵانە و کچە، بچوکترینیان تەمەنی ٧ حەفت ساڵانە و کورە، جگەلە ئەلندی پێنج ساڵان تا من زیاتر عاجز و دڵگران و خەمبار نەبم بە ئەلندیان وتووە لە لای من نەگرییێت و باسی باوکی نەکات".

## هەرگیز دڵی نەدەهات باسی شەهیدبوونی هاوسەنگەرانی بوم بکات

هەر لە درێژەی قسەکانی دا پەرژینی خێزانی شەهید صبری وتی:"کاتێك ئەو لە ئەرکدا بوو بەبەردەوامی پەیوەندیمان بەیەکەوە دەکرد هەرگیز دڵی نەدەهات قسەی ناخۆش و باسی شەهیدبوونی هاوسەنگەرانی بۆم بکات، بۆ ئەوەی دڵگران نەبم ئەگەر کێشەیەکیشی هەبوایە تا چارەسەری نەدەکرد بۆ منی باس نەدەکرد".

## هەرگیز لە ڕامانی خەونی هاوسەرەکەم نەگەیشتم

پەرژین هاوسەری شەهید بە هەنسکی گریانەوە لە دوا قسەکانی دا وتی:" هەرگیز و هەرگیز لە ڕامانی خەونی هاوسەرەکەم نەگەیشتم ئەو خەونەی بەر لە شەهیدبوونی بینیبووی".

شەهید نەقیب صبری حسن میرزا حسو، لە فەرماندەیی بارزان درێژەی بەخەبات و تێکوشان دەدا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٨ لە محیوەری مەخمور - گوێر، لە سوڵتان عبدالله بە دەستی تیرۆستانی داعش شەهیدبوو.

# شەهید ( هیاس حاجی رشو رشو )



# پێناسی شەهید ( هیاس حاجی رشو رشو )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١١ / ١٠ / ١٩٧٦ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١٩ / ١١ / ٢٠١٥ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | نەخوێندەوار |
| دوا پلەی شەهید | نائیب زابت |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٩١ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| برینداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | سەدەی موسل |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی کەونەگوند |

# شەهید هیاس حاجی رشو

لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٦ لە دەڤەری بارزان گوندی کەونەگوند ژیانی بەسەر بردووە ژیانێکی سادە و ساکار، بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر بۆ ئەوەی بتوانی ڕۆڵەکانی پێ بگەیەنێت، بنەماڵەیەکی نیشتمان دوست و کوردپەروەر و خاك پارێز، هەمیشە شەهید بە ڕۆڵەکانی وتووە:(بخوێنن و بە خوێندن خزمەت بە وڵات و نیشتمان بکەن).

شەهید لە فەرماندەیی بارزان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبێت، لە گەڵ هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان شەهید بەردەوام لە سەنگەرەکاندا دەجەنگێت بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئارامی و تەبایی بۆ کورد و کوردستان و سەرانسەری جیهان، شەهید لە پێناوی ئارامی بۆ جیهان و سەرەوەری بۆ مرۆڤایەتی خەباتی کرد و گیانی فیداکرد، لە چەندین میحوەر دا بەشداریەکی کارای هەبووە لە ناوچە و میحوەرەکانی ( سەدەی موسل و گوێر و مخمور و بەرزایەکانی سوڵتان عبدالله ... هتد)، لە ئەنجامی شەڕێکی قارەمانەدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٨ لە بادوش شەهید دەبێت و دەچێتە ڕێزی نەمرانەوە.

## ئەگەر شەهید بووم و نەگەرامەوە چی دەکەی؟

دیوانی هاوسەری شەهید دەڵێت:" ئەو بەیانیەی هاوسەرەکەم بەرە و ئەرکەکەی دەچوو کە لەخەو هەستا چێشتی بەیانیمان پێکەوە خوارد وتی:(من دەرۆم چاوت لە منداڵەکان بێت چاوت لە چێل و مانگایەکان بێت)، بەدەم خەندەوە دەستی خستە سەر ڕەختەو چەکەکەی وتی:(دیوان

وا من دەرۆم ئەگەر شەهیدبووم و نەگەڕامەوە چی دەکەی؟)، منیش بە پێکەنینەوە وتم شوکری خودا دەکەم".

## مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بوو

دیوان دەبێژی:"هاوسەری شەهیدم مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و خاکی بوو، ئاواتی خزمەتکردن بوو بە ڕێبازی بارزانی و کورد و کوردستان".

## کاتژمێر (٣:٠٠) سێی شەو هاوسەرم شەهید ببوو

"ڕۆژێکیان بەیانی زۆر چووم بۆ ئەوەی مانگایەکان ببەمە دەرەوە بۆ لەوەڕاندن بینیم بەر دەرگای ماڵی خەزورم قەلەباڵغە من هەستم بە شتێکی ناخۆش کرد، کاتێك چۆم و لێیانم پرسی چیبووە؟ برای هیاسی هاوسەرم وتی:(هیچ نیە و هیچ نەبووە)، یەکسەر دەستم برد بۆ تەلەفونەکەو تەلەفونم بۆ هاوسەرەکەم کرد بەڵام بێ وەڵام بوو، تەلەفونم دووبارە کردەوە ئەم جارەیان هاوسەنگەری شەهید تەلەفونی هیاسی هاوسەرمی هەڵگرت وتی:(هیچ نیە هیاس بریندارە). بەڵام هەر لە کاتژمێر (٣)ی شەو هیاس شەهید ببوو، کەس دڵی نەدەهات ئەو هەواڵە ناخۆشەمان پێ بڵێت.

## سەربڵندین بە شەهیدبوونی

"منداڵەکانم سەربڵندن بە شەهیدبوونی باوکیان، منیش سەربڵندم کە هاوسەرم لەسەر خاك و شەرەف و ناموس و کەرامەت و پیرۆزیەکانی کوردستان شەهیدبووە".

## هەر چی بلێم ناتوانم وەسفت بکەم باوکە گیان

تالیبی کوری شەهید، دوای شەهیدبوونی باوکی کاریگەری لە دەستدانی باوکی زۆر پێووە دیارە بەچاو پێداخشاندنێکی خێرا بە لاپەرەی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە ئەکاونتی تالیبی کوری شەهید، ئەمە بە روونی بەرچاو دەکەوێت هەروەك لە یەکێك لە پۆستەکانی دا دەنووسێت:"لە ٢٠١٥/١١/١٩ باوکی خوشەویستم لە لایەن تاریك پەرستانی داعش شەهیدکرا، ناخۆشترین ساتەکانی ژیان لەو ڕۆژە بۆ من و خانەوادەکەم دەستیپێکرد باوکە گیان شەهیدبوونی تو بۆ ئێمە شانازییە، شەهیدبوونی تو بۆ ئێمە سەر بڵندییە هەرچی بڵێم و هەر چی ببێم ناتوانم وەسفت بکەم باوکە گیان قوربانی ئەو گۆڕەت بم کە تۆی تێدا نێژراوی باوکە... هەزاران سلاو لە گۆڕی پر نۆرت باوکە گیان".

## هەموو باوکێك جەژنە پیرۆزە لە کورەکانیان دەکەن

لە پۆستێکی تردا کە نزیك چەژنە، تالیب لەگەڵ باوکی شەهیدی دەدوێ، من ناحەقی ناگرم بەڕاستی بۆمنیش تا ئێستاش کە ٣٤ساڵ بە سەر جینۆسایدکرنی باوکم تێپەریووە ڕۆژانە لە پۆست و نووسینەکانمدا دەردە دڵم لەگەڵ باوکم باس دەکەم، بەتایبەت ئەو ساتانەی جەژن نزیك دەبێت، زیاتر هەست بە کاریگەرییەکانی بێ باوکی دەکەین و بێ باوکیمان پێووە دیارە، ئەگەر بۆ تالیب ئەمە یەکەم جەژن بێت، بۆ من ئەوە ٣٤ جەژنە بێ باوك بەرێ دەکەم، تالیب لە پۆستەکەی دا دەنووسێت:"

بابە گیان بەم نزیکانە جەژنە

هەموو باوکێك جەژنە پیرۆزە لە کورەکانیان دەکەن

بەڵام تۆ ڕوویشتی ئێمەت جێهێشت، باوکە گیان تو جەژنە پیرۆزەت لە ئیمە نەکرد و تو ئێمەت جێهێشت بابە گیان".

## باوکە گیان ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان سەختر دەبێت بە بیٚ تۆ

تالیب لە پۆستێکی تردا وێنەیەکی باوکی دادەنێت و دەنووسێت:"
باوکە گیان
هەمیشە بە یادی پێکەنینەکانت دەگریم
ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان سەختر دەبێت بە بیٚ تۆ".

## قوتابییەکان فێری خۆشەویستی نیشتمان بکەم

کە تالیبمان هینایە قسە، وتی:"باوکم مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، بۆ ئێمە ماموستایەك بوو وانەی خۆشەویستی خاك و نیشتمانی فێردەکردین، منیش دەمەویٚ لە ئایندەدا یان ببم بە ماموستا و قوتابییەکان فێری خۆشەویستی نیشتمان و قۆربانیدان لەو پێناوەدا بکەم یانیش ببم بە پێشمەرگە و ڕیٚ و ڕێبازی باوکم بگرمە بەر و خاك و وڵات و سنوورەکان بپارێزم".

## من دەمەویٚ ببمە پارێزەر

غالیبی برای تالیب، دەڵێت:"ئاواتی من ئەوەیە ببمە پارێزەر چونکە باوکم هەمیشە دیگوت:(بخوێنە کورم خزمەت بکە حکومەتەکەمان پێویستی بە ئێویە)، من دەمەویٚ ببمە پارێزەر و پارێزگاری لە یاسا و سەروەریەکانی ئەم دەستکەوتەی ئەمرۆی حکومەتی هەرێم بکەم".

## بابزانین ئەو شەڕە چوون بوو و چی ڕوویدا و هیاس چوون شەهیدبوو؟

زیاد علی پیرو پێشمەرگە لە فەرماندەی بارزان، ئەو ساتانەی کە هیاس شەهیدبوو، زیادیش بریندار دەبێت و یەکەم کەسیش بووە کەچووە سەر لاشەی شەهید هیاس، باسی قارەمانیەتی و خۆراگری و بەرگری خۆی و پێشمەرگەکان دەکات لەو شەوە دا کە شەڕەکە ئەنجامدرا، هەرچەند لەم شەڕدا خۆی بەسەختی بریندار دەبێت، بەڵام بە هۆی هەست و ئینتیمای بۆ خاك و نیشتیمان و برا پێشمەرگەکانی گوێ بە برینەکەی نادات و پاڵەوانانە دەجەنگێت و خۆکۆژێکی تیرۆرست دەکوژێت و دەیتەقێنێتەوە، زیاد دوای برینداربوونی بۆ ماوەی نزیکی هەشت مانگ لە دوو قۆناغی جیاوازدا لە نەخۆشخانەیەك لە ئەنقەرەی پایتەختی وڵاتی تورکیا لە ژێر چارەسەرکردن دا دەبێت، لەکاتی گێرانەوەی ئەم داستانە هەفتەیەك بوو لەچارەسەر گەرابوویەوە، تەندروستی باشترە بەڵام هەر حەز و خۆلیای ئەوەیە بگەرێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ.

زیاد بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکان دەکات:" ئێمە لە بادوش بووین، درەنگانێکی شەو بوو کات نزیکەی سێی شەو بوو، تەم و مژێکی زۆر ئاسمانی ئەم ناوچەی داگیرکردبوو، من چووم بۆ خالی پاوسەوانی و ئەوکات هیاس بۆ خاڵێکی تری پاسەوانی دەچوو، دوای ماوەیەکی کەم بینیم چەکدارانی داعش بەرەو رووومان دێن، هاوسەنگەرانم ئاگادار کردەوە، (من و حمدامین و صالح) لە خاڵێکی پاسەوانیدابووین خۆکۆژێکی داعش بەرەو رووی ئێمە دەهات هەرسێکمان ئەم تیرۆرستەمان خستە بەر دەستڕێژی گوللە بەڵام بێ سوود بوو ئەو بەردەوام بوو لە هاتنی بە ڕاکە ڕاکە، من بە هاوسەنگەرانم گوت:(ئەم تیرۆرستە درعی پۆشیووە)، دواتر

هەوڵمان دا کوللەکانمان ئاراستەی ئەو شوێنەی بێت کە (درع) نەکراوە، دواتر گوللەی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی، بەڵام دیسان بە خلیسکانە و لە سەر سك و لەسەر ئەژنوو بەردەوام بوو لەهاتنی بۆ ئەوەی خۆی بە ئێمەدا بتەقێنێتەوە، هەموو لاشەی بە مادەی (تی ئێن تی) داپۆشرابوو، کە زۆر نزیك کەوتەوە لە ساترەکەمان بە مەودای نزیکەی هەشت مەترێك من نارنجوکێکم بەدەستەوە گرت و بەرەو ڕووی تیرۆرستە خوکۆژەکە هەڵمدا لە ئاکامدا تیرۆرستەکە تەقیەوە و بەهۆی دەنگ و هەوا و ساچمەکان کە رووبەرووم دەهاتن منی چەند مەترێك فڕێدا و بە دیوارێك کە لە ناو ڕەبایەکەمان بوو کەوتم و کەوتمەوە سەر زەوی، بەڵام کۆڵم نەداو هەستامە سەرپێی بەردەوام بووم لە شەڕکردن، لەهەمانکاتدا کارەبای ڕەبایەکەشمان لە کارکەوت و ئاسمانەکە زیاتر تاریك بوو تەم و مژ و دووکەڵی تەقینەوەی خۆکۆژەکان مەودای بینینمانی زۆر کەم کردبوو، منیش تا دەنگ لە دەمم دەردەچوو دەستم کرد بە (هەل هەلە) لێدان بۆ ئەوەی ورەی پێشمەرگەکان بەرزتربێتەوە و ورەی چەکدارانی داعش برۆخێنین، دواتر هێزی تایبەتی(١) بەهانامانەوە هاتن، بەر لەوەی بگەنە لای ئێمە خۆکۆژێك بەرەو رووی هەمەری هێزی تایبەتی(١) چوو باوەشی بە هەمەرەکەوە کرد و خۆی پێیەوە تەقاندەوە، بە داخەوە لە ئەنجامدا شەهیدێك و بریندارێکی لێ کەوتەوە، بەڵام پێشمەرگەکانی تر لە هەمەرەکە هاتنە دەرەوە و پاڵەوانانە بەهانامانەوە هاتن و جەنگان و شەڕیان کرد، نەقیبێك بەناوی (سەربەست) لە هێزی تایبەتی(١) گەیشتە لام بەڕاستی پاڵەوان بوون، من بە نەقیبەکەم وت: (فیشەکم پێ نەماوە فیشەکم پێ بدە)، ئەویش مەغزەنەکەی پێ دام و شان بە شانم جەنگا بە

هیمەتی ئەو هێزە و دواتر لەشکری تایبەتی گولان لە گەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی فەرماندەکەمان(فەرماندەی بارزان) بەردەوام بووین لە شەڕکردن، لە هەموو لایەکەوە گوللە بەرەو رووومان دەهات تیرۆرستەکان لە چەند روویەکەوە بەرەو سات‌رەکەمان دەهاتن، هەر لەناو ڕەبایەکەماندا دوو ئۆتۆمبێلی پێشمەرگەکان بە تەواوی سوتێنران، ئۆتۆمبێلێکی تریش چەندین کوللەی بەرکەتبوو لە کار کەوتبوو، بەڕاستی گێرانەوەی ئەم ساتە وەختە زۆر سەختە وەك فلم وابوو، ئاگر و ئاسن و کوللە لە هەموو روویەکەوە دەباری‌ن، خۆکوژەکانیش بەردەوام بوون لە خۆ تەقاندنەوە.

کاتێك چووم بۆ لای ئەو خاڵەی کە هیاسی تێدا پاسەوان بوو، بە داخەوە بینیم هیاس شەهیدبووە و کوللەیەك بەر چاوی ڕاستی کەوتووە.

بەڵام وام نەکرد ورەی پێشمەرگەکان دابەزێت، بۆیە ئەوکات بە پێشمەرگەکانم نەوت، ناوە ناوەش لە (هەل هەلە) لێدان بەردەوام بووم، شەڕەکە بەردەوام بوو تا کاتژمێر (٦:٠٠) شەشی بەیانی دواتر بە هیمەتی هەموو لایەك توانیمان شکست بە دوژمن بهێنین و نەگەیشتنە ناو ڕەبایەکەمان، بەڵام زۆر نزیك بوون.

دەڵێن تیرۆرستەکان ژمارەیان زیاتر لە (٤٥) کەس بووە کە هێرشیان بوومان هێناوە، بە داخەوەش لە فەرماندەیەکەمان شەهیدێك و لە هێزی تایبەتی (١) شەهیدێکی ترمان هەبوو، من و زیاتر لە (١٢) دوازدە پێشمەرگەی تر بریندارب‌ووین.

بۆ بەبانیەکەی من لەگەڵ لاشەی شەهید بەرەو پەیمانگەی پزیشکی دادوەری دهوك چووین و لە نەخۆشخانە ڕاپورتی پزیشکیان تۆمار کرد، من بە هۆی شەهیدبوونی هیاس هەستم بە بریندارب‌وونی خۆم نەدەکرد

لەم کاتەدا پەرستیارێك وتی:(تو تەندروستیت باش نیە سەرو پشت و ملم و هەموو لاشەت خوێنە)، سەیری ڕوخساری کردم وتی:(لە ناو بروەکانت ساچمە هەیە) تکای کرد کە برینەکەم چارەسەر بکەن، بەڵام من پێداگریم کرد وتم:( با لاشەی شەهید ببەینەوە دواتر چارەسەری خۆم دەکەم).

لاشەی شەهید هیاس مان هێنایەوە دەڤەری بارزان و لە گوندی (کەونە گوند) بە خاکمان سپارد، من تا ئەو کاتیش هەمان ئەو جل و بەرگەم لەبەر بوو کە هەمووی خوێن و توز و دووکەڵ و قور و لیتەبوو".

# شەهید ( محمد یوسف قادر محمد )



## پێناسی شەهید ( محمد یوسف قادر محمد )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٥٤ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٤ / ٥ / ٢٠١٦ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرتایی |
| دوا پلەی شەهید | مقدم |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٧٩ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ |
| زیندانیکراوە | - |
| برینداربووە | ٢ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی بارزان |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | گوێر - ابوشیتە |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گۆندی کورکێ |

# شەهیدی فەرماندە، محمد یوسف قادر کورکەیی

بەرلەوەی باس لە خەبات و تێکوشانی شەهید محمد بکەین پێویستە باس لە قارمانیەتی باوکی شەهید بکەین.

یوسف قادر کورکەیی پیاوی نیشتمان و پێشمەرگە و شۆرشگێری ناوداری دەڤەری بارزان، لە شۆرش و ڕاپەرینەکانی بارزان دەورێکی بالآی هەبووە، لە سالّی ١٩٤٥ لە گەلّ هەزاران خێزانی تر بارزانی ئاوارەی ولآتی ئێران دەبن و بو پالّپشتیکردن و پاراستن و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مهاباد، یوسف قادر کورکەیی وەك پێشمەرگەیەکی چاو نەترس شان بە شانی پێشمەرگەکانی تری بارزانی لە وەزارەتی جەنگ و بەرگری کۆماری کوردستان سوێندی یاسایی خوێند و چەکی پێشمەرگایەتی هەلّگرت لە فەرماندەی هێزی بارزانیان بەسەرپەرشتی جنراڵ مستەفا بارزانی، لە چەندین شەڕو داستاندا قارەمانیەتی بێ وێنەیان ئەنجامدا، دوای گەڕانەوشیان بۆ خاکی باشووری کوردستان لە لایەن حکومەتی مەلەکی عێراق دووچاری ڕاگواستن و زیندانیکردن دەبن، خانەوادەکەی لە ئۆردووگای تەلبەندکراوی دیانان دەست بەسەر دەکرێن و خوشی بەرەو زیندانەکانی کەرکوك و موسل و بەسرا، لە یەکێك لە زیندانەکان زیندانی دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێن دووای دوو سالّ ئازاد دەکرێت، ئەم ژیانە کۆلّەمەرگیە تا سالّی ١٩٦١ بەردەوام دەبێت، دوای هەلّگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەك فەرماندەیەکی قارەمان لە چەندین داستاندا بەشداری دەکات...

خانەوادەیەکی پڕ لە سەروەرین و خەبات و قوربانیدان لە پێناو ڕێبازی بارزانی نەمر پیشەی سەرەکیان بووە.

شەهیدی کوری شەهید محمد یوسف قادر کورکەیی لەم بنەماڵە تێکوشەرە و لە سەردەستی ئەم مەردە پیاوانە پەروەردە کراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی کورکێ ناحیەی گۆرەتوو قەزای مێرگەسۆر لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی گەنجیەوە چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات، پێشمەرگەیەکی خاکی و کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیر و ئازا و قارەمان و ڕاستگو و نیشتمان پەروەری لێ دەردەچێت، لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن و بەردەوام دەبێت لە خەبات و تیکوشانی و ڕێکخستی حزبی و پارتیزانی و پێشمەرگەیەکی باوەرپێکراوی ئیدریس بارزانی دەبێت لە چەندین داستانی بەناوبانگدا لە شۆڕشی گوڵان بەشدار دەبێت و لە داستانی خواکۆرك مەردانە دەجەنگێت دژ بە دۆژمن، لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ و لە داستانی کۆڕێ پێشمەرگە و شۆرشگێرێکیماندوونەناس دەبێت، لە سوپای بارزان درێژە بەخەبات دەدات و دووجاریش بریندار بووە، تا خانەنشینکردنی بە پلەی مقدم، بەڵام لەو ماویەشدا مەبەست لە ماوەی خانەنشین کردنیدا، هەمیشە پێشمەرگە ئاسا کێشەی کۆمەڵایەتی گەنجان و خەڵکی دەڤەری بارزانی چارەسەرکردووە، پێشمەرگەیەکی ڕوشنبیرو خۆشەویست لەلایەن هاوڵاتیانی دەڤەری بارزان و هاوسەنگەرانی، پێشمەرگەیەك دارو بەردی بارزانی لەلا پیرۆز بووە هەمیشە لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی عثمان پیرانی لە شاخ و دوڵ و گەڵی و ئەشکەوتەکانی دەڤەری بارزان دەگەڕان ئاو و دانەوێلەیان بوو ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی ئەم دەڤەرە دەبرد.

شەهیدی فەرماندە محمد کۆرکەیی پیاوێکی ئازا و بوێر، تێکۆشەرێکی نەفس درێژ و هیمەت بەرز، باوکێکی دلسۆز، کادرێکی بە ئەدەب و زاناو لێهاتوو، هاورێیەکی بە وەفا، جوامێرێکی قارەمان و دلێر، فەرماندە و پێشمەرگەیەکی لەخۆ بردوو، کەسایەتیەکی ئارام و خۆشەویست.

لەدوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان وەك پێشمەرگەیەکی خانەنشین کراو و خۆبەخش دەچێتە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوە، لەبەر ئەو باگراوەندە پڕلە سەروەری و قارەمانیەتی کە هەیەتی دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور- گوێر.

بەڵام بە داخەوە لە ٢٠١٦/٥/٤ شەهیدی فەرماندە لە گوندی ئەبوشیتە لە میحوەری مەخمور - گوێر شەهید دەبێت و دەچێتە ڕێزی نەمرانەوە.

شەهید خاوەن دوو هاوسەرە و شەش کور و شەش کچی لە دوای خوی بەجێهێشتووە.

## خواردنی خۆماڵی و چیایی

مەگرومی هاوسەری شەهید وتی:"هاوسەری شەهیدم زۆر حەزی لە خواردنی خۆماڵی و چیایی بوو ئەو ڕۆژە کەلە ئەرکی پێشمەرگایەتی گەڕایەوە، بەیانیەکەی من چووم بە دەستی خوم (کەنگر)م لە لە دەرەوەی گوند بوو کۆکردەوە، هێنامەوە و بۆم لێنا لەم ماوەیەدا کە دوا هاتنەوەی بوو ڕۆژانە هەرچی خواردنی گیایی و چیایی خۆش هەبوو کە ئەو حەزی لێ بوو لەماوەیەدا بوم لێدەدانا، بۆیە ئێستا دوای شەهیدبوونی ئاسوودەم چونکە هەست دەکەم برسیم نەکردووە".

## مرۆڤێکی بە هەیبەت و خاکی و کۆمەڵایەتی بوو

مگروم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"محمدی هاوسەرم مرۆڤێکی پڕاوپڕ لە واتاو میهرەبانی بوو، مرۆڤێکی بە هەیبەت و خاکی و کۆمەڵایەتی بوو، بە بەردەوامی کە ڕۆژانە دەهاتەوە کۆمەڵێك فایل و ئەوراقی هاونیشتیمانیانی لە لابوو".

## قارەمانێکی بێ وێنەبوو

مگروم خێزانی شەهید بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە محمدی هاوسەرم شەهید بێت، تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە شەهیدیش بوو هەتا گەیشتمە نەخۆشخانە لە هەولێر وام هەست دەکرد بریندارە، ئیتر دەتوانێت زاڵبێت بەسەر برینەکەیەوە هەمیشە وام هەست دەکرد محمدی هاوسەرم نەمرە، چونکە قارەمانێکی بێ وێنەبوو".

## دارو بەردی بارزانیش پیرۆزن

"زۆر مەیلداری ڕێبازی بارزانی نەمر و پارتی بوو، دلسۆز و خەم خۆری بارزان و بنەماڵی بارزان بوو، هەمیشە دەیگوت:(تەنانەت دارو بەردی بارزانیش پیرۆزن دەڤەری بارزانی زۆر خۆشدەویست)".

## شەکری قەندی بە گوێزم بۆ بنێرە

ئێوارەی ڕۆژێك بەر لە شەهیدبوونی پەیوەندی پێوەکردم، بە گرنژینەوە وتی:(ئێستا تۆ دەڵێی ئۆخەی من ئاگام لە دەنگی هاوسەرم بوو)، دواتر وتی:(بەیانی مصطفی برام دێتەوە ئەرك هەندێك شەکری قەندی بە

گوێزم بۆ ئامادە بکە و بینێرە)، وتم باشە دوای داخستنتی تەلەفونەکە من چووم شەکری بە گوێزم بۆ لێنا و ئامادەکرد و بردمە ماڵی مصطفی برا، وتم بەیانی لەگەڵ خوت ببە.

بەلام بە داخەوە کە ڕۆژی دواتر شەکرەکەی برد، شەهید دەرفەتی خواردنەوەی چایەی بەو شەکرە قەندە بەگوێزە نەبوو، چونکە شەهید ببوو".

## نەچونەتە دکتۆر ؟

دور سوفی خێزانی شەهید محمد دەڵێت:"هاوسەرم محمد بەیانی زۆ تەلەفونی کرد وتی:(نەچونەتە دکتۆر؟)، چونکە نەخۆشمان هەبوو وتم: (نا ئێوارە دەچین)، ئێمە چووین بۆ هەولێر کاتژمێر چواری ئێوارە تەلەفونم بۆ هات وتیان محمد بریندارە، لە نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی، کە چوینە ئەوێ مصطفی برای هاوسەرم لە حەوشەی نەخۆشخانە بوو وتم:(مصطفی کوا محمد؟) وەلامی نەدامەوە و ڕوی لەمن وەرگێرا و ئەوکات هەستم کرد و زانیم کە شتێکی خراپ رووی داوە چونکە ڕۆخساری شێواو شەکەت بوو، کە چومە ژۆرەوە محمدم بینی لەناو بەتانییەك بوو گیانی لە دەست دابوو، هەر لەوێ لە سەنگەر دا شەهید ببوو، بەلام بە ئێمەیان نەگوتبوو".

## کە دواجار بینیم لە ناو بەتانی دا بوو شەهید ببوو

"هەمیشە پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی محمد دەیان گۆت:"خۆی ناپارێزێ لە شەڕەکان و پێشرەویەکی زۆر دەکات"، منیش جارێکیان وتم:(محمد

ئەوەندە مەچووە پێش و ئاگاداری خۆت بە)، وتی:(هیچ نیە ئەوەی خودا دەیەوێت هەر ئەو دەبێت، زۆر زۆر منیش وەك ئەو پێشمەرگانە لە ناو بەتانیەك هەڵدەگرن و شەهید دەبم لە پێناوی ئەو ڕێبازە. هەر وای لێهاتی کە دواجار بینیم لە ناو بەتانی دا بوو شەهید ببوو".

## نیوەی ژیانی

لە بەردەوامی قسەکانیدا دور وتی:"نیوەی ژیانی لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە بەسەربردووە".

## هەر کە بەبیرم دێت باوکم چەکی لە شان بووە

سەنعان کوری شەهید دەڵێت:"هەر کە بەبیرم دێت باوکم چەکی لە شان بووە و لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا بەشداربووە، شانازی بە شەهیدبوونی باوکم دەکەم کە لە سەر ڕێبازی پارتی و بارزانی شەهید بووە، بێگومان ئێمەش درێژەپێدەری ئەو ڕێبازەین".

## باوکم هێزێکی لە بن نەهاتوو و بێ کۆتا بوو بۆ من

دلدار کوری شەهید دەڵێت:"زمانم زۆر بێ دەسەڵاتە لە ئاست گۆزارشت کردنی ڕامانی باوکم، باوکم هێزێکی لە بن نەهاتوو و بێ کۆتا بوو بۆ من، لە هەموو لایەنێکی ژیانی من بەشداریەکی ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆی هەبوو، ئەو کەسێك بوو کە دەمتوانی لە کاتی بوونی هەر کێشەو گرفتێك پشتی پێ ببەستم بۆ دەرچوون لێی بە باشترین و دڵنیاترین شێوە، باوکم ڕووناکی بوو بۆ من کە دەمتوانی لە ژێر ڕۆشنایی

ئەودا هەنگاوەکانم بە دروستی هەڵبنێم، بە هەبوونی ئەو وامدەزانی ژیان خەلاتێکە خودا پێی بەخشیوم و بە نەبوونی ئەو وا دەزانم ژیان ئەرکێکی سەختە دەبێت بەجێ بگەیێنم".

## ئاژەلە کیویەکانی بارزان تێنیویانەی ئەی فەرماندە

هەمیشە لە گەڵیێ شکەفتێ بەتایبەت لەوکاتەی ئاو کەم دەبوو شەهید محمد بەدوای سەرچاوەیەکی ئاودا دەگەڕا بۆ ئاژەڵە کێوەکانی دەڤەری بارزان خۆی هاوسەنگەرەکەی شەهید عثمان پیرانی لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا بەدیار دەکەون و خەریکی کردنەوەی سەرچاوەیەکی ئاون بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان سوودی لێ ببینن.

## ئەگەر واش نەبوایە هەردەمردم
## کەسیش یادی نەدەکرم

ئەو وتەیەی کە هەمیشە شەهید دووبارەی دەکردەوە، بۆ چلەی ماتەمینی شەهید فەرماندە عثمان پیرانی لە بەڵگە فلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە پانۆڕامای ژیانی شەهید فەرماندە عثمان پیرانی، شەهیدی فەرماندە محمد کورکەیی بەو وتەیە کۆتایی بەقسەکانی دێنێت، لە چەند کەناڵێکی تری ڕاگەیاندن کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ شەهید محمد کورکەیی کردووە ئەم وتەیەی دووبارە کردووتەوە، ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا دێڕێکی شعری هەژاری موکر یانی یە.

بەگرنگمان زانی لێرە تیشك بخەینە سەر چەند وتە و كاروچالاكی شەهید لە ماوەی درێژەدان بەخەبات و تێكوشان و بەرگریكردن لە سنوورەكانی كوردستان، لە دوای هاتنی داعش بۆ سەر خاكی كوردستان، كە لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك لە ئەكاونتی تایبەتی خۆی بلاویكردوونەتەوە، كاتێك پۆستەكانی شەهید دەخوێننەوە ئەوكات دەزانین خۆشەویستی خاك و نیشتمان و هەستی نەتەوەیی لە لای پیاوی نیشتمان محمد یوسف كوركەیی چەند مەزن و پیرۆز بوونە.

تەنیا چەند پۆستێك لە پۆستەكانی ساڵی ٢٠١٦ بە نموونە وەردەگرین:

سەرەتا لە دوا پۆستی شەهید محمد كوركەیی دەست پێدەكەین، كەئەمە بوو:

ڕێكەوتی ٢٠١٦/٥/١

ئێمە وەكو مەفرەزەی تایبەت، ئەمڕۆ لەگەڵ هەڤاڵانمان سەردانی ڕەبایەكانی پێشەوەی سوڵتان عبداللە مان كرد بۆ ئەوەی لە نزیكەوە هاوكارییان بكەین بۆ توندوتۆڵكردنی ڕەبایەكانمان بەرامبەر تیرۆرستانی داعش، ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێكی تیرۆرستان كە دەكرێتە سەر خاكی كوردستان و وەعد و پەیمان دووپات دەكەینەوە بۆ سەرۆك بارزانی و خەڵكی كوردستان كە تا دەمرین بە خوێنی خۆمان ئەم خاكە دەپارێزین.

---

پۆستێكی تر لە ڕێكەوتی ٢٠١٦/٤/١٠

ئەمڕۆ ٢٠١٦/٤/١٠ پاش(٣٥) ڕۆژ لە بەرەکانی جەنگ لە سوڵتان عبدالله بەفەرم زانی سەردانی مەزاری شەهیدی برام عثمان پیرانی بکەم لە پیران، هەتا دەمرم لەبیرت ناکەم خۆشەویستم کاکە عثمان.

---

پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/٥

ئەمڕۆ لە بەرزاییەکانی سوڵتان عبداللە لەگەڵ بەڕێز سیروان بارزانی سەرپەرشتیاری میحوەری شەشی مەخمور- گوێر لە سەنگەرەکانی پێشەوە خەریکی دانانی نەخشەو پلانی جۆراوجۆربووین، بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستانی پیرۆز و توندوتۆڵکردنی ڕەبایەکانی پێشەوە بۆ پاراستنی گیانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە بەرامبەر تیرۆرستانی داعش.

محمد مام یوسف

مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر

---

پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/٣١

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە هەموو ڕێگایەك دەگرمەبەر بۆ بەرگریکردن لە گیانی پێشمەرگە قارەمانەکان بەرامبەر تیرۆرستانی داعش، یەکێك لە ڕێگا هەرە باشەکانیش کە ئێمە زۆر تەئکیدی لێدەکەینەوە لێدانی حەفرو ڕێکخستنی ڕەبایەکانە، ئێمەش لە مەفرەزەی تایبەت لەگەڵ هەڤاڵانمان شەو و ڕۆژ ئامادەین لەشوێنی هێرشکردنی دوژمن بۆ سەر ڕەبایەکان.

محمد مام یوسف

مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/٢١**

**بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بە تایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، هیوادارم ئەم جەژنە ببێتە مایەی هاتنەدی خەونی لەمێژینەی گەلەکەمان کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە، هەروەها ئەمڕۆ ٢٠١٦/٣/٢١ لەو ڕۆژە نەتەوەییەدا بەفەرمان زانی سەردانی بەرەکانی پێشەوە بکەین لە سوڵتان عبدلله بۆ توندوتۆڵکردنی ڕەباییەکانمان بۆ ئەوەی گیانی برا پێشمەرگەکان زیاتر پارێزراو بێت بەرامبەر تیرۆرستانی داعش خودا لەناویان ببات.**

**محمد مام یوسف**

**مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١٧**

**ئێمە بەناوی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی میحوەری شەشی مەخمور-گوێر پەیامێك ڕادەگەیێنین بۆ خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بەبۆنەی جەژنەکانی ئادارو نەورۆز پیرۆزباییان لێ دەکەین، بەڵام هەرکەس لە توانای دابێ وەکو ڕێزگرتن لە ماندووبونی پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی شەهیدان نەچنە سەفرەو سیاحە بەڵکو سەردانی ماڵی شەهیدان و بریندااران بکەن و ڕێزیان لێبگرن با ببێتە نەریتێك لەناو خۆمان و نەوەکانیشمان با بزانن ئەوانەی کوردستان دەپارێزن کێن،**

**ئێمەش وەکو پێشمەرگە وەعدو پەیمانمان دەبەینە سەر کە پاراستنی خاکی کوردستان و خوێنی شەهیدانە.**

**محمد مام یوسف**

**مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١١**

**پەیامێك لەبارەی ڕۆژی جلی کوردی!!**

**پێم وایە دیاریکردنی ڕۆژێك لە ساڵێکدا بۆ ناساندنی جلی کوردی شتێکی بێ مانایە و لە بایەخی ئەم جلە جوانە کەم دەکاتەوە و هیچ پێم باش نیە ئەم بابەتە لەمیدیاکاندا بڵاوبکرێتەوە، چونکە دەبێت هەموو ڕۆژ ڕۆژی جلی کوردی بێت لە لامان نەك تەنها ڕۆژێك، پێم وایە لە هەموو دونیا هیچ جلێك لە جلی کوردی جوانتر نیە، وە ئەگەر ئەم جلە کورییە هی خۆمان نەبوایە بە دڵنیاییەوە هەمومان لەبەرمان دەکرد.**

**محمد مام یوسف**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩**

**"یادی ٣٧ ساڵەی وەغەری بارزانی نەمر"**

**بەناو خوای گەورەو میهرەبان**

**ئێمە لەبن ئالای کوردستان لە میحوەری شەشی مەخمور-گوێر بەرامبەر دوژمنانی مرۆڤایەتی تیرۆرستانی داعش بەناوی هەموو برا پێشمەرگەکان و هەڤاڵانمان یادی ٣٧ ساڵەی وەغەری بارزانی نەمر دەکەینەوە، وەعد و پەیمان دوپات دەکەینەوە بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و خوێنی شەهیدان کە**

ئێمە وەکو پێشمەرگە ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو ئالایەی کە بە ماندووبونی جەنابیان و خوێنی هەزاران شەهید و ئەنفال و دەربەدەری، خەبات و ماندوبونی شێخ عبدالسلام بارزانی هەتا دەگاتە جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی هاتۆتە دی ئێمەش بە خوێنی خۆمان دەیپارێزین، لەکۆتاییدا هەزاران سلاو و ڕەحمەت لە گۆڕی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمرو ئەندازیاری ئاشتی کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

**محمد مام یوسف**

**مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/١٧**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

ئێمە وەکو پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری شەشی مەخمور-گوێر داوا لە هاولاتیانی کوردستان دەکەین کە بەرامبەر ئەو قەیرانە خۆڕاگربن کە بەسەر هەرێمی کوردستان دا هاتووە، ئەو قەیرانە یەکەم جار نیە بەڵکو زیاتر لە ١٠٠ ساڵ پێش دوژمنانی مللەتی کورد هەزاران پلانی جۆر بە جۆریان بۆ مللەتی کورد داناوە بۆ ئەوەی مللەتی کورد هەر لەژێر دەستی دابێت، بەڵام خەیاڵیان خاوە انشاالله لە ماوەیەکی کەم دا لەژێر دەستی دوژمنان خەلاس دەبین و دەبینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی، بەڵام پێویستە هەمووومان هاوکاربین با ئەم فرسەتە لەدەست خۆمان نەدەین خوێنی شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال و دەربەدەری مللەتەکەمان بەفیرۆ نەدەین، وابزانم مردن خۆشترە لەسەر ڕێگای ڕاست نەك ژیان لەژێر دەستی، با هەمووومان پێکەوە تەعاملێکی

بەرپرسیارانە لەگەڵ وەزعەکە بکەین خودا هاوکارمان دەبێت انشاالله لەم قەیرانەش ڕزگارمان دەبێت، ئێمەش وەعدو پەیمان دەدەینە مللەتی کورد کە کەرامەتی ناوی خۆمان بپارێزین کە پێشمەرگەین وە ئێمە زامنی پاراستنی خاکی کوردستان و خوێنی شەهیدانین.

**محمد مام یوسف**

**مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٨**

ئێمە بەناوی پێشمەرگە قارەمانەکانی میحوەری شەشی مەخمور-گوێر دەست خۆشی لە کارمەندانی ئاژانس و هاوڵاتیانی دڵسۆزی کوردستان دەکەین بۆ دەستگیرکردنی تیرۆرستانی داعش، ئەو تیرۆرستانەش ئەو تاك و توکەن کە زۆر بە نامەردی لە دەست پێشمەرگە قارەمانەکان خۆیان قوتار کردوەو دزەیان کردووتە ناو شاری هەولێر، بەڵام با تیرۆرستان باش بزانن خەڵکی بەشەرەفی کوردستان ورياو هۆشیارن هیچ قوتاربونیان بۆ نیە، ئێمەش وەعدو پەیمان دەدەینە هاوڵاتیان کە ئەمنیەت و ئارامی خاکی کوردستان بە خوێنی خۆمان دەپارێزین و موچەو سەرماو گەرما هیچ کاریگەری لە بیروباوەری پێشمەرگە قارەمانەکان نابێت و ئێمە ناوی خۆمان دەپارێزین کە "پێشمەرگەین. "

**محمد مام یوسف**

**مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٣**

ئەمڕۆ ٢٠١٦/٢/٣ لە هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر بنکەکانی تیرۆرستانی داعش لە میحوەری مەخمور بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سیروان بارزانی سەرپەرشتیاری میحوەری شەشی مەخمور-گوێر گورزێکی کوشندە لە تیرۆرستانی داعش دراو چەندین گوندیان لێ پاك کرایەوەو کوژراوێکی زۆریشیان بەجێهێشت، تیرۆرستانی داعش ورەیان نەماوەو انشاالله شوێنەواریان نامێنێت لە کوردستان.

محمد مام یوسف

مەفرەزەی تایبەتی سەر بە فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر

---

پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٣١

بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان

لە ١١/٣١ یادی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی دەکەینەوە بەڕاستی لە کاودانێکی وا بەجێتهێشتین دارو بەردی کوردستانیش پێویستیان پێت بوو، من لە نزیکەوە ئیدریس بارزانیم دەناسی بەڕاستی بۆشاییەکی گەورەی بەجێهێلا، هەمیشە دەیگوت زۆرم پێخۆشە هەموتان هاوکارم بن کە دەنگی فەقیرو هەژار نەگاتە خودا با لێمان تێك نەچێت، هەروەکو بارزانی باوك کە دەیگۆت من لە دۆژمن ناترسم بەڵام دەترسم غەدر لە فەقیر بکرێت و خودا لێمان قەبوڵ نەکات، ئیدریس قوتابی قوتابخانەی بارزانی نەمر بوو، بۆیە هەرچی وەسفێك خودا پێی خۆش بوو لە لای ئەو شەهیدە بەدەست دەکەوت، خوا شاهیدە هەرچی وەسفی باش بوو لای ئیدریس بارزانی هەبوو، بەڵام چی بکەین لە بەرامبەر کاری خودای

**گەورە تەنها دەتوانین بلێین انا لله وانا اليه راجعون، انشاالله جێی بەتاڵ نابێت.**

**منیش وەکو دڵسۆزو خزمەتکاری ئەم ڕێبازە هەتا دەمرم لەبیرت ناکەم، ئێستاش لەسەر هەمان ڕێبازم لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٨ بەخۆم و هەڤاڵانم لە میحوەری شەشی مەخمور-گوێر بەرامبەر دوژمنانی مرۆڤایەتی ڕاوەستاوین، پشت بەخوا سەرکەوتن هەر بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانە.**

**محمد يوسف قادر**

---

**پۆستێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/١٠**

**بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان**

**ڕۆژا ٢٠١٦٦/١/١١ ساڵڤەگەرا شەهیدبوونا دڵسۆز و خۆشەویست و برا و هەڤال و هاوسەنگەرێ من عثمان پیرانیە .**

**تە لبیر ناکەم هەتا دمرم هەڤاڵێ خۆشەویستێ من، ل چیایێ پیران بپرسن ل دۆڵ و نەهالێت کوردستانێ بپرسن ل کچ و کورێت کوردستانێ بپرسن کی بوون پێکڤە دگەریان بۆ کێشەو گرفتێن وان، برا عثمان ل ڕۆژا تە وەغەر کر من هیچ هەق نەدایتە خۆ بچمە شینواڕێت من و تە، ل چیایێ پیران بپرسن کانێ عثمان و محمد؟! ل چیایێ خەیلان و برادۆست بپرسن ل هەلبت بپرسن ل چیایێ پیرەفاتێ بپرسن ل مللەتێ بارزان بپرسن ل یادو مەراسیما بپرسن ل فەرماندێ بارزان بپرسن ل کێشێت کۆمەلایەتی بپرسن کانێ هەڤالێت ئێك عثمان و محمد؟! پشتی تە من واز ل هەم سەفەر و سەردان و مەراسیما هینا، خۆشەویستێ من کاك عثمان لتە پیرۆز بیت شەهیدبوونا تە، خۆزی ئەزیش لڤێ سەفەرێ دگەل تەدابام**

بەس وه دیاره بابەت نەبوم، بڕاستی هەتا دمرم ته لبیر ناکەم، عەمرێ مه هەمیا گۆڕی تەبیت سەرۆك بارزانی.
هەڤال و برایێ بچوکێ ب جێماییێ ته
محمد مام یوسف

---

پۆستێکی تر له ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/١
سالّی نوێ
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ئێمه وەکو پێشمەرگەکانی میحوەری شەشی مەخمور-گوێر پیرۆزبای سالّی نوێ له جەنابی سەرۆك بارزانی و تەواوی کەسوکاری شەهیدان دەکەین، لەخودای گەوره دەپاڕێینەوه که چیتر مللەتی کورد بەدەست نەیارانی کوردو کوردستان نەبێته قوربانی، با بەس بێت ئێمه زیاتر له سەد سالّه بەدەست نەیارانمان شەهید و ئەنفال و کیمیاباران دەکرێین، منالّەکانمان هیچ گوناهیان نیه باچیتر هەتیو و بێ باوك نەبن ئێمەش مرۆڤین تەنها گوناهمان ئەوەیه که کوردین.
له کۆتاییدا انشاالله له سالّی ٢٠١٦ دەولّەتی کوردی لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی دێته ڕاگەیاندن به کوێرایی چاوی ناحەزان.
محمد مام یوسف
مەفرەزەی تایبەتی سەر به فەرماندەیی بارزان میحوەری شەشی مەخمور-گوێر

# شەهید ( علی شهاب علی علی )



# پێناسی شەهید ( علی شهاب علی علی )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ١ / ١٩٨٨ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ١٨ / ٩ / ٢٠١٦ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | نەخوێندەوار |
| دوا پلەی شەهید | عریف |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ١٩٩٥ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی زێرەڤانی |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | خازر |
| هۆی شەهیدبوون | تەقینەوە - خۆکۆژی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندێ پرێسە |

# شەهید علی شهاب علی علی

شەهید لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی پرێسە لە دایکبووە، ئەم گوندە دەکەوێتە سەر زێ گەورە لە ناوچەی نزاری دەڤەری بارزان، لە ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە پێشمەرگە، لە ٢٠٠٦/٣/١ بەمەبەستی ڕاهێنانی سەربازی لە سەربازگەی سێ بیران بۆماوەی (٧٥) ڕۆژ مەشق دەکات، لە بەتالیونی یەکی هێزی زێرەڤانی سپیلك.

لەمانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٤ کاتێك تیرۆرستانی داعش دەست بەسەر شاری موسڵدا دەگرن، شەهید و هاوسەنگەری بۆ یەکەم جار بۆ پاراستنی شنگال ڕوو لە شنگال دەکەن و لە وێ جێگیر دەبن، تا ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ و لە ئەنجامی ئەو چەك و ئامێر و و تانکی و هەمەرانەی دەست چەکدارانی تیرۆرستی داعش کەوتبوون لەموسل، لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ هێزەکانی پێشمەرگە شکست دەهێنن و تیرۆستانی داعش دەست بە سەر شنگال و دەوربەریشدا دەگرین، شەهید عەلی یەکێك دەبێت لەو پێشمەرگانەی کە ڕێگاکانیان لێ دەگیرێت و لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان - سوریا بەرەو کوردستان دەگەرێنەوە.

لەماوەی دوو ساڵی بەرگریکردن لە سنوورەکانی کوردستان لە چەندین شەڕدا ڕووبەری تیرۆستانی داعش بووەتەوە.

## دەست نوێژی هەڵگرت و چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکات، خوی هاوسەنگەرەکەی عدنان بەڵام ئیتر لەو ژوورە نەگەڕانەوە

لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/١٨ لە بەرەبەریانێکی زوودا، لە کاتژمێر ٣ تا ٤ بەرەبەیان ئەرکی پاسەوانیکردن بە شەهید (علی) و شەهید (عدنان) ڕادەسپێردرێت، دوای ئەوەی ئەرکەکەیان بۆ یەك کاتژمێر تەواو دەبێت، شەهید دەچێت دەست نوێژ هەڵدەگرێت و بەمەبەستی نوێژکردن دەچێتە ژوورەوە خۆی و هاوسەنگەرەکە عدنان، بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکەن بەڵام ئیتر لەو ژوورە نەگەڕانەوە، هەر لەو کاتەدا تیرۆرستێکی داعش دزە دەکاتە نێو ڕەبایەکە و دەچێتە ژوورە، شەهیدان دەخاتە بەر دەستڕێژی گوللە و گوللە بارانیان دەکات، دواتر تیرۆرستە داعشەکە لەژوورەکە دێتە دەروە و ڕووی چەکەکەی کردوتە ئاسمان و دوو سێ گوللەی بەئاسمانا تەقاندووە، ئەمەش بەمەبەستی بەهانا هاتنی تیرۆرستەکانی تر، چونکە دوو تیرۆرستیش لە دەروەی ڕەبایەکە لە ژێر ساتیرەکە بوون، ئەوانیش لە شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوون، بەڵام پێشمەرگەکانمان ئەم چەکدارە تیرۆرستە داعشەیان خستە بەر دەستڕێژی گوللە و لەم ئان و ساتەدا تیرۆرستەکە کە خۆی مینرێژکردبوو خۆی تەقاندەوە، دوو تیرۆرستەکەی تریش کە یەکێکیان بریندداربوو، ئەوەی تریان پشتێنە مینرێژکراوەکان و چەکەکانیان لەوێ بەجێهێشت بوو ڕایان کردبوو بەرەوە شوێنەکەی خویان.

لە ئەنجامی ئەم کردەوە تیرۆرستیەدا (علی و عدنان و ئەدیب) شەهیدبوون، سێ پێشمەرگەش بەسەختی بریندرابوون.

## دایە دایە ئەی کوا باوکم ئەمڕۆش باوکم نەگەڕایەوە؟!

ئەمە پرسیاری هەموو ڕۆژێی سیراجی تەمەن (٣) ساڵانە، ڕۆژانە کە لە خەو هەڵدەستێت بە دایکی دەڵێت و دوای باوکی دەکات.

من و دایکی و هەموو ئەوانی لەم ژوورە بوون هەرگیز نەماندەتوانی سەیری سەر و سیمای سیراج بکەین بەتایبەتی من چونکە چاوەکانی داوای باوك و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی دەکرد ئەو پرسیارەی کە تا ئێستا بومنیش هەر بێ وەڵام بێ ڕامانە.

لەم لاشەوە هەردوو کچەکانی بە وردی سەیری دەمی ئێمەیان دەکرد و گوێیان شل کردبوو بۆ قسەکانمان، وەك بڵێ چاوەڕێی ئێمە بن لە زاری ئێمەوە مزگێنی هاتنەوەی باوکیان بزانن، ڤیانی خێزانی شەهیدیش تاو نا تاوێك بەهەنسکی گریانەوە بومان دەدوا باسی خوی و خۆشەویستی هاوسەرکەیی و منداڵەکانی دەکرد، دەیگۆت:"من هیچ وەڵامێکم بۆ سیراج نیە کە ڕۆژانە داوای باوکی دەکات".

ئازاری لە دەستدانی کورەکەیان سەر و سیما و ڕوخساری دایك و باوکی شەهیدی تەنی بوو، لە ڕوخساریانەوە لە پەنجەی دەستیانەوە، شەکەت و هیلاکیەکی زور دیار بوو، بەلاّم لە گەڵ ئەمەشدا تەنیا وشەیان ئەوە بوو کە دەیانگوت: (سەربەرزین بە شەهیدبوونی کورەکەمان).

## انشاللە هەتا هەتایە من و تۆ پێکەوە دەبین

ڤیانی هاوسەری شەهید دەڵێت:" ئەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو ڕۆژی دواتر بچێتە ئەرکەکەی ئێمە برنج و مەرەگە و گوشتی مریشکمان پێکەوە خوارد، وتی:( ڤیان انشاللە هەتا هەتایە من و تۆ پێکەوە دەبین)، وتم:(

ئەگەر جارێك تۆ شەهید بووی من چی بکەم دوای شەهیدبوونت بەرگەی لە دەست دانت ناگرم)، وتی:(ئەگەر من لە سەر بەرگریکردن لە خاك و شەرەف و کەرامەت شەهید بم مەزنترین دیارییە)، وتی:(ئەم هزرە مەکە هەرگیز وا مەڵێ انشالله هەر پێکەوە دەبین). ئەو ڕۆژەی کە دەچووە ئەرك سێ جار ویستی سواری ئۆتۆمبێل بێت ئەگەڕایەوە و بەمنی ئەوت: (ناتوانم بێ تۆ بژیم)".

## کراسێکی ڕەش بوو، گوڵی سوڕو زەردی تێدابوو

کراسێکی بۆ من بەدیاری کڕیبوو بۆ ڕۆژی جەژن، بەڵام علی هاوسەرم ڕۆژانی جەژن لە ئەرکدا بوو لەماڵەوە نەبوو، ڕۆژێك بەر لە جەژن تەلەفونی بۆ کردم وتی:( ڤیان ئەو کراسەی بۆ تۆم هێناوە بۆ جەژن لە بەری مەکە، ئەو ڕۆژەی من دەگەڕێمەوە ئەو ڕۆژە لە بەری بکە)، بەڵام هاوسەرکەم شەهیدبوو نەگەڕایەوە و کراسەکەشی لە بەرمدا نەبینی، کراسەکە کراسێکی ڕەش بوو گوڵی سوڕ و زەردی تێدابوو، من ئەو کراسەم هەڵگرتووە هەتا مردن لە بەری ناکەم، بۆ منداڵەکانیش بۆ کچەکان پانتوڵی سوڕ و کراسی سپی و پێڵاوی سپی و بۆ کوڕەکەشمان قاتێکی قاوەیی کڕی بوو".

## کاتژمێر ٦ شەشی بەیانی جەژنە پیرۆزەی لێمان کر

"کاتژمێر ٦ شەشی بەیانی ڕۆژی جەژن تەلەفونی کرد و جەژنە پیرۆزەی لێکردم و وتی:(چاوی هەرسێك منداڵەکان لە جیاتی من ماچ بکە)، ئیتر

عەلی نەگەڕایەوە. بەبەردەوامی لە تەلەفونەکانیدا دەیگۆت بیرتان دەکەم بیری منداڵەکان دەکەم".

## زۆر حەزی لە مێشە هەنگوینەکانی بوو

لە درێژەی قسەکانیدا ڤیان وتی:"سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی هاوسەرەکەم بێستان و مێشی هەنگوینی هەبوو، زۆر حەزی لە مێشە هەنگوینەکانی بوو، هەمیشە لە لایان بوو، ڕۆژانە بانگی دەکردم و دەیگوت:(وەرە فێربە کە چوون خزمەتیان بکەی چونکە ئەگەر من لە ماڵەوە نەبم، پێویستە تۆ خزمەت و چاودێرییان بکەی).

بە هەنسکی گریانەوە ڤیان وتی:" تادەمرم چاودێری و خزمەتی ئەم مێشە هەنگوینانە دەکەم، چونکە زۆری خوش دەویستن و منیشی باش فێرکردووە و شارەزایەکی تەواو لەو بوارەدا هەیە، دوا بەرهەمی دەستی شەهید زیاتر لە (٢٥٠) کیلو هەنگوین بووە".

## دەبێ برۆمە ئەرکی پێشمەرگایەتی

ڤیانی خێزانی شەهید عەلی وتی:" ئەوە بۆ چوارەم شەوە، شەوانە شەهید لە خەودا دەبینم و دەڵێت:( کوا جانتا و جل و بەرگ و چەکەکەم، دەبێ برۆمە ئەرکی پێشمەرگایەتی".

## کوا کەوچکی باوکم؟

سیراجی بچوك ڕۆژانە دەڵێت:"کوا باوکم؟!، کاتێك سفرە دادەنێن و دەمانەوێ نان بخوین سیراج دەلێت:( کوا کەوچکی باوکم؟) بە کەوچکی باوکی نەبێت نان ناخوات".

## دایە باوکم لەلای مێشە هەنگوینەکانیەتی

هەندێك جار دەڵێت:"دایە کوا گوێچکەکانت بێنە بە پسە پس و بە دەنگێکی نزمەوە دەڵێت:(دایە باوکم لەلای مێشە هەنگوینەکانیەتی دەگەڕێتەوە و کە گەڕایەوە ئۆتۆمبێلێك و توپێك و زۆر گەمەی یاریکردنم بۆ دەهێنێت)".

## مێش و هەنگوینی باوکمە

سیراج هەرکاتێك و هەر لە شوێنێك هەنگوین یاخود مێشێکی هەنگوین ببینێت دەڵێت:( ها ئەوە مێش و هەنگوینی باوکمە).

## دوای بابە ژیا نمان زۆر ناخوش بووە

ڤیانی هاوسەری شەهید علی بەهەنسکی گریانەوە وتی:" تینای کچم دێتە لام دەڵێت:(دایە دوای بابە ژیانمان زۆر ناخۆش بووە)، ڤیناش ئەم قسانەی دووبارە دەکاتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە شەهیدبوو بە هاورێ و هاوسەنگەرانی وت:( وەرن جل و بەرگەکانمان بە جوانی و ڕێکی پێکی بپوشین و وێنەیەکی بە جەماعی بیگرین).

# شەهید ( سلام معروف حسن محمد )



# پێناسی شەهید ( سلام معروف حسن محمد )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ١٢ / ١٩٩١ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٢ / ١٠ / ٢٠١٦ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | ناوەندی |
| دوا پلەی شەهید | نائیب عریف |
|ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ٢٠٠٨ |
| ساڵی ئاوارەبوون | - |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندار بووە | - |
| شوێنی خزمەتکردن | لەشکری تایبەتی١ |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | سەدەی موسل |
| هۆی شەهیدبوون | تی ئێن تی |
| باری خێزانداری | خێزاندار |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی کانی بوت |

# شەهید سلام معروف حسن
## نەوەی دوای ڕا پەرین

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ لە دایکبووە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەبێتە پێشمەرگە لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی، هێزی تایبەتی(١)، بەردەوام دەبێت لە خەبات و بەرگریکردن و لەدوا هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان، شەهید لە بەرەکانی جەنگدا مەردانە دژ بە دوژمن دەجەنگێت، ژیانی ڕۆژانەی لە گوندی کانی بوت سەر بە ناحیەی گۆرەتوو قەزای مێرگەسۆر بەسەر دەبات، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی بچوکی دەستکردی بێ فرۆکەوان و مینرێژکراوی داعش لە نزیك ڕەبایەکەیان، خۆی و هاوسەنگەرێکی تری پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢ لە سەدەی موسل شەهیدەبن.

نەهالی کچە تاقانەی تەمەن (١٠) مانگ و خێزان و دایك و باوك و شەش براو حەوت خوشکی لە دوای خۆی بەجێهیشت.

## زۆر پەلەمان بوو بچینە ناو خانووەکە

شمالی هاوسەری شەهید دەڵێت:" دوو ساڵ نیو بوو هاوسەرگیریمان کردبوو، لە گوندی کانی بوت بووین، دواتر هەرچی زێرمان هەبوو هەمووومان فرۆشت و بریارماندا لە گۆرەتوو خانویەك درووست بکەین، دەستی بە درووستکردنی خانووەکە کرد، خانووەکە تەواو نەببو هەندێك کەم و کورتی بچوك مابوو، بەڵام زۆرمان پەلەبوو کەبچینە نێوخانووەکە، سەلامی هاوسەرم وتی:(هێرشی موسل دەست پێدەکات لەوانەیە زوو

نەگەڕێمەوە، بۆیە بریارماندا بچینە نێو خانووەکە). هەمیشە دەیگۆت: (ئومێدی هەرە گەورەم ئەوە یە خانووەکەمان تەواو بێت و پشویەك تێدا بدەین). تەنانەت دوا پەیوەندی کە بومنی کرد، وەستای کارەبا لەسەر خانووەکەمان بوو، هەر دەیگوت:(زۆری ماوە کارەبایەکە تەواو بێت)، زۆر دڵخوش بوو، وتی: (ئێمەش بوینە خاوەن خانووی خومان).

ئەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو ڕۆژی دواتر بچیتە ئەرکەکەی لە سەدەی موسل،ماڵی باوکم ئێمەیان دەعوەت کرد، بەڵام شەهید سەلام زۆر تکای کرد و وتی:(ئێمە نایەین ئەمڕۆ لە ماڵەوە لە خانووە نوێیەکەدا نان دەخۆین) و دواتر ڕازیکردن کە نەچین و لە ماڵەوە نانمان خوارد".

## کاتێك نەهال لە دایك بوو

شەهید نیهاد تەنیا دوو شەو لەناو خانووە نوێیەکەدا بوو، پاشان بەرەو ئەرکی پێشمەرگایەتی ڕوویشت. تەنیا کچێکان هەیە ناوی (نەهال)ە تەمەنی (١٠) دە مانگ بوو کە باوکی شەهیدکرا.

هاوسەری شەهید بەردەوام بوو وتی:" کاتێك نەهال لە دایك بوو، شەهید سلام لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا بوو، کاتژمێر دووی شەو هاوسەرەکەم ئەرکەکەی بەجێهێشت و مولەتی وەرگرت و هاتە نەخۆشخانە، بۆ ئەوەی کچەکەی ببینێ".

## تێر شەهیدمان نەبینی

شمال هاوسەری شەهید وتی:" تێر شەهیدمان نەبینی و ئەوەندە لە ماڵەوە نەبوو، ئەوەندەی لە ئەرك و پێشمەرگایەتیدا بوو، تەنانەت

کچەکەشی تێرنەبینی، دەوامەکەی (١٥) ڕۆژ لە ئەرك و (١٥) ڕۆژ لە ماڵەوە، دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش ئەرکەکەی زۆر قورستر بوو".

## چاوم لە هەواڵەکان بوو

"کاتێك سەلام دەچووە ئەرکەکەی من هەمیشە دەگریام و چاوم لە هەواڵەکان بوو، لەم کەناڵ بۆ ئەو کەناڵ، دەترسام لەوەی لەهەر شوێنێك شەربێت، پێشمەرگەیەك شەهید یاخود بریندار ببێت، هەمیشە دەمگوت: (انشاللە هیچ خێزانێك بێ هاوسەر نابێت و هیچ دایکێك ڕووڵەکەی لەدەست نەدات).

هەموو ڕۆژێ دەمگوت:(سەلام زۆر دەترسم لە دەستدانی تو من بەرگەی ئەوە ناگرم، تکایە ئاگاداری خۆت بە)، هەمیشە بە گرنژینەوە دەیگوت: (مەترسە انشاللە سەلامەت و سەرکەوتوو دەبین)".

## ( ماریا ) من ڕوویشتم

لە بەردەوامی قسەکانیدا خێزانی شەهید دەڵێت:"بەیانی لەخەو هەستا و خۆی ئامادەکرد باوکیشم لە وێ بوو لەبەر دەرگا سێ جار وتی:"(ماریا من ڕوویشتم)، نازانم مەبەستی لە ناوی (ماریا) چی بوو؟ بۆچی وای وت؟ بۆچی سێ جار لە سەر یەك ئەمەی دووبارە کردەوە؟ منیش بەڕاستی نەمتوانی خۆم ڕاگرم و وەك منداڵ گریام، ئەگەر لەبەر باوکم نەبوایە وەك منداڵێکی ساوا بە دوایدا ڕامدەکرد و بە دەنگی بەرزەوە دەگریام".

## دوا پەیوەندی نێوان من و هاوسەرەکەم

"دوا پەیوەندی من و هاوسەرەکەم نزیکەی ٢٠ دەقە پێش شەهیدبوونی بوو، وتم سلام بۆ بێدەنگی، بۆ لە بەیانییەوە چاوەڕێی تەلەفونەکەتم، وتی:(دوێنێ شەو زۆر درەنگ خەوتین بۆیە ئەم بەیانیە خەوتبووم)، هەر لەم قسانەدا بۆین وتی:(من دەروم بزانم ئەمە چیە و ئەم پێشمەرگانە لە چی کۆبوونەتەوە) و ئیتر ڕۆیشت. پاشان هاوسەنگەرەکانی بۆیان گێرامەوە کە فرۆکەیەکی بچوکی بێ فرۆکەوانی دەستکردنی تیرۆرستانی داعش کەوتبوو ناو ڕەبایەکەیان ئەوانیش سەیریان کردبوو، هیچ شتێکی ناмووی پێوە نەبووە، بەلام دواتر ئەم فرۆکە تەقیوەتەوە، چونکە مینرێژکرابوو، تەوقیتی بۆ دانرابوو".

## کاتێك فرۆکەکە کەوتە خوارەوە

مقدم دەروێش خلیل بێرسیاڤی یەکێکە لە پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی شەهید، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:"کاتێك فرۆکەکە کەوتە خوارەوە من چۆم فرۆکەکەم بەدەستەوە گرت، لەگەڵ چەند پێشمەرگەی هاوسەنگەری تر سەیرمان کرد، هەستمان بە هیچ شتێکی نامۆ نەکرد لەناو دەستمان دابوو پاشان هاوسەرەنگەرەکان چەند وێنەیەکیان لە فرۆکەکە گرت، دواتر شەهید سلام و پیشمەرگەیەکی تر ویستیان فرۆکەکە ببەن بۆ پشت دیواری ڕەبایەکە بە مەبەستی هەڵگرتن و پاراستنی، بەلام لەوکاتەدا ئەدا ڕاوێژکاری فەرەنسی هاتن و وتیان بوەستن سەیری دەکەین و وێنە فرۆکەکە دەگرین لەو ئان و ساتەدا تەوقیتی (تی ئێن تی)یەکە تەواو

بووە فروکەکە تەقیەوە، لە ئەنجامدا (سلام) و (سەگڤان) شەهید بوون و دوو ڕاوێژکاری سەربازی فەرەنسیش بریندار بوون".



وێنەی فرۆکەکە بەر لەوەی بتەقێتەوە، پێشمەرگەکان و ڕاوێژکارە فەرەنسیەکان وێنەیان گرتووە.

## هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە!!

لە بەردەوامی قسەکانی هاوسەری شەهید بە هەنسکی گریانەوە وتی: "هەمیشە ئەو هەستەم لەلا دروست دەبێت و دەڵێم هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە!! و تا ئێستاش هەست بە شەهیدبوونی ناکەم بێ ئومێد نەبوومە، لە چاوەڕوانیدا هەمیشە دەگرییێم".

## تاکو گوێبیستی دەنگی هەناسەی بم

هەر لە دوا پەیوەندی تەلەفونیدا شەهید سلام وتی:"شمال تەلەفونەکە ببە لای سەری نەهال تاکو گوێبیستی دەنگی هەناسەی بم، چونکە نەهال

قسەی نەدەکرد، منیش تەلەفونەکەم بردە لای نەهال، نەهالی کچم خەندەیەکی کرد، وتی :(چیدەکات؟) وتم:( خەندە دەکات).
کچەکەم نەخۆشە و نەخۆشی دڵی هەیە، پاش شەهیدبوونی، سلام ئەوەمان زانی کە دڵی کچەکەم تەواو نیە".

## حەزی لە تەلەفزیون و ئینتەرنێت نەبوو

"شەهید هەموو ڕەفتار و کردەوە و کردەکانی باش بوون حەزی لە تەلەفزیون و ئینتەرنێت و ئەم شتانە نەبوو، کەسێکی جوامێری و ڕەوشت بەرزی و دلوڤانی و دڵسوز بوو.
باوکم و خەزورم هەمیشە دەلێن:( ئێمە ناتوانین بێینەماڵەوە نەهال و تو ببینین، چونکە مەردایەتی و ڕاستگویی شەهید سلامان لە پێش چاوە و هەرگیز لە یاد ناکرێت)".

## هەر شەش کورەکەی تریشم ئەم ڕێبازەیان هەلبژاردووە

(معروف حسن) کانی بوتی پێشمەرگەی سوپای بارزان و باوکی شەهید دەڵێت:"نوبەرە کورم بوو، شەش کور و حەوت کچم هەیە، کەسێکی جوامێر و نمونەبوو، سەربلندم بە شەهیدبوونی کورەکەم، منیش پێشمەرگەم هەر شەش کورەکەی تریشم ئەم ڕێبازەیان هەلبژاردووە، ئامادەین خومان فیدای کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر و سەرۆك بارزانی بکەین".

# شەهید ( عزیز سمایل عبدالله محمد )



# پێناسی شەهید ( عزیز سمایل عبداللە محمد )

| | |
|---|---|
| ڕێکەوتی لە دایکبوون | ١ / ٧ / ١٩٨٦ |
| ڕێکەوتی شەهیدبوون | ٢٣ / ١٠ / ٢٠١٦ |
| ئاستی خوێندەواری شەهید | سەرەتایی |
| دوا پلەی شەهید | عریف ئەوەل |
| ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی | ٢٠٠٥ |
| ساڵی ئاوارەبوون | ١٩٧٥ |
| زیندانیکراوە | - |
| بریندداربووە | ١ جار |
| شوێنی خزمەتکردن | فەرماندەی هێزی پیشتیوانی یەك |
| شوێنی شەهیدبوون (میحوەر) | ناوەران |
| هۆی شەهیدبوون | گوللە |
| باری خێزانداری | سەلت |
| شوێنی نیشتەجێبوون بەر لە شەهیدبوون | گوندی دەربوتك |

# شەهید عزیز سمایل عبدالله
# شەهیدی دووجار شەهید

ڕوخسارێکی ماندوو شەکەت گشت تاڵەمووەکانی سپین، کەسەیری چاوەکانی دەکەی سەدان داستان و خەبات سەدان قوربانیدانمان دێتە پێش چاو، مرۆڤێك لە پەنجەی دەستیەوە دیارە کە هەوڵ ماندوبونێکی زۆری داوە خەبات و بەرگریەکی زۆریشی کردووە، تاکۆ ڕۆڵەکانی پێ بگەینێ و خاك و نیشتمانەکەی خۆی بپارێزێت.

سمایل عبدالله زێوەیی، باوکی شەهید لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڵ سەدان هەزار خانەوادەی تر ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت و دەچن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بە هانەوە چوون و پشتگیری کردن لە کۆماری کوردستان لە مهاباد، ئەوکات تەمەنی (١٦) ساڵان بوو لە دایکبووی ١٩٣٠ یە، چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات لە وەزارەتی جەنگ و بەرگری کۆماری کوردستان لە فەرماندەیی هێزی بارزانیان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جنراڵ مستەفا بارزانی لە چەندین داستان و شەڕ و بەرگریدا دەجەنگێت دژ بە دۆژمن بۆ پاراستی کۆماری کوردستان.

هەموو ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەسەر بارزانیەکان هاتن لە مەهاباد و دەوروبەری سمایل ئەمانەی لە تەمەنی گەنجیەتی خۆی بینی و تاقیکردەوە، دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، ئەمانە گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستانی لە لایەن حکومەتی ئەوسای عێراق دووچاری ڕاگواستن و زیندانیکردن و دەرەدەسەری کۆڵەمەرگی زۆر بوو لەلایەن حکومەتی مەلەکی عێراقەوە، سمایل و خانەوادەکەی لە دیانا لە

ئۆردووگایەکی تەلبەندکراودا نیشتەجێگران و هەرچی نێرینەی سەروی ١٥ پازدە ساڵانیش هەبوو، بەرەوە زیندانەکانی بەغدا و بەسرا و کەرکوك و موسل بردران، (خودانی بارزان - شێخ ئەحمەد بارزانی) و چەند سەرکردە و کەسایەتی تری بارزانی بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەستگیرکراوی مانەوە، هەندێك لە بارزانیەکانیش دوای دوو ساڵ زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان، ڕزگارکران و چەندین ئەفسەر و پێشمەرگە و فەرماندەش لە سێدارەدران. ئەوکات باری تەندروستی سمایل زۆر خراپ دەبێت لە ئۆردووگای تەلبەندکراوی دیانا بۆیە کاتێك پرۆسەی دەستگیرکردنی نێرینەی بارزانیەکان دەستی پێکرد سمایل دەستگیر نەکرا، بەڵام باوك و کەسوکاری دەستگیرکران و زیندانیکران.

لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا دەورێکی باڵا و کاریگەری دەبێت وەك پێشمەرگەیەکی چاونەترس لە چەندین شەڕو داستان و بەرگریدا بەشدار دەبێت)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ وەك پێشمەرگەیەك لە ناوچەی سەنگەسەر و قەلادزێ دەمێنێتەوە و لە وێ ئافرەتێکی تێکۆشەر دەبینێت هەر لەگەڵ ئەم ئافرەتە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، هەمان ساڵ هەر لەوێ خۆی و خێزانەکەی کافیە ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن، تا دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ و لە ساڵی ١٩٩٨ دەگەڕێنەوە کوردستان لە دەڤەری بارزان لە بەری نزار لە گوندی دەربوتك نیشتەجێ دەبن.

شەهید عزیز ئەو کورە پێشمەرگە قارەمانەیە کە ژیانی سەدان پێشمەرگەی لە شەهید بوون پاراست و خوی کردە چەپەرێك بۆ پاراستنی هاوسەرنگەرەکانی، شەهید لە ئاوارەیی ولاتی ئێران لە شاری (ساوە) لە ساڵی ١٩٨٦ لە دایك بووە، هەر لە تەمەنی میر منداڵیەوە دێتەوە نیشتمانی

دایك چەند ساڵێك دەخوێنێت، دواتر وەك هەر گەنجێکی تری ئەم دەڤەرە کە ئەوکات مەبەستم ساڵی (نۆەدەکانە) ژیان لەم دەڤەرە زۆر سەخت بوو، کەمی ئاو و نەبوونی کارەبا و خراپی جادەو ڕێگاو بانەکان و بچوکی و خراپی خانوو، کەمی ئۆتۆمبێل و سەدان کەم و کورتی تر لە دەڤەری بارزان بوونیان هەبووە.

بەڵام بەهۆی ئەم هەموو دەردەسەری وماڵوێرانی و ئاوارەبوون و ڕاگوستن و دووری لە خاك و نیشتمات و وڵات، وای لە بارزانیەکان کردبوو کە خۆشەویستیان بۆ شوێن و گوند و دەڤەرەکەیان زۆر بە هێز تربێت، بۆیە ژیان بەو سادە و سارکاری و کەموکورتیەی کەهەبوو، ژیانێکی خوش و پڕ لە بەختەوەری بوو، بۆ شەهید عزیز و خانەوادەکەی.

## ژیانێکی سادەمان هەبوو

حسێن برای شەهید دەڵێت:" ئەوکات ژیانێکی سادەمان هەبوو هەمیشە لەگەڵ شەهیدی برام بەرەو چیا دەرروویشتن بەمەبەستی هێنانی دار و گژ و گیای بەهاری، براکەم زۆر بەهێز بوو هەرگیز کۆڵی نەدەدا، زۆر خەمی ماڵەوەی بوو هەموو کاتەکانی بۆ بەختەوەری ئێمە تەرخان دەکرد".

## ئەمە دواین یاری تۆپی پێی منە لەگەڵ ئێوە

شەهید عەزیزی سەرەرای حەزی سەرەکی کە پێشمەرگایەتی بوو، یەکێك لە حەزو خولیایەکانی تریشی وەرزشی تۆپی پێ بووە، هەر وەك هاورێیە وەرزشکارەکانی دەڵێن و هەردووك برایەکانی (حسن و حسێن) ئەمە دووپات دەکەنەوە:"دواجار برایەکەمان بەرلەوەی بچێتە ئەرکی

پێشمەرگایەتی مەبەست یەك ڕۆژ پێشوترە كە چووە یاریگا بۆ یاری تۆپی پێی بە یاریزانەكانی وتوە:(هەر خودا دەزانی كە جارێكی تر دەگەڕێمەوە یاخود نا، بەڵام من ئاواتم شەهیدبوونە و دڵنیاشم شەهید دەبم و ناگەڕێمەوە)، هەر لەم كاتەشدا شوتێكی بەهێز لە تۆپەكە دەدات و دەڵێت: (ئەمە دواین یاری تۆپی پێی منە لەگەڵ ئێوە)". زۆر حەزی لە یاری تۆپی پێ بوو، هەندێك جار تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو لە یاری توپی پێی".

## شەهیدی دووجار شەهید

سمایل باوكە تەمەن (٨٦) ساڵیەكەی شەهید ڕوخسارە ماندووەكەی و كزی بێدەنگیەكەی ناخی بەرامبەر دەهەژێنێت، تەنها ئەوەندە دەڵێت: "سەربەرزم كە كورەكەم لەسەر ڕێ و ڕێبازی بارزانی شەهیدبوو هەروەها بەبەردەوامی ئەوەی دووبارە دەكردەوە. كاتێك جاری پێشوتر كورەكەم بریندار بوو گیانی سەدان پێشمەرگەی پاراست من ئەوكات شەهیدبوونی كورەكەم بە چاوی خۆم بینی، بەڵام خودا بۆی گەڕاندمەوە، ئێستا سەربڵندم بەوەی كە نازناوی (شەهیدی دووجار شەهید) یان بە كورەكەم بەخشیووە".

## دایە ئەگەر ها تمەوە ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنم

ئەمە دوا وشەی شەهید عزیز بۆ بەرلە چوونی بۆ ئەركی پێشمەرگایەتی كەبە دایكی وتوە، كافیەی دایكی شەهید دەبێژێ:"بەرلەوە بچێتە ئەركی پێشمەرگایەتی داری بۆ ئێمە دەشكاند لەگەڵ ئەمەشدا پێی وتم:(دایە

ئەگەر خوا یاوەربێت کە ئەو سەفەرە گەڕامەوە ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنم و خانووەکە تەواو دەکەم، ئەگەر نەشگەرامەوە دایە گەردەنم ئازا بکەن)".

## دایە سەردەکەوین

کافیای دایکی شەهید دەڵێت:"دوا پەیوەندی من کورەکەم ئەوەبوو کە بە دڵێکی خۆشەوە دەیگۆت:(دایە سەردەکەوین و داعش تێکدەشکێنین، خەمی منت نەبێ ئێمە خومان باش دەپارێزین)".

## خانووەکە کەمی ماوە تەواو بێت

حسێن برای شەهید دەڵێت:" کە لە ئەرك دەگەڕایەوە هیچ ڕۆژێکی بۆ پشوو دا نەدەنا ڕۆژانە دەچووین و کارمان دەکرد لە سەر خانووەکە، زۆر زیرەك و لێهاتوو بوو هەموو کارەکانی دەزانی زۆربەی ئیشی خانووەکە عەزیزی برام ئەنجامی دەدان، زۆر بەدڵخوشیەوە ڕۆژانە کارمان دەکر، لە سەرەوە ژوورێکی خوشی بۆ خوی درووست کردبوو، منیش دەمگۆت:( کە خێزانت هێنا بۆ خۆتان لەوێ بن و با ژوورەکە گەورە بێت) زۆر پەلەی بوو لە دروستکردن و تەواوکردنی ئەم خانووە، هەمیشە دەیگۆت: (خانووەکە کەمی ماوە تەواو بێت)".

بەڵام بە داخەوە لە بەرامبەر ئەو ژوورە بەمەودای ١٠ مەتر ژوورێکی بچوکی دوو مەتر بەمەترێك بۆ بە ماڵی هەمیشە شەهید و گۆڕی شەهید ئێستا لە بەرامبەر ئەم خانووەیە لە بەرامبەر هەمان ئەو ژوورەی کە سەدان خەون و ئومێدی بۆ هەبوو.



ئەم وێنەیە هەمان ئەو خانووە و ئەو ژوورەیە کە شەهید بە ئومێدی تەواو بوونی ڕۆژانە کاری تێداکرد، بەڵام بەرامبە هەمان خانوو بۆ بە ماڵی هەمیشەیی شەهید.

## هەمیشە شانازی بە پێشمەرگایەتیەوە دەکرد

لە بەردەوامی قسەکانیدا حسێن وتی:"هەمیشە براکەم شانازی بە پێشمەرگایەتیەوە دەکرد، کەسێکی خۆشەویست و ڕوشنبیر و وەرزشوان بوو، بومن سەرەرای ئەوەی کە برا بوو هاورێیەکی گیان بە گیانیش بوو، شانازی بەوە دەکەم کە براکەم لەسەر ڕێگای کوردایەتی و پارتی و بارزانی شەهیدبووە".

## لە ٢٠١٥/١/٢١ چی ڕوویدا؟

لە کاتی ئازادکردنی ناوچەی کەسکێ لە گوندی (تل خزر) کاتێك قەڵابەیەك لە جۆری تانکی سەربازی پڕ لە (تی ئێن تی) و مینرێژکراوی خوکۆژی لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە ڕووبەرووی کۆمەڵێك پێشمەرگە دەهات، (شەهید عزیز و ملازم سەروان علی بارزانی و عریف جەمال دۆلەمەری) بە دەبابە خۆیان خستە بەردەم تانکەرە پڕ لە (تی ئێن تی) یەکە و تیرۆرستە خۆکوژەکە، ئەم سێ پێشمەرگە قارەمانانە بوون بە چەپەرێك بۆ پاراستنی گیانی سەدان پێشمەرگە، زۆر بە سەختی بریندار بوون، شەهید عەزیز دوای ماوەیەکی کەم لە پشوودان دووبارە گەڕایەوە سەر ئەرکی پێشمەرگایەتی، هەروەك لە کاتی برینداربوونیدا بۆ یەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەڵێت:(من بۆ ئەو خاکە لەدایکبوومە و ئامادەم هەرکاتێك پێویست بێت خۆم بکەمە قوربانی ئەو خاکە).

ملازم سەروان علی بارزانی بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:"ڕۆژی چوارشەممە بوو ڕێکەوتی (٢٠١٥/١/٢١) کاتژمێر(١٢:٠٠) دوازدەی نیوەڕو بوو، دوای ڕزگارکردنی چەند گوندێك کاتی پشوودانی پێشمەرگەکان بوو، لە گەڵ ڕزگارکردنی هەر گوندێك خەڵکی ئەو گوندانە دەهاتنە ناو هێزەکانمان و لەگەڵ پێشمەرگە تێکەڵ دەبوون، هەر ئەمەش وای دەکرد کە زانیاریەکان دزەبکەن، چەکدارانی داعش ئاگاداری شوێن و جموجۆڵمان بن، ماوەیەکی کەم بەر لەم ڕووداوە پیاوێکی عەرەبی ئەو گوندە کە هەر(٤) چوار مەترێك لەمن دوور بوو، تەلەفونی بۆ چەکدارانی داعش دەکرد و زانیاری بە چەکدارەکان دەدا، دواتر عەرەبەکە بەمەی زانی کە

ئاشکرا بوو ڕایکرد بەڵام هەر دەستگیرکرا، دوای پشکنین دەرکەوت کە چەندین ژماری هێلی جۆرا وجۆرو تەلەفون و چەند موبایلێکی لە لابوو، چەند کورێکیشی لە ناو چەکدارانی داعش دابوون.

با بچینەوە سەر باسەکەمان، ئەو ڕۆژە لە دەبابەکەی ئێمەدا (من و شەهید عەزیز و جمال) لە ناو دەبابەکەدا بووین، من (ئامر و رامی) بووم و جەمالیش شوفێر و شەهید عزیز مخابر بوو لە سەر دوشکەش بوو.

لە ناوچەی کەسکێ لە گوندی (تل خزر) بووین، ئێمە دوو دەبابە بووین ئەوەکەی تر بە مەودای ٨٠ مەتر لە ئێمە دوور بوو، بە دوور بین سەیرم کرد قەڵابەیەکی تانکی سەربازی لە سەر گردۆلکەیەك دەهاتە خوارەوە بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان دەهات و پێشمەرگەگانیش بەرەو سەنگەرەکانیان دەچوون، لە پێش قەڵابە پڕ لە (تی ئین تی)یەکەوە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن (اسعاف)ی تەندروستی ئێمە بەرەو ڕومان دەهات و خۆی لەم قەڵابە تانکیە ڕزگار دەکرد کە ئەو ڕزگاری بوو، ئێمە بەرە رووی قەڵابەکە چووین بۆ ئەوەی ڕێگای لێ بگرین و گیانی پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانمان بپارێزین، پێشەوەی قەڵابەکە هەمووی درع کرابوو، قەڵابەکە گەیشتە شیوێکی بچووك کە جۆگەلەی ئاو بوو، قەڵابەکە خێراییی کەم بوو چەقی و درعی پێشەوەی چووە ناو زەوی گیری خوارد.

هیچ دەرفەتێکمان بۆ ڕویشتنی قەڵابەکە نەهێشت و دەبابەکەی ئێمە رووبەروو خۆمان بە قەڵابە پڕ لە (تی ئێن تی)ە کەدا، کە هیچ دەرفەتێکی ڕویشتن نەما خۆکۆژەکە خۆی و قەڵابەکەی بە ئێمەوە تەقاندەوە، هەر ئەوندەمان بینی ئاگر و ئاسن لە ئاسمان وەك باران دەهاتنە خوارەوە تەنانەت ئەو دەبابەی پشت ئێمەش لە شوێنی خۆی

جولابوو پێشمەرگەیەکیش بەهۆی کاریگەری دەنگ و هەوای تەقینەوەکە چەند مەترێك فرێدرابوو کەوتبووە سەر زەوی و بریندار ببوو، کاتێك چاوم کردەوە دونیایەکی تاریك هیچم لە پێش چاوم نەدەبینی تەنها دووکەڵی ناو دەبابەکە نەبێ بە ئاراستەی سەری دەبابەکە چوم و هاتمە دەرەوە دوای من جمالیش هاتە دەرەوە، کە هێشتا ئاگربە قژیەوە بوو دواتر کوژاندمانەوە، بەڵام دووکەڵ هەر لە سەری جمال بەرزدەبوەوە.

بە جەمالم گوت:(ئەی کوا عزیز؟) ئەویش هەمان پرسیاری لەمن کرد، کە زانیمان لە ناو دەبابەکەیە من خۆم گەیاندە دەبابەکەو بە پوستاڵەکانم ئاگری سەر دەبابەکە و ئەو پارچە ئاسنانەی گڕیان پێوە بوو خستمە خوارەوە سەری دەبابەکەم پاککردەوە، تاکۆ ئێستاش ئاسەواری ئاگرەکە لەسەر پوستاڵەکانم دیارە.

کە چوومە ناو دەبابەکە عزیزم بینی دەستی بەسەریەوە بوو خوێن لە سەری دەچۆڕا و سەریشی کەوتبووە سەر ئاسنێك و بێ هۆش ببوو ئاگای لە خوی نەمابوو، دواتر بانگم کرد (عزیز... عزیز... عزیز...) کەمێك بە ئاگا هات و دەست و ملیم گرت و هێنامە دەرەوە".



ڕێکەوتی (٢٠١٥/١/٢١) وێنەی هەمان ئەو دەبابەی خۆی بە تانگیە پڕ لە (تی ئێن تی) یەکەدا بۆئەوەی رۆحی سەدان پێشمەرگە بپارێزن.

## شەهیدی سێ جار شەهید

**٢٠١٦/١٠/٢١ بوو لە ئەنجامی هێرش و بەرگریەکی بێ وێنەدا لە باشیك و دەوروبەری چەند پێشمەرگەیەك شەهید و بریندار بوون، (عزیز) ناوێك لە نێو ئەم شەهیدانەبوو، بۆیە جارێکی تر هەواڵی شەهیدبوونی (عزیز) بڵاوبوویەوە، بەڵام شەهید (عزیز سمایل) نەبوو، بەڵکو شەهید (عزیز)ێکی تربوو، بەمەشیان جارێکی تر خانەوادە و کەسوکاری شەهید شوك و دڵگران و غەمباربوون، هەرچەند (عزیز) نازناوی (شەهیدی دووجار شەهید)ی پێبەخشراوە، بەڵام بەلای منەوە (شەهیدی سێ جار**

شەهید)ە چونکە ئەمجارەشیان ئەم هەواڵە کزە و ترس و دڵەڕواکێ خستە نێو دڵ و دەروونی دایك و باوکی شەهیدەوە.

سەبارەت بە شەهیدبوونی (عزیز سمایل)، هاوسەنگەرەکەی (ملازم سەروان عەلی بارزانی) دەڵێت:" ئێمەیان ئاگادارکردەوە کە پێویستە وەك هێزی پشتیوانی بچینە بەرەکانی شەڕ ئەوکات شەهید (عزیز) لە سەنگەر دابوو، من بەگوندەکەی شەهید (عزیز)دا تێپەریم چونکە هاوسەنگەرێکی ترم لە گوندی ئێروان لەگەڵ من دەهات، لەسەر شەقامی گشتی گوندی دەربوتك (ئومێد)ی زاوای شەهید (عزیز)م بینی، وتی:(سەروان تکایە ئاگاداری عزیز بن چونکە دوێنێ هەواڵی شەهیدبوونی عزیزمان پێ گەیشت، بەڵام عزیزێکی تربوو، ئێمە و دایك و باوکی شەهید زۆر دڵگران بووین بەم هەواڵە).

بۆ ئێوارە چووین بۆ بارەگایەکەمان تاکۆ هەندێك دەبابە بۆ پاڵپشتی ببەین، کاتی نان خواردن بوو کە نانمان خوارد (عزیز) بەتەنیا و بەجودا نانی دەخوارد و پشتی لە من بوو، جار جار پارۆیەکی لە خواردنەکە دەدا و جاروباریش دەوەستا و جولەی بەسەر و دەستەکانی دەکرد و لە بەر خویەوە دەدوا، ڕەفتارەکانی بۆمن سەرسوڕمان جورێکی تربوون.

من چومە لای وتم:(عزیز ئاگاداری خوت بە دایك و باوکت و ماڵەوەتان خەمی تۆیانە و وتویانە با خۆی بپارێزێت وریا بێت)، دواتر هاوسەنگەرەکەم علی وتی:(عزیز ئێمە دەروین انشاالله لە بەرەی جەنگ لە شوێنی دەستنیشانکراو یەکتر دەبینینەوە)، چونکە ئێمە دەبابەکانمان دەگواستەوە بۆ سەنگەرێکی تر، (عزیز) هەر ئەوەندەی بە ئێمە گووت:(

نا، نا ئەگەر خوا یاوەربێت لە دونیایەکەی تر یەکتر دەبینینەوە)، ئەمە دوا وشەی شەهیدبوو لەگەڵ ئێمە.

شەهید عزیز سمایل زێوەیی لە ساڵی ٢٠٠٥ لە فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی(١) لە یەکەی کەتیبەی تانك دەبێتە پێشمەرگە و بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە چەندین شەڕدا بەشداری دەکات لە کاتی هاتنی سوپای دیجلە بۆ دەوروبەری کەرکوك شەهید وەك هەمیشە بۆ پاراستنی سنوورەکان خوی گەیاندە کەرکوك هەروەها لە چەندین شەڕ و میحوەردا بەشداری کردووە وەکو( مخمور و گوێر و سولتان عبدالله و شنگال و خازر و چەندین میحوەری تر)، وەك وتمان لە ٢٠١٥/١/٢١ بە سەختی بریندار دەبێت و بە داخەوەش لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٣ لە میحوەری ناوەران نزیك گوندی (عمر قامچی) شەهید دەبێت.

# تەوەری دووەم
# لایەنی پڕاکتیکی

# ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم:

## پرس و ئامانجی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجی سەرەکیمان دەستنیشانکردنی ژیان و تیکۆشانی چەند شەهیدێکی پێشمەرگەیە کە بەدرێژایی تەمەنیان جەنگاون بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ئارامی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش و داگیرکردنی و بەزاندنی سنوورەکان، کە دواجار لە لایەن پێشمەرگەوە ئەو ئەفسانەی تیرۆرستان تێکشکینرا و لە سەردەستی پێشمەرگە تیرۆرستانی داعش دووچاری لە ناوچوون و دارمان هاتن، بۆ ئەوەی بزانین پێشمەرگە کێن و چین و چوون ژیاون و چ خەباتێکیان کردووە.

باسی دووەم:

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو خالەدا کورت دەبێتەوە:

١.هەنگاوێکە بۆ زانین و ئاشنابوون بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان.

٢. تیشك دەخاتە سەر دوا ساتەکانی شەهید لە گەل مالّ و مندالّ و دوست و هەڤالان و هاوسەنگەرەکانی.

باسی سێیەم:

## میتۆدی توێژینەوە

ئاشكرایە لە توێژینەوە مەیدانیەكاندا لە سەر توێژەر پێویستە ئەو میتۆدە (Method) زانستیانە بەكاربهێنێت كە دەكرێ لە میانەوە ئەو ئامانجانە بپێكی كە باسەكە بۆی دەچێت، هەر توێژینەوەیەك دەشێ زیاتر لە ڕێبازێكی توێژینەوەی تیدا بخرێتەكار، لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە دوو میتۆد بەستووە:

١- **میتۆدی مێژوویی** (Historical method).

٣- **میتۆدی ئاماری** (Statistical method).

**باسی چوارەم:**

## نموونەی هەڵبژێردراو

هەلبژاردنی نموونە بە قۆناغێكی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت و خستنەڕوو وەسفكردنی تایبەتمەندیەكانی نموونە بە یەكێك لە شتە زۆر پێویستەكان لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە مەیدانیەكاندا. كە دەرئەنجامی سەركەوتن و هەرەسهێنانی توێژینەوەكەی لەسەر بەندە. نموونەی توێژینەوەش بە ڕێژەیی گۆزارشت لە كۆی كۆمەڵە دەكات كە توێژەر دەیەوێ لێیان بكۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) وا پێناسە دەكرێ كە بەشێكە لەو كۆمەڵگایەی بە گوێرەی ڕێگاو پرەنسیپی زانستی دیاری دەكرێت و بە شێوەیەكی ڕاست و درووست نوێنەرایەتی سەرجەم گۆمەڵگای توێژینەوە دەكات نموونە واتە هەڵبژاردنی ڕێژەیەكی دیاریكراو لە شتێك یان دەرهێنانی ڕێژەیەكی دیاریكراوە لە تاكەكانی كۆمەڵگای لێكۆڵڕاو واتە نموونەیەك هەڵبژێرێ (ئەگەر كەمیش بێت) وێنەی سەرجەم كۆمەڵەكە

تێدا دەربکەوێ، دیراسەکردنی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویستی بە تواناو ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە کۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی ڕێکخراو هەڵبژێردراوە لە نێوان جۆرەکانی نموونە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگای باسەکە، (١٨) پێشمەرگەی شەهیدی دژ بە شەڕی داعش وەرگیراون و زانیاری زۆر و تێرۆ تەسەلیان لە سەر کۆکراوەتەوە و توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەل خانەوادە و کەسوکار و هاوسەنگەران و گواهیدەرانی ئەو شەهیدانە کردووە.

وەرگرتنی نموونەکە لە جۆری نموونەی قەبارە بچوکە (عینە صغیرە الحجم) کە پێکهاتووە لە (١٨) یەکە و (١١٣) بەجێماوی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش.

## باسی پێنجەم:
## سنووری توێژینەوە

زۆربەی کۆمەڵناسان و توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە پێویستە سنووری توێژینەوە دیاری بکرێت. دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیەش سێ سنوور لەخۆدەگرێت:

أ. سنووری مرۆیی: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژ بە داعشن.

ب. سنووری شوێنی: سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیە قەزای مێرگەسۆر بە هەر پێنج ناحیەوە لە خۆدەگرێت.

ج. سنووری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوەی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوە، لایەنی تیۆری و مەیدانی ئەو توێژینەوەیە لە ٢٠١٧/٢/١

دەستیپێکردووە و لە ٢٠١٧/٣/١ کۆتایی پێهاتووە، واتە تەنیا (یەك مانگ) بەڵام بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و شەونخونییەکی بەردەوام، لێرەشدا داوای لێبوردن لە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەکەم کە هەندێك جار زۆر هیلاکم کردن بەهۆی دووبارە و سێ بارەکردنی هەندێك پرسیار لە ڕێگەی تەلەفونەوە.

باسی شەشەم:

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گومانی تێدا نییە توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفت بووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئاستەنگی زانستی؛ ئەویش نەبوونی سەرچاوەی ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی و توێژینەوە و نووسین لەم بوارەدا.

٢. نەزانینی ژیان و خەبات و تێکۆشانی شەهیدان لە لایەن هاوسەری شەهیدانەوە یاخۆد خانەوادەکەیانەوە بۆیە زۆرجار پەنامان بۆ چەندین پێشمەرگەی هاورێ و هاوسەنگەری شەهیدان بردووە.

٣. دووری شوێنەکان لە یەکتری و کەمی ماوە.

باسی حەوتەم:

## کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

توێژەر پەنای بردووتە بەر ئەو کەرەستانەی کە لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا بەکاردێن، پشتی بە زێتر لە کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی

زانیاری بەستووە بۆ ئەوەی دواجار ڕێژەیەکی زۆری داتاو زانیاری لەلا گەڵاڵە ببێت.

توێژەر لەلایەنی پراکتیکی پشتی بەم کەرەستانە بەستووە:

**١.چاوپێکەوتن (Interview)**

**٢.چاودێریکردن(Observation)**

**٣.پرسیارنامە (فۆرمی زانیاری):**

**٤. وەرگرتنی زانیاری و پرسیارکردن لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە، ئەمەیان زیاتر پشتی پێ بەستراوە و لەوانی تر سەرکەوتوو تر بوو بۆ بەدەست هێنانی زانیاری، چونکە ڕووبەرو هاوسەر و منداڵ و کەسوکاری شەهید، نەیاندەتوانی وەڵام بدەنەوە بەهۆی ئەو بارە دروونیەی پێداتێپەریوون، لە پشت شاشەوە (نا ڕووبەڕوو) بەهۆی وەرگرتنی دەنگەوە ئەوان زۆر ئازادانەتر دەدوان و باسی خۆڕاگری و خۆشەویستی و قارەمانیەتی شەهیدەکانیان دەکرد.**

**٥. هەندێ کەرەستەی تریش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون وەك:**

- تۆمارکردنی دەنگ.
- وێنەی فۆتۆگرافی.

**٦.کەرەستەی ئاماری:**

لەم توێژینەوەدا بەکارهێنانی خشتە بۆ خستنەرووی زانیارییەکان بەکارهاتووە، لە بواری مەیدانیدا، بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (٪) ئەو بەهایەیە کە قەبارەی ڕێژەیی بۆ کۆمەڵە بەهایەك لەمیانەی دابەشکردنی

بــەها (بــەش) کــە لــە ســەر کــۆی بــەها (گشــت) و لــە یەکــدانی ئــەنجامی دابەشەکە لە قەبارەی نەگۆڕ (١٠٠) دیاردەکات.

بەش
ڕێژەی سەدی (٪) = ـــــــ X ١٠٠
گشت

# خستەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی زانیاری کەسوکاری بەجێماوانی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش

## خشتەی ژمارە (١)

## کۆمەڵەی تەمەنی کەسوکاری شەهیدانی یەکەی نموونەی توێژینەوە

| کۆمەڵەی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٣٠ - ١٩٣٩ (٧٧-٨٦) | ١ | ٪ ٠,٧٥ |
| ١٩٥٠ - ١٩٥٩ (٥٧-٦٦) | ٥ | ٪ ٣,٧٥ |
| ١٩٦٠ - ١٩٦٩ (٤٧-٥٦) | ٩ | ٪ ٦,٧٦ |
| ١٩٧٠ - ١٩٧٩ (٣٧-٤٦) | ١٣ | ٪ ٩,٧٧ |
| ١٩٨٠ - ١٩٨٩ (٢٧-٣٦) | ٢٥ | ٪ ١٨,٧٩ |
| ١٩٩٠ - ١٩٩٩ (١٧-٢٦) | ٣٤ | ٪ ٢٥,٥٦ |
| ٢٠٠٠ - ٢٠٠٩ (٧-١٦) | ٣٧ | ٪ ٢٧,٨١ |
| ٢٠١٠ - ٢٠١٦ (کەمتر لەساڵێك -٦) | ٩ | ٪ ٦,٧٦ |
| کۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ |

ئەم ڕێژەیە نزیك کراوەتەوە لە ڕێژەی سەدی بۆ خشتەکانی تریش بەهەمان شێوە

خشتەی ژمارە (١) تایبەتە بە تەمەنی کەسوکاری بەجێماوی شەهیدانی شەڕی داعش بۆ نموونەی توێژینەوە لە هەشت کۆمەڵەی تەمەن پێکهاتووە و بەجێماوان تەمەنیان کەمتر لە ساڵێك تا ٨٦ ساڵیە، بەرزترین ڕێژەی تەمەن دەکاتە ڕێژەی (٢٧,٨١ ٪) تەمەنیان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩) ئەمانەش لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان و بەپێی پۆلینی تەمەن بە منداڵ و میرمنداڵ هەژماردەکرێن هەرهەموویان تەمەنیان کەمتر لە ١٦ شازدە ساڵیە، بەم داتایانە دەردەکەوێت کە

زۆرترین بە جیماوانی شەهیدانی شەڕی داعش، منداڵن تەمەنیان لە (٧ - ١٦) ساڵیە، هەرچی ئەوانەن کە زۆر لەو تەمەنەش بچوکترن تەمەنیان کەمتر لە ساڵێك بۆ ٦ شەش ساڵانە، لە دایکبووی ساڵانی (٢٠١٠ بۆ ٢٠١٦)ن، ڕێژەی تەمەنیان دەکاتە (٦,٧٦ ٪)، بە هەردوو کۆمەڵەکە ڕێژەکە دەکاتە (٣٤,٥٧ ٪)، منداڵن و لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵیدان.

بێگومان ئەمەش هوکار و کاریگەری زۆری دەبێت لە سەر چونیەتی پەروەردەکردن و بۆنیادنانی خێزان، چونکە ئەم ئەرکە قوڕسە دەکەوێتەوە سەر شانی دایکیان، دایکیان واتە خێزانی شەهید دوو ڕۆڵ دەبینی هەم ڕۆڵی خورسکانەی خۆی کە دایکایەتی یە و بەناچاریش پێویستە ڕۆڵی باوك بۆ منداڵەکانی بگێرێت.

ئەمە جگە لەو بارە دەروونیەی کە منداڵەکان دووچاری دەبن لە سۆز و میهرەبانی و باوەش و ئاموژگاری باوك، لە چاوپێکەوتنەکانیش ئەمە بەزەقی لە روخساری منداڵەکاندا بەدیدەکرا، ئەم وشانە زوو زوو دووبارە دەکەنەوە وەکو؛ (کوا باوکم؟  کەی دەگەڕێتەوە باوکم؟!، بێرت دەکەم باوکە و ... ئەمانەی و دەیان پرسیاری تری لەم جۆرە ڕۆژانە ئاراستەی دایك و خوشك و برایەکانیان دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا تێبینی ئەوەم دەکرد هندێك لەو میرمنداڵە زۆر شانازی بەشەهیدبوونی باوکیان دەکەن و دڵخوش بوون کە دەوروبەر ڕیز لە خەبات و بەرخودان و قارەمانیەتی باوکیان دەگرن و بە(کورە شەهید یاخود کچە شەهید) ناویان دەبەن.

بێگومان ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر ژیانی منداڵەکان کەمێك لەو هۆکارە دەروونەیانەی دووچاری هاتوون کەم دەبێتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢)

## ڕەگەزی کەسوکاری شەهیدانی یەکەی نموونەی توێژینەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٥٢ | ٪ ٣٩,١٠ |
| مێ | ٨١ | ٪ ٦٠,٩٠ |
| کۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ |

داتاو زانیاریەکانی ناو ئەم خشتەیە، هەمان ژمارەی توێژینەوەکانی پێشووترن کە من ئەنجامم داون، بێگومان ئەوەش چاوەڕوانکراوبوو، بە پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری ئەو توێژینەوانەی لە کوردستان ئەنجامدەدرێن، کە هەمیشە بەشداربوونی ڕەگەزی مێ کەمترە لە ڕەگەزی نێر، بەڵام بۆ من پێچەوانەیە تا ئیستا ئەو تویژانەی ئەنجامم دوان هەمیشە ڕەگەزی مێینە زۆرترە چونکە توێژینەوەکانمان زیاتر لە سەر کەسوکاری جینۆسایدکراوان و شەهیدانە، زۆرتر پیاون دەبنە قوربانی ململانێ جەنگ و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی.

ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ خەبات و قوربانیدانی بەردەوامی کورد و کوردستانیان بەتایبەتی بارزان و بارزانیەکان چونکە من توێژینەکانم لە سەرەتادا لە نێو کەسوکاری قوربانیانی دەڤەری بارزان ئەنجام دەدەم، من هەمیشە وتوومە بارزان مەملەکەتی ئافرەت و منداڵانە، زۆر کەم کەسانی بەتەمەن لە بارزان بەرچاو دەکەون چونکە زۆربەری هەرە زۆریان

شەهیدکراوان یان جینۆسایدکراوان یان لە ئاوارەیی وڵاتانی دراوسێ گیان لە دەستداوە.

زانیاریەکانی ناو ئەم خشتەی ژمارە (٢)، بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (٦٠,٩٠ ٪) لە ڕەگەزی مێن و ڕێژەی (٣٩,١٠ ٪) لە رەگەزی نێرن.

## خشتەی ژمارە (٣)

## ئاستی خوێندنی کەسوکاری شەهیدانی یەکەی نموونەی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٥ | ٪ ١٨,٧٩ |
| سەرەتایی | ٣٦ | ٪ ٢٧,٠٦ |
| ناوەندی | ٣١ | ٪ ٢٣,٣٠ |
| ئامادەیی | ١٠ | ٪ ٧,٥١ |
| سەروتر | ٢٢ | ٪ ١٦,٥٤ |
| ئەوانەی تەمەنیان بۆ خوێندن ناشێت | ٩ | ٪ ٦,٧٦ |
| کۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ |

مەبەست لە ئاستی خوێندن دابەشکردنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەیە بەسەر قۆناغەکانی خوێندن دا، ئێمەش لەم توێژینەوەدا جگە لە ١٨ شەهید، بەجیاوەکانیان کە ١٣٣ کەسن بەخێزان و

منداڵەکانیانەوە، بۆ سێ نموونەش مەبەست سێ شەهید کە خێزانیان نەهێنابوو ( دایك و باوك و خوشك و برایەکانیان) وەرگیراون.

لە داتاکانی خشتەی سەرەوەش دەردەکەوێت، کە ئەوانەی تەنیا لە قۆناغی سەرەتایی خوێندویانە و دەخوێنن زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنن کە دەکاتە (٢٧,٠٦ ٪)، ڕێژەی دواتریش کە لە قۆناغی ناوەندی دەخوێنن یاخود تا قۆناغی ناوەندی خوێندوویانە ڕێژەی (٢٣,٣٠ ٪) یەکەکانی نموونەی توێژینەوە پێکدەهێنن، نەخوێندەوارەکانیش ڕێژەی (١٨,٧٩٪) پێکدەهێنن، ئەوانەی لە زانکو و پەیمانگایەکان دەخوێنن، یاخود بروانامەی دبلوم و بەکالۆریۆسیان بەدەستهێناوە ڕێژەی (١٦,٥٤ ٪) کەسوکاری بەجێماوانی شەهیدانی شەڕی داعش پێکدەهێنن.

بۆ شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش ئەوانەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراون، لە کۆی (١٨) شەهید زۆرترینیان تەنیا قۆتاغی سەرەتاییان تەواو کردووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

یەکەم: بەهۆی ڕاگواستن و ئاوارەبوونی بەردەوامی بارزانیەکان، ئەو شەهیدانەی کە بە نموونە وەرگیراون زۆربەی هەرەزۆریان بەر شالاوی ڕاگواستن و وەدرنان کەوتوون، گواستنەوەیان لە سروشت و ژینکەیەوە بۆ سروشت و ژینگەیەکی تر جا نەخاسمە جیاوازی هەبی لە زمان و کلتۆر و داب و نەریت و فەرهەنگ و روشنبیری.

٢- بەهۆی ئەوەی لەم دەڤەرە هەر زوو وانەی ئەلف و بێ کوردایەتی و نیشتمانپەروەی لە خانەوادەکان بوونیان هەیە. بۆیە بەلایانەوە پێشمەرگایەتی پیرۆزترینیانە.

٣- ئەم كارە وەك میرات بۆ بارزانیەكان بەتایبەتی و كورد بەگشتی ماوەتەوە، هەر كە تەمەنیان گەیشتە تەمەنی میرمندالّی حەز و خولیا و ئارەزویان چەك هەلگرتن و پێشمەرگایەتیە بۆ پاراستنی خاك و سەروەری و پیرۆزیەكانی نیشتمان. ئەمانە و دەیان هۆكاری تر.

## خشتەی ژمارە (٤)

## باری خێزانداری كەسوكاری شەهیدانی یەكەی نموونەی توێژینەوە

| باری خێزانداری | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| خێزاندار | ٤٣ | ٪ ٣٢,٣٣ |
| سەلْت | ٧٢ | ٪ ٥٤,١٣ |
| بێوەژن | ١٨ | ٪ ١٣,٥٣ |
| كۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ |

وشەی خێزانە شەهید و خێزانی جینۆسایدكراو، تاك شەهید، بێ پیاو و بێوەژن، وشەیەكە لەنێو فەرهەنكی نیشتمانی مندا زۆر باوە و زۆرن ئەوانەی ئەم وشانەیان خراوتە پالّ و تاكی بەرامبەریان بۆ هینادی ئازادی و ئارامی و پاراستنی خاك و نیشتمان و پیرۆزیەكان گیانیان فیداكردووە، لەم توێژینەوەماندا ڕێژەی (١٣,٥٣ ٪) بێوەژنن.

زورترین ڕێژەش ئەوانەن كە سەلتن و تا ئێستا ژیانی خێزانییان پێكنەهێناوە بەرێژەی (٣٩,١٠ ٪)، بێگومان بەهۆی خشتەكانی پێشووتر

ئەمە چاوەروان کراو بوو چونکە زۆرترین رێژە مندالْ و مێرمندالْ بوون و تەمەنیان بۆ هاوسەرگیری گونجاو نیە، بەلاَم لە داهاتوو ئەمەش دەبێتە ئەرکێکی گران لە سەر شانی خێزانی شەهید (بێوەژنەکان)، چونکە پێویستە دایك مەبەستم خێزانی شەهیدە، پارە پاشکەوت بکات و مندالّەکان بەخێو بکات و پەروەردەیان بکات، دواتر ژنیان بۆ بهێنی ئەمەش کاری ئافرەت قۆرستر دەکات کە هەمیشە من ئەو بێوەژنانە بە (شێرەژن) ناودەبەم.

بەلاَم ئەوەی تێبینیکرا لە ئەنجامی ئەم فۆرمە ڕاپرسیەماندا و هەروەها لە چاودیریکردن و چاوپێکەوتنەکانیشدا بەدیار کەوت، هندێك لە کورەکانی شەهید بوونەتە پێشمەرگە دوای شەهیدبوونی باوکیان، لە کۆی ١٨ شەهیدی پێشمەرگەی قارەمان کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون، ٨ مندالْ دوای شەهیدبوونی باوکیان بوونەتە پێشمەرگە و هندێکیشیان لە هەمان شوێنی باوکیان دامەزراون بەلاَم نەك بەهەمان پلە و پایە، بەلْکو وەك پێشمەرگەیەك، هندێك لەم کەسانەش کە بوونەتە پێشمەرگە تەنانەت وازیان لە خوێندن هێناوە، کە لێمان دەپرسین بۆچی وازت لە خوێندن هێناو بۆی بە پێشمەرگە؟، لە وەلاَمدا دەیانگوت:(ئێمەش هەمان ڕێ و ڕێبازی باوکمان گرتەبەر، تا دوا هەناسە ئەم چەکەمان لە شان دەبێت، بۆ ئێمە پێشمەرگایەتی مەزنترین سەروەرییە و تەواوکەری ڕێباو خەبات و تیکوشانی باوکمان دەبین).

## خشتەی ژمارە (٥)

## جۆری پێشەی کەسوکاری شەهیدانی یەکەی نموونەی توێژینەوە

| جۆری پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بێ کار | ٢١ | ٪ ١٥,٧٨ |
| کابان و کاری ماڵەوە | ٣٠ | ٪ ٢٢,٥٥ |
| پێشمەرگە | ٣٣ | ٪ ٢٤,٨١ |
| قوتابی | ٣٧ | ٪ ٢٧,٨١ |
| خانەنشین | ٤ | ٪ ٣,٠٠ |
| ماموستا | ٣ | ٪ ٢,٢٥ |
| فەرمانبەر | ٥ | ٪ ٣,٧٥ |
| کۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ |

ئەم خشتەیە تایبەتە بە پێشەی کەسوکاری بەجیماوی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش، زۆرترین ڕێژە بە ڕێژەی (٢٧,٨١ ٪) قوتابین و لە خوێندن بەردەوامن، ئەمەش ڕێژەیەکی دڵخۆشکەرە چونکە وڵاتمان لە ئایندەدا پێویستی بەم جیلە نوێیە کە بەچەکی زانین و خوێندن پارێزگاری لە خاک و مێژوو سەروەریەکان و دام و دەزگایەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەم ڕێگایەدا خزمەت بە وڵات دەگەینن، دووەم ڕێژەش پێشمەرگەن بە ڕێژەی (٢٤,٨١ ٪) بیگومان ئەم دوو ڕێژەیە یەکەم و دووەم لە ئێستا و لە ئایندەدا مەرج و پێویستن بۆ بۆنیادنانی کیانیکی

سەربەخۆ، ئەوان بەچەك و ئەوانی تریش بە پێنووسەکانیان خزمەت دەکەن.

لەم توێژینەوەشدا جگە لە پێشمەرگە، ئەوانەی لە ئاسایش و دەزگایەکانی تری ئەمنی خزمەت دەکەن بە پێشمەرگە تۆمار کراوان کە تەنیا (٢) حالەتی لەم جۆرە هەبوون.

# تەوەری سێیەم

# پێشانگای جیگیر و هەمیشە

# پێشانگای جێگیر و هەمیشەیی

ئەم پرۆژەیە دوو کاری سەرەکی لە خۆ دەگرێت:

یەکەم:

ئەم بەرهەمەی بەردەست توێژینەوەیەکی مەیدانی بوو لە نێو کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش، من ١٨ هەژدە پێشمەرگەی شەهیدم بەنموونە وەرگرتوون و توێژینەوەم لە سەر ئەنجام داون و ژیان و خەبات و یادەورییەکانیان لە دووتوی ئەم کتێبەدا تۆمارکراون.

دووەم:

سەرەرای ئەمانە، ئەو کەل و پەلانەی پێشمەرگە قارەمانەکان لەکاتی قوربانیدانیاندا لە لایان بووە، وەکو جل و بەرگ و کاتژمێر و موبایل و تەسبیح و جامانە و هەمووو ئەو شتانەی گوزارشت لە خەبات و قوربانیدانی ئەم پێشمەرگانە دەکەن، لە خانەوادەی شەهیدان وەرگیراون و لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان وەك پێشانگایەکی جێگیر و هەمیشەیی نمایش کراون.

لێرەدا بەگرنگی دەزانین چەند یادگاریەکی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان بە نموونە وەرگرین لەگەل کەل و پەلی شەهیدانیان.

### نموونەی یەکەم:

## خۆشەویستی نێوان پێشمەرگەیەکی شەهید و هاوسەرەکەی

داوامانکرد کە هەندێك کەل و پەلی شەهیدمان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لە شوێنیکی تایبەت لە جامخانەیکدا وەك پێشانگایەکی هەمیشە نمایشیان بکەین، چەندی کەل و پەلی شەهیدانمان بۆ هات، منیش بۆ ئەوەی ئەرشیفیان بکەم و وێنەی دیجیتاڵی تایبەتیان بگرم و کودێکی تایبەت بۆ کەل و پەلەکان دانێم و ناوی شەهید و زانیاری وارسی شەهیدان لە سەر تۆمار بکەم، شتەکانمان یەك بە یەك ئەرشیف دەکرد، ئەوەی بینم زەرفێکی لایلونی بچوك بوو، چەند پارچەیەکی شکاوی موبایلی شەهید لەناو زەرفەکەدا بوو، دیاربوو زەرفەکە لە پەیمانگای پزیشکی دادەوری کەل و پەلی شەهیدی خرابوونە ناوی، هەر بەم شێوەیەش درابویەوە بە (شلێر)ی خێزانی شەهید و ئیتر خێزانی شەهیدیش دڵی نەهاتبوو و نەیتوانیبوو سەیری ناو زەرفەکە بکات، هەرچەند زەرفە لایلونیەکە شەفاف بوو ئەگەر بەدیقەت سەیریان بکردایە، هەمو شتەکانی تێدا دیار دەبوو، بەڵام ئیتر وایە هەمیشە مرۆڤ ئەترسێ دەست بداتە کەل و پەلی خۆشەویستانی کە لە ژیاندا نەماون.


کە زەرفە لایلونیە شەفافەکەم کردەوە بۆ ئەوەی وێنەیان بگرم و کۆد و یاداشتیان بکەم، بینیم لەناو کەل و پەلی موبایلە شکاوەکە وێنەی ئافرەتێکی تیدایە، کە سەیری ناسنامەی خیزانی شەهیدم کرد زانیم کە وێنەکە هی (شلێر)ی خێزانی شەهیدە، پەیوەندیمان بە (شلێر)ی خێزانی

شەهیدەوە کرد، (شلێر) بە سەر سورمانەوە وتی: (هەرگیز نەمتوانی دەست بدەمە ئەم زەرفە و سەیری کەل و پەلی موبایلە شکاوەکەی هاوسەرەکەم بکەم). وتم: (ئەی نەت زانیووە کە وێنەی تۆی تێدایە.!!) شوك دایگرت!!.

وتی:(وێنەی من). وتم:(بەڵێ)، وتی:(ڕێبوار، هاوسەرەکەم صبری هەرگیز ئەوەی بۆ باس نەکردووەمە کە وێنەی منی لەلا بێت و لە گیرفانیدابێت و هەستم بەوەش نەکردبوو).

بەڵێ شەهیدی پیشمەرگە (شەهید صبری عبداللە احمد حادی) لە چەپەرەکانی جەنگ وێنەی هاوسەرەکەی لە گیرفاندا بووە، دڵنیام وێنەی هاوسەرەکەی سەرچاوەی هێز و ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەو بووە.

تیرۆرستان مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ئاین و ژیان و خۆشەویستیو هاوسەر و هەموو شتێکیان لە ناوبرد.




**ئەو کەلوپەلانەی شەهید صبری، کە لە گیرفانیدابوون لەگەل وێنەی هاوژینەکەی.**

## نموونەی دووەم:

## زەنگی مۆبایلەکە

"ڕێبوار"، ئەو ڕۆژە زۆر شەلەژاو وئالۆز بووم، نەمدەزانی بۆ دڵم وا تەنگە موبایلەکەم بە دەست گرت و زەنگم بۆ" فەرهاد" لێدا.

زەنگی یەکەمم لێدا بێ وەڵام بوو، زەنگی دووەم وسێیەم و ... ئەگەر هەڵە نەبم زیاد لە ١٠ جار تاو نا تاوێك زەنگم لێدەدا هەر وەڵامی نەبوو، زەنگی تەلەفونەکەش بۆی دەرویشت.

دوای ماوەیەك زەنگی تەلەفونێکم بۆهات، ژمارەیەکی نەناسراو بوو بە پەلە تەلەفونەکەم هەڵگرت و دەنگیکی شلەژاو وتی:(کاك ئەحمەد توی باوکی فەرهاد، فەرهاد شەهید بوو!!!).

...————

ئەم موبایلە هەمان ئەو موبایلە و سیمکارتەیە کە لە لای "فەرهاد"بوو، لە گیرفانیدابوو، دواجار گوێبیستی دەنگی فەرهاد نەبووم !!!

...————

" ڕێبوار "، با ئەم موبایلە لەلاتان بیت و لەم پێشانگایەدا دایبنێن

...————

"ئەحمەد حمد جوجك"ی باوکی شەهید"فەرهاد"، زۆر لە سەر خۆ ئەمەی بۆ گێڕامەوە.




**من و باوکی شەهید، هەمان ئەو موبایلەی کە لە گیرفانی شەهید(فرهاد) دابوو، ئەو موبایلەی باوکی شەهید چەندین تەلەفونی بۆ کرد، زەنگەکە دەچوو بەڵام وەڵامی نەبوو**

**ئەم وێنانەی خوارەوە بەشێکن لەو پێشانگایە هەمیشە و جێگرە**



**کەل و پەلی شەهیدان، لەکاتی شەهیدبوونیان ئەم کەل و پەلانەیان لە لا بووە**



**ئەو شتانەی تەنیا خۆیان گەڕانەوە، نەك خاوەنەكانیان**




**دوا یادگاری شەهیدان**



نووسەر

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.

•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.

•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.

•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزگاربوانی پرۆسەی کۆمەڵکوژی نێرینە بارزانیەکانی ساڵی ١٩٨٣ لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس - قۆشتەپە لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستانە، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات و سەرپەرشتی گۆرستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، دەکات.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## چەند زانیاریەکی تر تایبەت بە توێژەر:

- بواری داهێنان و پسپۆری: توێژەری کۆمەڵایەتی، نووسەر، شارەزا و چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی.
- ئەو بوارانەی پێشتر ڕێزلێنان و خەلاتی بە دەستهێناوە:
- لە بواری توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و بارزانیەکان.
- وەك توێژەری کۆمەڵایەتی، چەند سوپاسنامە و بڕوانامەیەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بە دەستهێناوە.
- بەشداری چەندین خولی تایبەت بە بواری توێژینەوە (وەك توێژەری کۆمەڵایەتی) کردووە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.
- لە لایەن ڕێکخراوی (WHO) ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی لە ئۆردن و عێراق بە ڕەسمی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەوانەکراوە و بەشداری چەند خولێکی تایبەت بە پسپۆری خۆی کردووە.
- لە لایەن بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم ( نێچیرڤان بارزانی)، سوپاسنامەی وەرگرتووە سەبارەت بە توێژینەوەیەکی کە لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە.
- لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی شەشەم، بەرێز (دکتۆر بەرهەم سالح)بوو پێشوازی لێکراوە سەبارەت بە توێژینەوەیەکی کە لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکرابووەوە، بە ناوی (جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا...) پێشنیارکردن و کارکردن بۆ وەرگێرانی بۆ چەند زمانێکی جیهانی.
لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کابینەی پێنجەم (چنار سعد عبدالله)، وەك چالاکوانێك و توێژەرێك لە بواری جینۆساید سوپاسنامەی وەرگرتووە.
- لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کابینەی شەشەم، (د. مجید حمدامین جمیل )، سوپاسنامەی وەرگرتووە، سەبارەت بە توێژینەوە ئەکادیمیەکانی لە چوارچێوەی کتێب کە بڵاوکراونەتەوە.
- لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی (م. ئارام) سوپاسنامەی وەرگرتووە.
- لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ( محمود حاجی صالح) سوپاسنامەی وەرگرتووە.

- چەند سوپاسنامەی تری وەرگرتووە هەر سەبارەت بە توێژینەوەکانی بە تایبەت لە بوار جینۆساید و کۆمەڵکوژی لە لایەن چەندین دام و دەزگا و سەنتەر و ڕێکخراو.
- خاوەنی زیاتر لە (٣٥٠) بەڵگەی جۆراوجۆری تایبەت بە کۆمەڵکوژی و لە ناوبردن و جینۆسایدە، کە چەندین ساڵ و بە چەندین شێواز کۆیکردوونەتەوە و توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدەدات.
- خاوەنی زیاتر لە (٢٥٠٠) وێنەی جۆراوجۆرە کە تایبەتن بە تاوانە جۆراوجۆرەکانی جینۆسایدی گەلی کورد و ڕاگواستن و ئاوارەیی. توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدەدات.
- زیاتر لە (٩٠٠) چاوپێکەوتنی جۆراوجۆری ئەنجامداوە لە گەڵ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە شێوەی دەنگی و نووسین و ڤیدیۆیی.
- بەشداری چەندین کۆڕ و فیستیڤاڵ و سیمینار بووە و پێشکەشی کردوون لە بواری جینۆساید
- چەندین پێشانگای دیکۆمێنتاری و وێنەیی تایبەت بە بواری کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کردووەتەوە.
- چەندین پرۆژە و بیرۆکەی تری تایبەت بە جینۆسایدی گەلی کورد هەیە.
- چەند کتێبێکی لە مەنهەجی خوێندندا بەکارهاتوون.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروو بەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆڕەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون

و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد روونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم کارەساتە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو کارەسات و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی

تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان دارێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...

## کتێبی چوارەم

٤ - لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری -هەولێر/ ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیراللە عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتۆی ئەم کتێبەدا...

## کتێبی پێنجەم

٥ -جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانییەکان لە ئۆردووگا زۆرملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی دەقی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.

## کتێبی شەشەم

٦ - شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە

ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاولاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی و ولاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و ولات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتۆی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی – عەرەبی - ئینگلیزی

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.

## کتێبی دەیەم

١٠ -کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوامە و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخۆ چەندین ئافرەتی تر ڕزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە دڕندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە ڕزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.

## کتێبی یازدەم


١١ -جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەممان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارِۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، ئەمەی بەردەستیش هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە تیۆری و مەیدانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.


**کتێبی دووازدەم**


١٢ - (کتێبی بەر دەست).


**ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە**


ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵا
٢٠٠٩
خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک کورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە.
تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکوی سەلاحەددین- کۆلیژی ئەدەبیات- بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (quds-quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê rêveberayetîya karubarê şehîdan û enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
2010 Çapa Yêkê
باروقی لە ناوبردنی بارزانیەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار رەمەزان عەبدوڵلا
چاپی یەکەم
2010


جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka dîrukî û sosyolujî û Berawirdkarî û dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتاریە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
2012



لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار ئەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
هەولێر - ٢٠١١



شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەک هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، ئەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخود قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەلکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەلەکاندا بە تێکەلاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو!!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێک و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بلێن ئێمە خەلکی ئەم ولاتە نین.
دایک هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە. هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێک بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەلێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووتەوە یاخۆد نەمانزانیووە
یاخۆد نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم
Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (Quds-Quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê rêveberayetîya karubarên şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی لە ساڵی 1982 لەنۆردووگای زۆرەملێ قودس
لە قوشتەپە لە دایکبووە، لەساڵی 1983 باوکی لەگەڵ هەشت هەزار ئێریتەی
بارزانی جینۆسایدکراوە، لە گوندی بازێ بناری چیای شیرین لە دەڤەری بارزان
دەژیت، توێژەری کۆمەڵایەتی و نوسەر و چالاکوان لەبواری جینۆسایدی کوردو
کوردستان، ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزانە
بەرهەمە چاپکراوەکانی لەم بوارەدا بریتین لە :
1- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان
بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا
2- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان
3- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا
4- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
5- جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەیەکدا
6- شەهیدە بێ ناسنامەکان - بەرگی یەکەم
7- شەهیدە بێ ناسنامەکان - بەرگی دووەم
8- پانۆرامای جینۆسایدی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا
9- بەخێرێنی هەڵۆی بەرزە فڕی بارزانەکەم
10- جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
11- تراژیدیای چیای شنگال ( جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی)
12- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان ( جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی)
13- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان ( جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی)
REBWAR RAMADAN BARZANI
3
III
2015
چاپی یەکەم
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانیەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016